سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئاسیا
بۆ بەرگریکردن لە سنورەکان مەشق دەکەن

سوپای سعودیە ئاسایشی
ناوچەیی بەهێز دەکات

کۆلێژی جەنگیی ئەردەن لەگەڵ سوپا
ناوچەییەکان هاوبەشی دروست دەکات

# UNIPATH

## هەماهەنگیی سەربازیی ناوچەیی





جوتیارێکی عێراقی لە بەسرە، لە مانگی تەموزی 2023، چاودێریی خورما پێگەیشتووەکانی دەکات. ڕۆیتەرز



وادی ئەلشەعب، عومان

دەستەی یونیپاس



# پێڕست


**6** هاوبەشەکان لە میانی مەشقکردندا
مەشقی سەربازیی 'ئەستێرەی گەش' لەگەڵ 7,600 بەشداربووی فرەنەتەوەییدا کە لە ئۆپەراسیۆنە زەمینی، دەریایی و ئاسمانییەکان بەشداریدەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ میسر

**14** ئۆپەراسیۆنی شکاندنی بەربەستەکان
**دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق**
دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق سەرکردایەتی جەنگی دژ بە دابەشبوونی تیرەگەری دەکات

**18** کارکردن بەیەکەوە لە کەنداوی عەرەبی
**د. نایف ئەلحەجرەف**، سکرتێری گشتیی پێشوو، ئەنجومەنی هاوکاریی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو
ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هێزی ئاسایش و سەقامگیریە لە جیهاندا

**20** بۆ یەکەمجار لە مێژوودا: لقێکی سەربازیی ئیماڕات ڕاهێنانی سەربازی لە ئەمریکادا ئەنجام دەدات

**24** نەخۆشخانەکانی سعودیە پاڵپشتیی پزیشکی بۆ یەمەنییەکان دابین دەکەن

**26** هاوبەشیی هێزی دەریایی ئەردەن و ئەمریکا
**هێزە چەکدارەکانی ئەردەن**
ئاسایش لە دەریای سوردا سود لە ڕاهێنانی فرەنەتەوەیی سەرکەوتوو دەبینێت

**30** ئەرکێکی فرەنەتەوەیی لەپێناو ئاشتی
سەربازانی کازاخستان، قرغستان، مەنگۆلیا، پاکستان، تاجاکستان و ئۆزبەکستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەر سنوور پێکەوە ڕاهێنان دەکەن

**34** بەرپاکردنی ئاشتی لە ڕێگەی چەسپاندنی باشتری یاسا
بەرنامەی چەسپاندنی یاسا لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوان سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت

**38** دەستەبەرکردنی دابینکاریی وزە
**شێخ سالم عەبوڵڵا ئەلجابر ئەلسەباح** وەزیری کاروباری دەرەوە، کوەیت
پێویستە وڵاتان لە نێوان دابینکردنی وزەی زۆر و پاراستنی هەسارەکە هاوسەنگی ڕابگرن

**40** ڕاهێنەر مەترسییە هاوچەرخەکان دەکاتە ئامانج
عەمید عەزام ئەلڕەواحنە، فەرماندەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن، جەخت لەسەر بەیەکەیشتنی جیهانی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی باش ئامادەکراو دەکاتەوە

**46** ژنان بەشدارییەکی بەهێزدەکەن لە هێزە چەکدارەکانی سعودیە
**بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە ستراتیژییەکان، وەزارەتی بەرگریی سعودیە**


**48** ڕێگریکردن لە تیرۆریستان
مەشقی سەربازیی جەلموود 3 هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری بەحرەین و ئیماڕات نمایش دەکات

**52** سعودیە ڕاهێنانەوە بە سەربازانی منداڵی یەمەن دەکات
**بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە ستراتیژییەکان، وەزارەتی بەرگریی سعودیە**

**54** بەرەنگاربوونەوەی ناسەقامگیری لە یەمەن
**موعەمەر ئەلعریانی**، وەزارەتی زانیاری، کلتوور و گەشتیاریی کۆماری یەمەن
ڕەفتارە خراپەکانی ئێران نیشاندەری بەربەستن لە بەردەم ئاشتی لە ناوچەکە

**56** پرۆفایلی سەرکردەی باڵا
عەمید عەزام ئەلڕەواحنە، هێزە چەکدارەکانی لوبنان

**58** لە سەرانسەری ناوچەکە


**لەسەر بەرگ**
هەماهەنگی و هاوبەشیی فرەنەتەوەیی بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە زۆر گرنگن.
شێوەسازی یونیپاس


UNIPATH

**هەماهەنگی و هاوبەشیی ناوچەیی**

بەرگی 12، چاپی 3


**فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا**

فەریقی یەکەم مایکڵ "ئێریك" کوڕیلا




**پەیوەندیمان پێوە بکە**

**Unipath**
c/o Commander
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

**CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL**



**یونیپاس** گۆڤارێکی پیشەیی سەربازییە کە بەشێوەی وەرزی لەلایەن فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە وەکو کۆڕبەندێك بۆ ئەفسەرانی سەربازیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەکرێتەوە. هەر تێڕوانینێك کە لەم گۆڤارەدا دەخرێتە ڕوو بەهیچ جۆرێك دەرخەری سیاسەت و بۆچوونی ئەم فەرماندەییە یان هەر دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا نییە. وتارە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن دەستەی یونیپاس ـەوە نووسراون، بە ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکەکانی تر ئەگەر پێویست بێت، وەزیری بەرگری ئەوەی ڕونکردەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە گرینگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی کاروباری گشتی وەک ئەوەی داواکراوە لە وەزارەتی بەرگری بەگوێرەی یاسا.

# پەیامی سەرۆک



بۆ ئەم بانگهێشتنامە میهرەبانە بۆ نووسینی سەروتاری ئەم وەشانەی گۆڤاری 'یونیپاس' لەبارەی هاوبەشی و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی، من دەمەوێت سوپاسی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بکەم. ئێمە لە عێراقدا، کاتێک کە هاوبەشەکانمان لە میانی هەرە مەترسیدارترین قۆناغی مێژووی هاوچەرخی عێراق شان بە شانی ئێمە وەستان، لە کاتێکدا کە گروپەکانی داعش زۆر بە خێرایی لە زۆربەی بەشەکانی باکور و ڕۆژئاوای عێراق دەرکەوتن، بەرهەمی ئەمەمان بەدیکرد. لە سایەی بوێری و خۆڕاگریی هێزە چەکدارەکانمان و وەڵامدانەوەی بەپەلەی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویی گروپە تیرۆرستییەکان، تێکشاندنی هێڵە دابینکارییەکانی دوژمن و ناوەندەکانی فەرماندەیی و بەڕێوەبردن، هێزەکانمان بە هاوکاریی ڕاهێنەران و شارەزایانی هێزەکانی هاوپەیمانان دەستیان بە ئەرکێکی مەزنی بنیاتنانەوەی هێزە چەکدارەکانی عێراق کرد. ئێمە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ مەشقپێکردن و پڕچەککردنی سەربازەکان بەرلەوەی بەرەو جەنگ ڕەوانە بکرێن، ڕێکخستەنەوەی یەکەکانی دوای شەڕ و ئامادەکردنیان بۆ ئەرکی داهاتوو، بەبێ وچان کارمانکرد.

چەمکەکانی جەنگی ئاسایی گەشەیان سەند و جیهان ڕوبەڕووی ئاڵنگارییەکی سەرەکیی جەنگی ئاوێتە دەبێتەوە، کە تێیدا دوژمن لە ناو شارەکان خۆی حەشاردەدات و تەکتیکە جەنگییەکانی کۆڵان بە کۆڵان دەگرێتەبەر. ئەم جۆرە جەنگە بۆ سوپا ئاساییەکان ئاستەنگدارە، چونکە پاراستنی دانیشتوانی مەدەنی و موڵکی گشتی، بەکارهێنانی چەکە قورسەکان سنوردار دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، گروپە تیرۆرستییەکان بۆ دروستکردنی تۆڕی ئاڵۆزی سنوربەزێن لەو ناوچانەدا کە بەهۆی ململانێکانەوە دەناڵێنن سەرهەڵدەدەن، پێویستە دەوڵەتان هەوڵەکانیان لەسەر کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری چڕبکەنەوە و بچنە ناو یەکێتییەکی سەقامگیرەوە تا بتوانن لە ڕێگەیەوە مەودای چاودێریکردن بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی تیرۆرستان و شوێنهەڵگرتنی گروپە توندڕەوەکان فراوانتر بکەن، پاڵپشتییە داراییەکانیان ببڕن و سەرکردەکانیان بکەنە ئامانج.

هێزی ئاسمانیی عێراق خاوەنی ئەزموونی کەڵەکەبووە لە لایەن فڕۆکەوان و ئەندازیار و تەکنیکارەکانییەوە، بەڵام بەهۆی سەرکێشییە هەڵەکانی ڕژێمی پێشووەوە زیان بەر ژێرخان و ئامێرەکانی کەوتووە. وەکو دەرەنجامێک، لە دوای پاشەکشەی موسڵ لە ساڵی 2014 بەهۆی کەمیی بەرچاوی فڕۆکەی جەنگی و نەبوونی ژێرخانی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە تیرۆرستان، ئێمە خۆمان لە بەرامبەر ئاڵنگارییەکی مەزندا بینییەوە. فڕۆکەوانە قارەمانەکانمان ناچار بوون لەو فڕۆکەخانانەی کە بە هیچ جۆرێک نزیک نەبوون لە شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان بە بەکارهێنانی فڕۆکەی کۆن بۆ لێدانی ئامانجەکان بفڕن، ئەمەش ئەرکەکەی سەختتر و ئاڵۆزتر کرد.

پێویستە دان بە ڕۆڵی شکۆداری هاوبەشەکانمان لە هێزەکانی هاوپەیماناندا بنێم، کە بۆ خێرا گەیاندنی یەکەم پۆلی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕێککەوتننامەی F-16، هەموو هەوڵێکی خۆیان خستەگەڕ. گەیشتنی ئەم فڕۆکە جەنگییە هاوچەرخانە لە ساڵی 2015ـدا خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێک بوو بۆ هێزی ئاسمانیی عێراق. توانا جەنگییە پێشکەوتووەکانی فڕۆکە جەنگییە F-16 ـەکان وەرەی کارمەندانی هێزی ئاسمانیی عێراقی بەرزکردەوە و ئەرکەکەی بۆ فڕۆکەوانان و کارمەندانی تەکنیکی ئاسانتر کرد. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، بە وردبینی و توانای پیشەیی ئاست بەرزەوە لەو ناوچانەی کە دوژمن باوەڕی نەدەکرد دەستمان پێیان بگات، فڕۆکەکانی ئێر هاوکس ئامانجەکانیان دەپێکا.

لە کۆتایی ئەرکی جەنگیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، هێزی ئاسمانی لە توانایدابوو ئەرکە پەیوەندیدارەکان بە چاودێریکردنی هێڵی سنورەکە، دابینکردنی پاڵپشتی ئاسمانیی نزیک و پێکانی ئامانجەکان لە ناوەندی بیاباندا بە ئەنجام بگەیەنێت. ئێمە لەگەڵ هاوڕێکانمان لە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بۆ مەشقپێکردنی فڕۆکەوان و ئەندازیاران لە ئەمریکا و لەگەڵ ئەندامانی تری ناتۆ بۆ برەودان بە مەنهەجی کۆلێژی هێزی ئاسمانیی عێراق بەردوام دەبین لە کارکردن.

ئێمە لە دووبارە بنتاتنانەوە و مەشقکردن نەوەستاوین؛ بەڵکو لە ڕاستیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هێزی ئاسمانی عێراقدا، مەشقێکی هاوبەشی ئاسمانیمان لەگەڵ هاوڕێکانمان لە هێزی ئاسمانیی فەڕەنسی ئەنجامدا. لە یەکەم هەنگاوی بێ هاوتادا، فڕۆکەی جەنگیی ڕافاڵی فەرەنسی لە بنکەی ئاسمانی بەلەد نیشتەوە و لە مانۆڕەکەدا بەشداریی کرد، لە ڕێوڕەسمەکەدا فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان، وەزیری بەرگری و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکان ئامادەی بوون. ئەم مەشقە گرنگە پەیامێکە بۆ تیرۆریستان و هەموو ئەوانەی کە گومانیان لە تواناکانی هێزەکانی عێراقە لەوەی کە ئێمە دەتوانین تیرۆریزم تێکبشکێنین و ئاسایش و سەقامگیری بنیاتبنێین. ئێمە لەگەڵ هاوبەشە نیودەوڵەتییەکانماندا بۆ بەشداربوون لەو مەشقە نێودەوڵەتییانەی لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدرێن، کاردەکەین.

لە ڕێگەی سەردانی بەردەوام بۆ بنکە ئاسمانییەکان لە وڵاتانی ناتۆ و کارکردن بە شێوەیەکی نزیک لەگەڵ سەرکردەکانی هێزی ئاسمانیی دۆستەکان، ئێمە لەوە تێگەیشتین کە عێراق لە ڕووی تەنکەلۆژیا، چاککردنەوە و هاوچەرخکردنی بنکەی ئاسمانییەوە بە ئاستی وڵاتانی تر گەیشتووە. لە سەردانێکی ئەم دواییانەدا بۆ فەرماندەیی ناوەندی هێزی ئاسمانی، ئێمە بە هەمان شێوە سەرنجمان لە بارەگا ئۆپەراسیۆنییەکان و فڕۆکەکانمان دا. هەروەها بۆ ناردنی پەیامێک بۆ نەیارانی ئاشتی، ئێمە فڕۆکەی پێشکەوتووی جەنگیی F-16 ـەمان بەکارهێنا.

بەهۆی سنورداریی ژمارەی کورسییە بەردەستەکان بۆ مەشقکردن لەسەر فڕۆکەی جەنگیی F-16 لە ئەمریکا، ئێمە لەگەڵ براکانمان لە شانشینی ئەردەن بۆ مەشقپێکردنی دەستەیەک فڕۆکەوان و ئەندازیار دەستمان بە کارکردن کرد. بە هەمان شێوە بۆ خێراکردنی تواناکانمان لە پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان، ئێمە تامەزرۆی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و مەشقکردنین لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە.

دروستکردنی هێزێکی ئاسمانیی یەکخراو بۆ ئامادەکاری بۆ جەنگ ئەنجام نەدرا، بەڵکو بۆ بەردەوامبوونی ئاشتی و ڕزگارکردنی ژیانی خەڵک ئەنجامدرا. هێزی ئاسمانیی عێراق لە گواستەوەی پشتیوانیی مرۆیی بۆ سوریا و تورکیا لە ماوەی بومەلەرزە تۆقێنەرەکەی مانگی شوباتی 2023 کە ناوچەکەی هەژاند، ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا. یەکەکەمان لە C-130 لە نێوان عێراق، سوریا و تورکیادا بۆ ماوەی زیاتر لە 24 ڕۆژ پردێکی ئاسمانی دروستکرد، زیاتر لە 330 تەن لە دەرمانی پزیشکی، خۆراک و کەرەستەکانی ناوماڵیان گواستەوە. یەکەکە، تیمەکانی گەران و ڕزگارکردی وەزارەتی ناوخۆیان گواستەوە و لە میانی 62 گەشتدا، کە بە کۆی گشتی مەوادی 65,100 کیلۆمەتریان بڕیووە، 400 هاوڵاتی عێراقییان لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری کشاندەوە. هەروەها فڕۆکەکانمان لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتە لە دوای بەرپابوونی جەنگیی ناوخۆ لە مانگی نیسانی 2023، 392 هاوڵاتی عێراقی و برایانی عەرەبی لە سودان کشاندەوە.

**فەریق شەهاب جاهد زەنگەنە،** فەرماندەی هێزی ئاسمانیی عێراق




فڕۆکە جەنگییە F-16 ـەکانی میسڕ لە میانی 'ئەستێرەی گەش'دا لەگەڵ هاوبەشەکانی هێزی ئاسمانی ئەمریکادا بە نمایشی بەکۆمەڵ دەفڕن.
سەرۆک عەریفی دەستە ئێمیڵی فاڕنۆرس/ هێزی ئاسمانی ئەمریکا

# هاوبەشەکان لە میانی
# مەشقکردندا

**مەشقی سەربازیی 'ئەستێرەی گەش' لەگەڵ 7,600 بەشداربووی فرەنەتەوەییدا کە لە ئۆپەراسیۆنە زەمینی، دەریایی و ئاسمانییەکان بەشداریدەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ میسڕ**

دەستەی یونیپاس

**فڕۆکەی** سووتەمەنی پڕکەرەوەی ئاسمانیی KC-10ـی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە زەوییەکی دووره دەستی کشتوکاڵی پێدەشتی نیلەوە بە ئاسمانی ساماڵی میسردا بەرز دەبێتەوە.

بە هاوتاکردنی خێراییەکەی لەگەڵ فڕۆکە سووتەمەنی پڕکەرەوەکە، فڕۆکەوانێکی فڕۆکەیەکی جەنگیی میسری فڕۆکە جەنگییە فالکۆنە F-16ـەکەی لە ژێر KC-10 ئاڕاستە دەکات.

بەگەڕخەری بۆڕی سووتەمەنی پڕکەرەوەی ئەمریکی بە تێبینیکردنی بەستەرەکە لە دواوەی KC-10، دەڵێت "لەو ئاستەدا بمێنەرەوە".

"وەرگیرا،" دەنگی هاتووی فڕۆکەوانە میسرییەکە لە ڕادیۆکەوە دێتە بەرگوێ.

قۆڵی سووتەمەنی پڕکەرەوەکە دادەبەزێتە سەر فڕۆکەی F-16ـی میسری هەتاوەکو دەگاتە تانکیی سووتەمەنی فڕۆکە جەنگییەکە، کە لە پشت کابینەی فڕۆکەوانەکەوەیە.

"پێوەی لکا!" بەگەڕخەری بۆڕیی سووتەمەنی پڕکەرەوە کاتێک نۆزڵی سووتەمەنی کە لە خولەکێکدا توانای بەتاڵکردنی 4,180 لیتر سووتەمەنی فڕۆکەی هەیە، کە دەچێتە ناو تانکیی F-16ـەکە بۆ تەواوکردنی مانۆڕە ئاسمانییەکە، ئەمە ڕادەگەیەنێت.

ئەم جۆرە لە کاری تیمیی پێشکەوتوو، ڕاهێنانێک کە بۆ زیادکرنی چالاکی پێکەوەیی لە نێوان وڵاتە هاوبەشەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوچەییەکان داڕێژراوە، تەوەری سەرەکیی مەشقی سەربازی 'ئەستێرەی گەشی 23' بوو لە میسڕ.

بە سەرکردایەتیی شاندێکی گەورەی وڵاتی میسڕی میواندار، 7,600 بەشداربووی 'ئەستێرەی گەش' دوو هەفتەیان لە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئەرکە هاوبەشەکان کە پێیان دەستپێردرێت بەسەربرد، ئەمەش جیاوازییەکانی گفتوگۆکردن، چەک و بنەما سەربازییەکانی کاڵ کردەوە.

'ئەستێرەی گەش' بریتییە لە گەورەترین مەشقی فرەنەتەوەیی جیهانی کە هێزە زەمینی، دەریایی و ئاسمانییەکان لەخۆدەگرێت. مەشقەکە، کە لە 31ـی مانگی ئاب هەتا 14ـی مانگی ئەیلولی 2023 بەردەوامبوو، 18ـمین جار بوو کە میسڕ لە 1980ـاوە میوانداری 'ئەستێرەی گەش' بکات.

"بەشداری خودی هێزەکان لە بە ئەنجامگەیاندنی مەشقی هاوبەش لە گۆڕەپانە جیاوازەکاندا شتێکی زۆر گرنگە. بە گیانێکی یەک تیمی بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لە سەرانسەری جیهاندا ئەم هەوڵانە دران،" محەمەد زەکی، وەزیری بەرگری و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی میسڕ ڕایگەیاند.

حەڤدە وڵات بەشداریان لە 'ئەستێرەی گەش'ـدا کرد و 10ـیەکەی تر چاودێریان دابینکرد. لە ناوخۆی ناوچەکەشەوە سەربازان لە ئەردەن، کوەیت، پاکستان، قەتەر و سعودیەوە بەشدارییان کرد. هەروەها میسڕ هاوبەشە دەرياييەكانى لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، یۆنان و قوبرس، بانگهێشت کرد، بە هەمان شێوەش وڵاتان لە سەحرای باشوری ئەفریقا، لەوانە کامیرۆن، مەلاوی و ئەفریقای باشور. ئامادەبووانی مەشقەکە لە کۆتاییدا بریتی بوون لە بەشداربووانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، هیندستان و ئیتاڵیا. تونس و ئیمارات چاودێریان دابینکرد.

مەشقی پێکەوەیی لە ئاسمانەکانی سەر میسردا لەگەڵ هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و میسر بە هەمان شێوە لە خوارەوە لەسەر زەوی کاتێک تیمەکانی تانکی فرەنەتەوەیی، یەکەکانی تۆپخانە و فڕۆکەوانانی هێلیکۆپتەرەکان بۆ نمایشی تەقەی ڕاستەوخۆ لە گۆڕەپانەکانی بیابانەکەدا کۆبوونەوە، ئەنجامدرا.

ئەمە لە کەناراوەکاندا ئەنجامدرا، کاتێک سەربازانی جووڵەپێکراو کە لەلایەن کەشتییەکی دەریایی فرەنەتەوەییەوە پشتیوانی دەکران هێزێکی هێرشبەریان نیشتەوە کە لەلایەن بەشداربووانی تری 'ئەستێرەی گەش'ـەوە لە قەراخ ئاوەکەدا بەرپەرچدرانەوە.



فڕۆکەیەکی جەنگیی فالکۆنی F-16ـی هێزی ئاسمانی میسڕی لە کاتی ئۆپەراسیۆنی پڕکردنەوەی سووتەمەنی ئاسمانیدا خۆی بۆ پەیوەندیکردن بە فڕۆکەیەکی جۆری KC-10 Extenderـی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ئامادە دەکات.

عەریف دەستە ئێمیلی فارنسوۆرس/هێزی ئاسمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا




**پەرستاران و پزیشکانی میسڕی لەسەر چۆڵکردنی بریندارەکان بە فڕۆکە مەشقیان پێدەکرێت.**

هاوڕێی باڵا جەیکۆب کابانێرۆ/ هێزی ئاسماني ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

وە لە گوندێکی ساختەدا لە بیابانەکەدا ئەنجامدرا، کە هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی فرەنەتەوەیی، کە زۆربەیان پەڕەشووتەوان بوون لە هێلیکۆپتەرە شینۆکەکان و فڕۆکەی گواستنەوەی C-130ـەوە خرابوونە خوارەوە، لە نمایشێکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا بەسەر هێزەکانی دوژمندا سەرکەوتن.

"وەک چۆن 'ئەستێرەی گەشی 23' بەهێزترین ئامرازە بۆ بنیاتنانی چالاکیی پێکەوەیی و یەکگرتوویی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بە هەمان شێوە مژدەبەخشی هەماهەنگییە سەربازییەکانە." عەمیدی پاکستانی عیمران شەهید، سەرۆکی شاندێکی پاکستانی کە ژمارەیان لە 100 سەربازی سوپا، هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی زیاتر بوو.

دەرفەتێک بۆ پیشاندانی شارەزایی و توانای پیشەیی دابیندەکات. وەکو ڕێگرییەک لەبەردەم نەیارانی هاوبەش کاردەکات."

جگە لە مانۆڕە سەربازییە باش ئەنجامدراوەکان لە مەیداندا، بە هەمان شێوە 'ئەستێرەی گەش' لە نێوان پلەبەندی کۆمپیوتەرەکان، لە ناو پۆلەکانی خوێندن و لە تەقەکردنی مەودابییدا سەرکەوتوبوو. ئەمانە بواریان بە هاوبەشە فرەنەتەوەییەکان بەخشی لە پێکاتەی کەمتر ڕێکخراودا لە یەکترەوە فێرببن.

ڕاهێنەرانی چۆڵکردنی پزیشکیی ئاسمانیی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بۆ مەشقپێکردنی گروپێک لە پزیشکان و پەرستارانی سەربازیی میسری گرنگییان بە چارەسەرکردن و چۆڵکردنی قوربانیانی گۆڕەپانەکانی جەنگ دا: وەستاندنی خوێنبەربوون، لەجوڵەخستنی ئەندامە بریندارەکان، پاککردنەوەی بۆری هەناسە، دابینکردنی ئۆکسجین. فێربوون دوولایەنە بوو. لە ماوەی دانیشتنێکدا، پزیشکێکی میسڕی ئەوەی کە بە تەکنیکێکی باڵای دروستکردنی ڕاگری قۆڵ ستایشی دەکرد، پیشانی هاوبەشە ئەمریکییە سوپاسگوزارەکانی دا.

لە جێگایەکی تر، پزیشکانی هێزە چەکدارەکانی کوەیت پسپۆڕیی تایبەتمەندی خۆیان لەگەڵ هاوبەشە فرەنەتەوەییەکاندا هاوبەشیپێکرد: چارەسەرکردنی ئەو برینداراانەی بە دەست ئازاری سوتانەوە دەناڵێنن.

"مەشقە هاوبەشە سەربازییەکان لە بنیاتنانەوە و ئامادەکردنی هێزەکان لەسەر هەموو ئاستەکان و کە بە بەشێکی بنەڕەتی ئامادەیی جەنگی دادەنرێت، ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن،" عەمید موشعەل ئەبا ئەلخەیل ڕایگەیاند. "مەشقەکانی وەکو 'ئەستێرەی گەشی 23' توانای جەستەیی و دەروونی سەربازەکان بەرەوپێش دەبات. سوپای کوەیت لە گرنگیی مەشقە هاوبەشەکان تێدەگات و بۆ بەشداریکردن تیایاندا هەوڵی بێوچان دەدات."



**سەربازانی سعودیە و ئەمریکا بەر لە چالاکی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە 'ئەستێرەی گەش' خۆیان ئامادە دەکەن.**

عەریف. ئامبەر کۆبێنا/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

تەقەکردی مەودایی لە بیاباندا لە بنکەی سەربازیی محەمەد نەجیب بۆ "مەشقی تەکتیکیی بارودۆخی" کە تەقەکردن بە قەناس، ئاسایشی سنور، بەرەنگاربوونەوەی ئامێرەکانی بۆمبی چێنراو و سیستەمی ئاسمانیی بێ سەرنشین و ڕزگارکردنی ژیانی لە گۆڕەپانی جەنگدا لەخۆگرتوبوو، سەرنجی زیاتر لە 500 سەربازی فرەنەتەوەیی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

مەشقی دوای فەرمان کە بە زۆری تیشکی خستبووە سەر چۆڵکردنی مەدەنییەکان لە ناوچەکانی جەنگ، ئەوەی دەرخست کە چۆن ئەفسەرە سەربازییە فرەنەتەوەییەکان دەتوانن بەسەر جیاوازییە کلتوورییەکاندا زاڵبن و ببن بە دەستەیەکی بارەگا هاوبەشەکان. بۆ دابینکردنی ڕەسەنایەتی، ڕێکخەران دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەندێک سیناریۆی کۆمپیوتەریی لەگەڵ ڕاهێنانی مەیدانی لە 'ئەستێرەی گەش'ـدا هاودەمکراون.

مەشقێکی 48 کاتژمێریی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دوو تیمی خستە بەرامبەر یەکتر و پاشان سیناریۆکانی ئاوێتەی مەشقێکی فراوانتر کرد. 18 بەشداربووەکەی لە 8 وڵاتەوە هاتبوون: میسڕ، ئەردەن، کوەیت، قەتەڕ، سعودیە، کامیڕۆن، هیندستان و ئەفریقای باشور. لە دوای سێ ڕۆژ لە "ئەکادیمیای ئەلیکترۆنی"، کە تێیدا چەمکەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی فێربوون، فێرخوازان بۆ سەر تیمی سور کە هەوڵیان دەدا بەرگریی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بشکێنن و تیمی شین کە بەرگرییان لەو تۆڕانە دەکرد، دابەشکران.

"مەشقەکان ڕاهێنانی بەکۆمەڵی داڕێژراو بۆ گەشەپێدانی پیشەیی و کاری تیمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەخۆدەگرێت. ئەوان لە باشترکردنی تواناى هێزەکان، بەرزکردنەوەی ئامادەباشی، پێشخستنی ئاستی پیشەیی و لێهاتوویی باڵا لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن،" عەقید عەبدوڵڵا ئەلڕەشود، ئەفسەری باڵای سعودیە لە 'ئەستێرەی گەش' ڕایگەیاند.

بۆ یەکەم جار، میسڕییەکان میوانداری کۆڕبەندی 'ئەستێرەی گەش'ـیان کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر تەوەرەکانی بەرگری و ئاسایش، کە دەرەنجامە مرۆییەکانی جەنگی ناو شار، سیستەمە بێ سەرنشینەکان و بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکردی لە لایەن سوپاکانەوە لەخۆگرتبوو. بەشێک لە 91 خوێندکارە فرەنەتەوەییەکانی سیمینارەکان لە کۆتایی 'ئەستێرەی گەش'ـدا دەرەنجامی وەرگیراوی خۆیان پێشکەش بە دەستەیەکی فەرمانده باڵاکان کرد.

سەربازانەکان جەختیان لە بەهای بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد (AI) بۆ بەرەوپێشبردنی تواکانی شەڕکردن کردەوە. AI لە




ئەفسەرانی باڵای وڵاتانی بەشداربوو لە بنکەی سەربازیی محەمەد نەجیب ئامادەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی 'ئەستێرەی گەش' بوون.
عەریف. ئەینجێلا ویکۆکس/ هێزی پیادەی دەریایی ئەمریکا



لە ئەستێرەی گەشی 23، هێلیکۆپتەرەکانی میسر یارمەتی نیشتنەوەیەکی ناچاریی کەنار دەریا دەدەن.
عەریفی دەستە ڤیکتۆر مانسیا/ هێزی پیادەی دەریایی ئەمریکا



ڕێگەی باشترکردنی جوڵەکردن، فڕین و ئەدای کرداریی درۆن ئەم کارە ئەنجام دەدات. یارمەتی ڕاییکردنی قەبارەیەکی گەورەی داتای کۆکراوە بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەدات، دروستی و بەنهێنی گەیاندنی چەک زیاد دەکات و لە ژینگە فرەنەتەوەییەکاندا یارمەتی لابردنی بەربەستەکانی زمان دەدات. لە ڕوانگەی نەرێنییەوە، هەندێک پرسیاریان لە متمانەپێکراوی بڕیاردانی AI لە نەبوونی چاودێری مرۆڤدا کرد و لاوازیی سیستەمەکانی AI بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان دووپاتکردەوە.

چالاکییە هەمەچەشنەکان لە 'ئەستێرەی گەش'ـدا ئەو هۆکارەبوو کە سەرنجی زۆر وڵاتی بۆ میسڕ ڕاکێشا. بۆ نمونە قوبرس کە مەشقی دوولایەنەی زۆر لەگەڵ میسڕ ئەنجام دەدات، تیمیکی پیادەی پڕچەککراوی بۆ نمایشی تەقەکردنی ڕاستەوخۆی 'ئەستیرەی گەش'، تیمێکی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ چالاکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەشێک لە کەرتی وێرانکەری ژێردەریایی بۆ بەشی دەریایی مەشقەکە ڕەوانەکرد.

نزیکەی 70 بەشداربووی قوبرسی پلانی هاوبەشپێکردنی زانیاریی کۆکراوە لە 'ئەستێرەی گەش' لەگەڵ هاوەڵەکانیان لە نیشتماندا داڕشتبوو، ڕائید ستێلیۆس کراشیاس، کە لەگەڵ هاوکارەکانی لە پاسەوانی نیشتمانیی قوبرس بەشداریی لە مانۆڕەکەدا کرد، ڕایگەیاند.

"تەواوی ئەم هەماهەنگییە ڕێچکەشکێن بووە و بوارمان پێدەدات لەگەڵ هاوکارەکانمان لە ئاستێکی بەرفراوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، هێزی دەریایی، هێزە تایبەتەکان و هەروەها جۆرەکانی تری مەشق و چالاکی کە نزیکەی هەموو لق و تەکتیکە سەربازییەکان دەگرێتەوە، پێکەوە کاربکەین." ڕائید کراشیاس دووپاتی کردەوە.

فەرماندەکانی میسڕ خواستی خۆیان بۆ بەردەوامبوونی 'ئەستێرەی گەش' لە گەشەکردن بە هەمەچەشنیی فراوانتری چالاکییەکان کە گونجاوبێت بۆ مەودای گشتیی پسپۆڕییە سەربازییەکان دەربڕی. هەر دوو ساڵ جارێک میسڕ میوانداری 'ئەستێرەی گەش' دەکات، و بڕیارە نۆبەی داهاتووی مەشقەکە لە ساڵی 2025 ئەنجام بدرێت.

"لە میانی مەشقەکە، ئاخۆ تەوەرەکانی فەرمان و بەڕێوەبردن بێت یاخود تەوەرە تەکتیکییەکان لە ئەنجامدانی چالاکییە دیاریکراوەکان لەسەر ئاستی زەمینی، ئاسمان یاخود دەریایی، بەم شێوەیەش ئاوێتەکردنی هەموو ئەم چالاکییانە بەیەکەوە لە ماوەی مەشقەکە، شتێکە کە خۆشحاڵی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئێمە هیوادارین قەبارەی بەشداربووان لە مەشقی داهاتوودا لە لایەن وڵاتانی بەشداربووەوە زیاتربێت." فەریقی یەکەم زاکی ڕایگەیاند. ✦

**سەربازانی میسڕ، ئەمریکا و وڵاتانی تر بۆ چالاکیی تێکشکاندن لە 'ئەستێرەی گەش'دا تەقێنەرەوەی تێکشکێنەر ئامادە دەکەن.**

ئەفسەری ناڕاسپێردراو خوان دیاز/ یەکەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا

# بێ سەرنشین و مەترسیدار

**مەشقی 'ئەستێرەی گەش' تیشک دەخاتە سەر ئەو درۆنانەی کە دەتوانن چەکە کیمیاییەکان هەڵبگرن**

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن کاپتن لوک جین/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



**فڕۆکە** بێ فڕۆکەوانە ئاسمانییەکە لەسەرەوە بە دەنگێکی بیزارکەر کە ڕوودانی کارەساتی ئەگەریی پێشبینی دەکات، دەخولێتەوە.

سەربازانی میسری بە چەکەکانیان دەستیان بە تەقەکردن کرد، کە فڕۆکە بێ فڕۆکەوانە ئاسمانییەکیان تێکشکاند و لە بیابانەکە نیشتەوە، بەڵام نەک بەرلەوەی درۆنەکە ماددەیەکی نەناسراو بەسەر لقێکی پیادەی میسری و پێنج بارهەڵگرەکەیان بپرژێنێت.

لێکۆڵەران بە وریاییەوە لە پاشماوە تێکشکاوە لوسە سپییەکەی درۆنەکە نزیک بوونەوە. وە کاتێک بارهەڵگرێکی سەربازیی میسری شوێنی ڕووداوەکەی بە ئاڵای ئاگادارکردنەوەی زەرد دیاریکرد، تیمێکی هەواڵگریی فرەنەتەوەیی جلوبەرگی پارێزەریان پۆشی.

یەکەم هەنگاو ڕەوانەکردنی ئۆتۆمبێلێکی شوێنهەڵگری لە دوورەوە بەڕێوەبراو، کە قۆڵێکی ڕۆبۆتی و کامێرای بۆ پشکنینی پاشماوەکان لە دۆزینەوەی تەقەمەنی و کامێراکان هەڵگرتبوو، لەخۆگرت. هەندێک لە UAVsـەکان، کە بە "کاماکازییەکان" ناوندەبرێن، بریتیین لە تەڵەی دانراو بۆ تەقینەوە لە کاتی نزیکبوونەوەی سەربازەکان.

دوای پشتڕاستبوونەوە لەوەی کە پاشماوەکانی UAVـەکە بە ڕادەیەکی زۆر تێکشکاون، تیمی پاقژکردنەوەکە بە پێ نزیک بوونەوە. ئەوان بەدوای شوێنەواری چەکە کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمییەکاندا (CBRN) دەگەڕێن. سەربازێک بۆ پشکنینی قوڵتر بۆناو داروپەردووەکە، ئامێرێکی جوڵاوی تیشکی Xـی هەڵگرتووە. پێوەری گەیجەرەکە بەدوای نیشانەی تیشکدانەوەدا دەگەڕێت.

لقی پیادەی میسری کە بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەوە ماددەیان بەسەردا پرژێنرابوو، نیشانە جەستەییەکانیان تیدا دەرکەوت کە پژمین، جاڕسبوون، سوربوونەوە و ئاوسانی پێست و هەناسەدانی ناڕێکی لەخۆگرتبوو: هەموو نیشانەکانی بەرکەوتنی مادده کیمیاییەکان.

تیمێکی پاقژکردنەوە دەستیان بە چالاکییەکەیان کرد. دەیان سەربازی فرەنەتەوەیی بۆ لابردنی مادده کیمیاییە مەترسیدارەکان لە قوربانیان و ئامێرەکانیان، ناوچەیەکی نمایشییان بنیاتنا. بەشداربووانی میسڕی، سعودی، ئەردەنی، ئەمریکی و هیندستانی بۆ ئەنجامدانی قۆناغە جیاوازەکانی پڕۆسەی پاقژکردنەوە چەند تیمێکیان پێکهێنا. هەموان جلوبەرگ و کڵاوی پارێزەریان لەبەرکرد.

هێڵی یەکەمی سەربازەکان ئامێر و سەربازە پیسبووەکانیان شۆردەوە، کە پاشان بۆ داخوراندنی قووڵ بە ماددەی وەکو کلۆر، کە دەتوانێت کاریگەرییەکانی مادده کیمیاییەکان لەناوببات، بەرەو وێستگەی دووەم ڕۆیشتن. دوای خوساندنێکی باش، جارێکی تر بارهەڵگرەکان و کارمەندەکان شۆردنیان بۆ کرا، دواتر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ کاریگەرییەکی نەخۆشیی درێژخایەنیان بوونی نییە، پشکنینیان بۆ ئەنجامدرا.

مەشقی CBRN بەشێکی گرنگی 'ئەستێرەی گەشی 23' بوو، کە لە لایەن بەشی بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژیی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرا. بەرلەوەی سەربازەکان بتوانن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە نمایشییەکەی درۆنەکە گۆڕەپانەکە بگرنە دەست، ئەوان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی مادده کیمیایی و ئەتۆمییەکانەوە وانەی ناو پۆلیان وەرگرتبوو.

هەروەها ئامادەکارییەکان چالاکییەکی جوڵەیی "ژووری متمانەی دەمامک"ـی لەخۆگرت کە دڵنیایی بە سەربازەکان دەدا لەوەی لە ئەگەری هێرشێکی ڕاستەقینەدا دەمامک و جلوبەرگەکانیان دزەکردنیان نییە و تووشی زیانێکی ئەگەرییان ناکەن.

لە سەردەمێکدا کە ژمارەیەکی بێشومار لە هەڕەشەکانی مەیدانی جەنگ لە شێوەی سیستەمی ئاسمانیی بێ سەرنشین دێنە ئاراوە، ئەم جۆرە ڕاهێنانەی بەرەنگاربوونەوەی UAV و CBRN وەکو بەشێکی گرنگ لە 'ئەستێرەی گەش' و مەشقە فرەنەتەوەییەکانی تر دەمێننەوە. ✦

**سەربازانی میسڕی، ئەردەنی و ئەمریکی لە میانی مەشقکردن لە 'ئەستیرەی گەش'، پشکنینی ماددەی کیمیایی و بایۆلۆژی و تیشکدەر و ئەتۆمییەکان بۆ فڕۆکەیەکی بێ سەرنشین ئەنجام دەدەن.**








# ئۆپەراسیۆنی
## شکاندنی بەربەستەکان

### دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق سەرکردایەتی جەنگی دژ بە دابەشبوونی تیرەگەری دەکات

دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق

بەهۆی جیاوازیی ناسنامەی نەژادی و نەتەوەیی وڵاتێک کە سنورەکانی لە دێر زەمانەوە لە شارستانیەتێکەوە بۆ شارستانیەتێکی تر گۆڕانی بەسەرداهاتووە، عێراق بە وڵاتێکی فرەکلتوور ناسراوە. سەرەڕای بوون بە خاڵی پڕ شانازی بۆ کۆمەڵگەی عێراقی کە بووتە بەشێک لە ناسنامە نەتەوەیی و مێژووییەکەی، بە هەمان شێوە دەکرێت ئەم جۆرە هەمەچەشنی ژنیگەیەکی لەبار بۆ گەشەسەندنی بیرۆکە و بیروباوەڕی ئاینی، تیرەگەری و سیاسیی ڕکابەر دروست بکات. توندڕەوەکان دەتوانن ئەمانە بۆ بڵاوکردنەوەی دابەشبوون، گۆڕینی هەمەچەشنی تیرەگەری بۆ ململانێی توندوتیژ لە نێوان پێکهاتە نەژادیی و نەتەوەییەکان کە خۆیان لەیەکتر بەدور بگرن بۆ ڕاگەیندنی خاوەندارێتی تاکڕەوانەی سامانە کلتووری، باوەڕی و سیاسییەکانی وڵاتەکە، بقۆزنەوە.

عێراق بە قۆناغە مێژووییەکانی ململانێی تیرەگەری و نەژادییدا تێپەڕیووە، کە هێندە جیاواز نیین لەوانەی کە گەلان و دانیشتوانی ئەوروپا یان جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کە لە ئەنجامی ڕوانگە و دیدگای ناکۆکی پەرتووکە ئایینییەکان و هەڵوێستە سیاسییەکانەوە، سامناکیی ململانێ کۆمەڵایەتییەکانیان چەشتووە.

عێراقییەکان کە سەر بە چەند گروپێکی ئایینین دژ بە توندڕەویی ئایینی کۆدەبنەوە.


متحدون
التطرف
ضد
متحدون
ضد التطرف
متحدون
التطرف
ضد
محمد
قدوتنا



سیاسەتە ناوخۆییەکانی سەدام حوسەین لە ژێر ئاڵای حزبی بەعسدا کەلێنی نێوان دانیشتوانە هەمەچەشنەکەی کە کۆمەڵگەی عێراقی پێکدەهێنن فراوانتر کرد، میللەتی کردە پێکهاتەیەکی دابەشبوو و ناکۆک و لە ئەنجامدا لەدەستدانی شوناسی نیشتمانێکی یەکگرتووی لێکەوتەوە.

لە دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی سەدام، وڵاتانی دراوسێ بە ویستێکی خراپەکارانەوە سوودیان لەم دابەشبوونە وەرگرت و ڕێگایان بۆ گروپە توندڕەوەکان بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی عێراقەوە خۆشکرد. لە کاتێکدا پەیامەکان و دروشمەکان جۆراجۆربوون، لە سەرانسەری عێراقدا بانگەشەکانی گردبوونەوە بە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵەیەک بۆ دروستکردنی هێزی تێپەڕێنەر بۆ چەسپاندنی ویستە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانیان لەسەر ڕژێمە نوێیەکەی عێراق، دەستی پێکرد. مەترسیدارترینی ئەو گروپانە ئەلقاعیدە بوو، کە بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک لە هێرشی تیرۆریستی کە مەسیحی، یەزیدی و نەژادەکانی تری عێراقی کردبووە ئامانج و تەنها شوێنکەوتووانی خۆی لە کارە تیرۆریستییەکان بەدەرکردبوو، جەنگی دژ بە دانیشتوانی عێراق ڕاگەیاندبوو. بەم جۆرە قۆناغێکی نوێی ململانێی چینایەتی، تیرەگەری و نەژادی دەستی پێکرد، کە کۆمەڵگای عێراقی نوقمی قەیرانی بوونگەرایی کرد بەوەی کەلێنی جیاوازیەکانی گۆڕی بۆ ڕشتنی ڕووبارێک خوێن لە نێوان هاونیشتیمانیان.

ئەم دەرەنجامەی مێژووی تیرەگەری. قەبارە و سەختی هەر هەوڵێک بۆ بنیاتنانەوەی ڕیشەی کۆمەڵایەتی عێراق نیشان دەدات. لە ناو دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق (CTS)، ڕوانگەی ستراتیژی ئێمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوە توندوتیژەکان بە دروشمی "عێراق شوناسی ئێمەیە،" دەستی پێکرد، کە ئێمە وەکو خاڵی دەستپێک بۆ جەنگی دژ بە توندڕەوەکان کە بەرەو تیرۆریزم هەنگاودەنێت، بەکاریدەهێنین.

لە سەرەتای دامەزراندنی CTS لە 2007ـەوە، سەرکردایەتییەکەی چەندین بەرنامەی لەپێناو بەرپەرچدانەوەی دەزگا ڕاگەیاندنە هەمەچەشنەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان پەرەپێداوە. ئێمە سەرنج دەخەینە سەر ڕێگریکردن، ئاشکراکردنی زانیاری ئایدیۆلۆژیی ناڕاست و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانمان هەم لە ئایدۆلۆژیا و هەم لە مەیداندا.

ئێمە بەرپەرچی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی داخراوی تیرەگەری یاخود نەژادی دەدەینەوە، کە لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیای چەواشەکارانە و پروپاگەندەی ڕاگەیاندنەوە جڵەوکردنی ئاسانە، واتە کاریگەرترین و کارتێکەرترین چەک کە گروپە توندڕەوەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی مێشکی کوڕان و گەنجانی کۆمەڵگا داخراوەکان دەیقۆزنەوە.

سەرکردایەتی CTS سەرنجی خستووەتە سەر تێکشکاندنی ئەو بەربەستە دەروونیەکانی کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانەوە دروستکراون، وە دەزانین بەهۆی بارودۆخی سیاسی گۆڕانی دیموکراسی دوای سەدامەوە، ئێمە وەکو دەوڵەتێک دەستپێکێکی درەنگمان دەستکەوت. ئەمڕۆ بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، دامەزراوە حکومییەکان باشتر لە بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئاسایشیەکانیان تێدەگەن. پاشان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکان لە شکاندنی بەربەستەکان و پڕکردنەوەی کەلێنە سایکۆلۆژی و بیروباوەڕییەکان، تواناکانی سایکۆلۆژی و ڕاگەیاندن خرانە ناو CTSـەوە. ئۆپەراسیۆنی سەرەتایی بۆ پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ خێزانە ئاوارەبووەکان لەپێناو پەکخستنی دامەزراندن و بەکارهێنانیان لەلایەن تیرۆرستان و توندڕەوانی ترەوە، لە کەمپی ئەلجەددە لە باشووری پارێزگای نەینەوا دەستپێکرد.

CTS بە پشت بەستن بە شیکاری هەواڵگری و توێژینەوە ئەنجامدراوەکان لە لایەن توێژەران لەسەر گەواهی تیرۆرستە دەستبەسەرکراوەکان لەبارەی ئەو پاڵنەرە دەروونی و ئایدۆلۆژییانەی کە هاندەریان بووە بەرەو توندڕەوبوون و توندوتیژی، بەرەنگاری توندڕەوە توندوتیژەکان دەبێتەوە. وە بە هەمان شێوە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەش کە لێوەی سەرچاوەیان گرتووە، شی دەکاتەوە. بەم زانیاریانەوە، هێزە چەکدارەکانی عێراق دەتوانن ئەو پێکهاتانەی کە پێشتر دابڕاو بوون بە ڕوانگەیەکی ئاشکرای پێویستییەکان، ئاڵنگارییەکان و مەترسیە پەیوەستەکان بەشداری پێبکەن و لەگەڵیاندا پەیوەندی دروست بکەن. لەم خاڵەدا، دەکرێت پرۆسەی لاوازکردنی شوناسە لاوەکەییە ئایینی، تیرەگەری و نەژادییەکان کە ڕێگرە لە یەکگرتنی نیشتمانی عێراق، دەست پێ بکات.

چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەلایەن یەکەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقی گرتەوە. کەرکوک، بە کڵێساکان، مزگەوتەکان، قوتابخانەکان و تەواوی کۆمەڵگە فراوانەکەی، ناوچەی سەرەکی بوو بۆ گرنگیدان بە ئۆپەراسیۆنێک کە بە "ئێوە نەوەی عێراقن" ناودەبرا. ئا لەوێوە، بە پەیامی "ئێمەی نەوەی عێراق توندڕەوی ڕەتدەکەینەوە" چالاکییەکان بەرەو موسڵ لە باکور، بەرەو ناسریە و سەماوە لە باشور گوێزرانەوە.

هەروەها سەرکردایەتیی CTS پلانی وردی بۆ مەسیحییە عێراقییەکان دانا. ئێمە بە ئەنجامدانی چالاکی لە میانی ئاهەنگگێڕان و پشووی مەسیحییەکان و بە ئامادەبوونی سەرکردایەتی، ئەفسەران و دەستەی CTS کە دیاریان پێشکەش کرد و پەیامی هاوبەشی ئاشتی وەکو بناغەی پتەو بۆ بنیاتنانەوەی یەکڕیزی نیشتمانی و دڵنیاکردنەوەی برایان و خوشکانی کۆمەڵگەی مەسیحی لە عێراق، سەردانمان کردن و گفتوگۆمان لەگەڵیاندا کرد.




ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونی تیرۆر ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ڕیشە داکوتاو و جوگرافیی دەبنەوە: وەکو دەرەنجامێکی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و توانای توندڕەوەکان بۆ چوونە ناو ناوچەیەک یان شارێکی دیاریکراوەوە، توندڕەوی لە کۆمەڵگەی عێراقدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. هەندێک لە ناوچەکان بۆ ماوەی زیاتر و زۆر بە قوڵی بەرکەوتەی بیروباوەڕی توندڕەوی بوون. ئەمەش بە تایبەتی ئەو منداڵ و گەنجانە دەگرێتەوە کە لە سەر دەستی داعش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا بە شێوەی بەرنامەدارێژراو مێشکیان شۆردراوەتەوە. خەڵکانێکی زۆر ناچارکران سەرپەڕاندنی هاوڕێکانیان ببینن، کە بە ناڕاست وەکو لادەر یاخود سیخوڕ لە لایەن تیرۆرستەکانەوە تۆمەتبارکرابوون. لەبەرئەوەی ئەم ڕاتەکانە دەروونیانە لە بیرەوەری منداڵان و کەسانی گەنجدا برینی قوڵ جێدەهێڵێت، پزیشکانی پیشەیی دەروونیی ڕاهێنانەوەی چڕ پێشەکش دەکەن.

پشتیوانییەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە پاڵپشتی لە هەوڵە عێراقییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوە توندوتیژەکان کردووە. ئەوان بۆ چاودێریکردن و ڕاگرتنی پەیامەکانی توندڕەوەکان و وتارە قینەدارە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی داعش، سەرچاو و ئامێر و ڕاهێنانی تایبەتمەندیان دابینکردووە. چەندین ساڵ دوای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، عێراقییەکان توانای خۆیان لە تێکشکاندنی داعش لە مەودای زەمینیی و دیجیتاڵی سەلماند.

ئەمڕۆ، ئەو نیشانانەی شوناسی یەکگرتووی عێراقی لە سوننە، شیعە، عەرەب، کورد، موسوڵمان، مەسیح و یەزیدییەکان لە ژێر یەک ئاڵای عێراقی دیموکراسی کۆدەکاتەوە، شکۆمەند بە مێژووە هاوبەش و داهاتووە پرشنگدارەکەی، لە سەرانسەری وڵاتدا بەدیدەکرێت. ✦

**کچانی عێراق پۆستەری دابەشکراویان لەلایەن ICTS بەرزکردووەتەوە کە دەڵێت "ئێمە بە یەکگرتوویی دژ بە توندڕەوەکان دەوەستینەوە." جگە لە ئۆپەراسیۆنە کوشندەکانی دژ بە تیرۆریزم، ICTS ئۆپەراسیۆنی ناکوشندە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوەکان ئەنجام دەدات.**

# کارکردن بەیەکەوە لە
# کەنداوی عەرەبی

**د. نایف ئەلحەجرەف**، سکرتێری گشتیی پێشوو، ئەنجومەنی هاوکاریی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو



شێوەسازی یونیپاس

# ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هێزی ئاسایش و سەقامگیریە لە جیهاندا

بە درێژایی مێژوو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گرنگی دەستپێشخەرییەکان بووە، بەڵام بە ناکۆکیی مەزن و بەردەوامەوە. من دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر دەستپێشخەرییەکی مەزن کە 42 ساڵ لەمەوبەر ڕاگەیەنرا و پاشان جێبەجێ کرا، ئەویش پێکهێنانی ئەنجومەنی هاوکاریی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بوو، کە بە ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) ناسراوە.

لە 25ـی مانگی ئایاری 1981، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) لەلایەن شەش دەوڵەتە ئەندامەکەیەوە کە بریتیین لە ئیمارات، شانشینی بەحرەین، شانشینی سعودیە، دەوڵەتی عومان، دەوڵەتی قەتەڕ و دەوڵەتی کوەیت، دامەزرێنرا. ئەوان چوارچێوەیەکی کاری هەماهەنگییان بۆ بەدواداچوون بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانیی هاوبەش و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە برایەتییەکانی نێوان دەوڵەتان و گەلەکانیان پێکهێنا.

لە ماوەی 42 ساڵی ڕابردوودا، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) توانایەکی مەزنی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگاریی و هەڕەشەکان و هەروەها پاراستنی ڕۆڵی خۆی وەکو سەقامگیرێک لە ناوچەکە و جیهاندا نیشانداوە. ئەمە لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، لە جەنگی ئەفغانستانەوە بۆ بە ناو بەهاری عەرەبی درێژبووەتەوە. سەرەڕای ئەم ئاڵنگارییانە و شتانی تریش، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) خۆڕاگر ماوەتەوە و ڕۆڵی بنیاتنەری خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هەماهەنگی و داواکاریی زیاتر بۆ ئاشتی، گفتوگۆ و خۆشگوزەرانی هێشتووەتەوە.

لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەدا، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) بەشدارییەکی بێ پایەنی لە ئابووریی جیهاندا کردووە، نەک بە تەنها لە ڕێگەی هێشتنەوەی دابینکاریی نەپچڕاوی وزە، بەڵکو بە هەمان شێوە لە سەقامگیرکردنی بازاڕی وزەی جیهان.

سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران کە بە بەرنامەی کاری هاوبەشی گشتگیر (JCPOA)ـی 2015 ناسراوە، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) فەرمانی کردووە کە هەر ئەندازیارییەکی نوێی ئاسایشی ناوچەیی پێویستە بەرژەوەندییە گشتییەکان بۆ ویستی سەقامگیری لە ناوچەکەدا لەبەرچاوبگرێت.

زۆر گرنگە کە بەدواداچوون بۆ ڕەفتاری ئێرانییەکان بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە، بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، موشەکە بالیستییەکان و پاڵپشتیی ئێران بۆ حوسییەکان و میلیشیا ناوچەییەکانی تر، بکرێت. پێویستە گفتوگۆکانی ڤیەننا سنوردار نەکرێن بە بەرنامەی کاری هاوبەشی گشتگیر (JCPOA)، بەڵکو پێویستە هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە چارەسەر بکات.

لەم بارەیەوە، من دەمەوێت وتەی سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا ئۆرسۆلا ڤان دێر لەین دوبارە بکەمەوە، کە لە وتارە سەرەکییەکەیدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی گفتوگۆی مەنامەی 2022 ئاماژەی پێدا:

"ساڵانێکە چەندین وڵاتی کەنداو سەبارەت بە دابینکردنی درۆن لەلایەن ئێرانەوە بۆ گروپە توندڕەوەکان لە سەرانسەری جیهان، ئاگاداری بڵاودەکەنەوە. ماوەیەکی زۆری ویست تا ئێمە لەم ڕاستییە زۆر سادەیە تێبگەین: ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمە بۆ ڕێگریکردن لە ئێران لە گەشەپێدان بە چەکە ئەتۆمییەکان کاردەکەین، بە هەمان شێوە پێویستە سەرنج بخەینە سەرە شێوەکانی تری بڵاوکردنەوەی چەکەکان، لە درۆنەکانەوە تا موشەکە بالیستییەکان. ئەمە مەترسییەکی ئاسایشییە نەک بە تەنها بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو بۆ هەموومان."

کاتێک دێتە سەر باسی دەستپێشخەرییە مەزنەکان، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) هەمیشە بەشێکی چارەسەرەکەیە. سەکۆیەکی وەکە گفتوگۆی مەنامە ئەو بوارەیە کە جیهان پێویستی پێیەتی. پێویستە ئێمە بیرۆکە و بیرکردنەوەکان ئاڵوگۆڕ بکەین. پێویستە ئێمە ئاڵنگارییە هاوبەشەکان دەستنیشان بکەین و تێگەیشتنێکی باشتر دروستبکەین. پێویستە پابەندبین بە هەوڵی پێکەوەیی. پێویستە ئێمە پابەندبوونی ئاکاری و کۆمەڵاتیی خۆمان بۆ نەوەکانی داهاتوو بەدیبهێنین. بۆیە با چیتر چاوەڕێ نەکەین؛ هیچ کاتێکی باشتر لە ئێستا بوونی نییە. ✦




**د. نایف ئەلحەجرەف، سکرتێری گشتیی پێشوو، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، لە کۆنفرانسێکدا لەبارەی یەمەن کە لە ڕیاز، سعودیە، لە 2022 بەسترا، قسە بۆ هاوکارەکانی دەکات.** AFP/گێتی ئیمەیجس


B+

# بۆ یەکەمجار لە مێژوودا:

## لقێکی سەربازیی ئیماڕات ڕاهێنانی سەربازی لە ئەمریکادا ئەنجام دەدات

دەستەی یونیپاس

وێنەکان لەلایەن ڕائید جەسۆن وێڵچ/ناوەندی سەربازیی ئەمریکا

"یەڵا، یەڵا!" هاوارەکە دەگاتە تیمی ئەندازیارانی جەنگیی ئەمریکا و ئیماڕات. "با بڕۆین!"

تەقەی فیشەک لە دارستانەکەوە دەقلیشێتەوە. تەقەی چەکە خۆکارەکان چەکدارانی دوژمن سەرکوت دەکەن. ئەندازیاران ڕوبەڕووی هێڵێکی تەلبەند دەبنەوە، کە ڕێگری لە بەرەوپێێشچوونی یەکەی پیادەی لقەکە دەکات.

سەبازەکان بە هەورێکی دوکەڵیی سەوزدا دەڕۆن، تۆرپیدۆی جۆری بەنگالۆر جێگیردەکەن و بە خێرایی بۆ شوێنی سەلامەت دەگەڕێنەوە. لە تەقینەوەکە تۆپێکی ئاگرین کە مەودای 20 پێ دوور لە بەربەستەکەوە دەتەقێنێتەوە، دروست دەبێت. ئەندازیارانی سەربازی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن، ڕێگەیەکی سەلامەت بۆ دەیان سەربازی ئیماڕاتی و ئەمریکی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کەلێنەکەوە پێشڕەوی بکەن، دروست دەکەن.

ئەمە ناوەندی ڕاهێنانی ئامادەکاریی هاوبەشە (JRTC) لە فۆڕت جۆنسۆن، لویزیانا، لە باشوری ئەمریکا. بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ساڵی 2023، ئەمە زەمینەیەکی سەلماندنی هەماهەنگیی سەربازیی ئیماڕات و ئەمریکا بوو.

لە 18ـی مانگی شوبات هەتا 5ـی مانگی ئازار، کەرتی 11ـی چیایی ئیماڕات هاوشان لەگەڵ سەربازانی کەرتی 1، لیوای 3ـی هێزی پیشتیوانی ئاسایش (SFAB)، و لیوای 2ـی تیمی جەنگی، لەشکری 10ـی چیایی ڕاهێنانیان کرد.

"ئەم یەکەم جێگۆڕکێ مێژووییەی JRTC لێهاتوویی هێزە زەمینییەکانی ئیماڕات و بەهێزی هاوبەشییەکەمان نیشان دەدات،" فەریق پاتریک د. فرانک، فەرماندە لە فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا، ڕایگەیاند.

کەرتی 11ـی چیایی ئیماڕات شانازی بوون بە یەکەم لق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست و باشوریا ئاسیا بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان لە ناوەندێکی ڕاهێنانی جەنگی لە ئەمریکا پێبەخشرا.

هەر جێگۆڕکێیەک لە پێنج مەشقی ڕاستەوخۆ و نمایشی جەنگی هێز بەرامبەر هێز پێکدێت کە پێویستی بە تیمێکی لیوای جەنگی هەیە بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان کەرت و لقەکانی ژێر دەسەڵاتیدا. بۆ مەبەستی مەشقەکە، سەربازانی ئیماڕاتی وەکو لقێک لە ناو



سەربازانی ئیماڕاتی سەر بە کەرتی 11ی چیایی لە ناوەندی ڕاهێنانی ئامادەکاریی هاوبەش لە لویزیانا ڕاهێنان دەکەن.

لیوایەکی ئەمریکیدا جێگیرکران، کە ئۆپەراسیۆنی بەرگریکردن و هێرشبردنیان ئەنجام دەدا، لە نێوانیاندا دوو ئۆپەراسیۆنی هێرشی ئاسمانی. یەکەیەکی تری سوپای ئەمریکا ڕۆڵی هێزەکانی دوژمنیان گێڕا.

ئەرکی JRTC بۆ مەشقپێکردنی تیمەکانی کەرتی جەنگی و ئامادەکردنی سەربازان بۆ ڕزگاربوون لە چەرمەسەرییەکانی جەنگ بۆ ماوەی 30 ساڵ بەردەوامی هەبووە. پێکهاتەی ناوازەی ناوچەکانی مەشقکردن، ڕۆڵگێڕەکان و هێزەکانی دوژمن، و توانای شوێنهەڵگرتنی دیجیتاڵی هەموویان، هەستێکی جەنگی ڕاستەقینە دەبەخشێت.

سوپای ئیمارات سێ ناوەندی مەشقی جەنگیی تایبەت بەخۆی کە کەرتی پیشەیی هێزی بەرەنگاری تێدا جێگیرە، بەڕێوەدەبات. ئەوان سەرنج دەخەنە سەر مەشقەکانی دوای فەرمان، مەشەقەکانی ڕاهێنانی مەیدانی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوچە مرۆڤ نشینەکاندا.

150 سەربازی چیایی ئیماراتی بە ئامێرەکانیانەوە بە فڕۆکەی C-17ـی هێزی ئاسمانی ئیمارات گەیشتنە ئەمریکا. ئەوان هەفتەیەکیان بە خۆگونجاندن لەگەڵ ناوچەی دارستانی لویزیاندا تێپەڕاند، کە جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو لە بیابان و چیاکانی وڵاتەکەی خۆیان.

لە نیوەی جێگۆڕکێی مەشقی شەڕدا بۆ باشترکردنی ئەدای کرداری، چاودێران لەگەڵ سەرنجەکانیان پێداچوونەوەیەکیان پێشکەش کرد. بابەتێکی گرنگی گفتوگۆکە بریتی بوو لە کوالێتی پەیوەندییەکان کاتێک فەرمانەکان بە زنجیرەی فەرماندا دەڕۆیشتن.

بۆ ئەو سەربازانەی کە لە یەکە تاکە کەسییەکاندان، دەکرێت تێگەیشتن لە چۆنیەتی گونجاندن لە ناو پلانی گەورەتری جەنگی سەختبێت. سەرنج و پێشنیارەکان، لەوەی کە چۆن کردارەکانیان لەسەر ئاستی لق پشتیوانی هەوڵە گشتگیرەکانی کەرت و لیواکەی کرد، تێگەیشتنێکی باشتریان بە سەبازانی کەرتی 11ـی چیایی بەخشی.

بۆ هەردوو هێزی ئیمارات و ئەمریکا زمان ئاڵنگاری ئاشکرا بوو، بەڵام دەبوو سەربازانی ئیمارات لەگەڵ دارستانە فێنک و تەڕەکانیشدا کە هێزەکانی "دوژمن" ئاشنایەتی نزیکیان لەگەڵیدا هەبوو، خۆیان بگونجێنن. بۆ بەردەوامیدان بە ئەرکەکەیان لە مەیدانەکەدا، پێویست بوو هێزەکانی ئیمارات خواردنەوەی ئاو، بەکارهێنانی پاتری و بەفڕۆدانی فیشەک سنوردار بکەن. کەسانی ڕۆڵگێڕی مەدەنیی تەماشاکەر ئاڵۆزییەکانیان زیاتر کرد، چونکە سەربازەکان ناچار بوون لە چەکدارانی دوژمن جیایان بکەنەوە.




سەربازانی ئیمارات لە لویزیانا ڕاهێنان دەکەن.





سەربازانی ئیماڕاتی سەر بە کەرتی 11ی چیایی بەشداری لە مەشقی تەقەکردنی ڕاستەوخۆدا دەکەن.

عەقیدی ئیماڕاتی بەدر ئەلحەمادی، فەرماندەی کەرتی 11ی چیایی بە بۆنەی بەسەرکەوتوویی تەواوکردنی مەشقەکە پیرۆزبایی لە مولازمێکی ئیماڕاتی دەکات.



توانای هاوکاتکردن و بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکەکە بە پشتیوانی کەرتێکی ئەمریکی نیشاندەری ئاستی هەماهەنگیی نێوان سەربازانی ئیماڕات و ئەمریکا بوو، کە کاری لەپێشینەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا. سەربازانی ئیمارات بەبێ ئامادەکاری نەگەیشتن: لە سەرەتای ساڵی 2022 ـەوە بۆ سەردانەکەی ئەمریکا، تیمێکی 12 ڕاهێنەریی لیوای سێیەمی هێزی پشتیوانیی ئاسایش (SFAB) دەستی بە ئامادەکردنی سەربازانی ئیماڕات کرد.

"هێزە زەمینییەکانی ئیماڕات لە میانی ئەم جێگۆڕکێیە دوولایەنە سەرسوڕهێنەرەی JRTC ـدا توانا و لێهاتوویی خۆیان نیشان دا،" عەقید زاکاری میلەر، فەرماندەی لیوای سێیەمی هێزی پشتیوانیی ئاسایش ڕایگەیاند. "لە بەشداربوون لە تەقەکردنی ڕاستەوخۆی هێز بەرامبەر هێز، ئەمە زەمینەیەکی سەلماندن بوو لە دوای چەندین مانگ لە مەشقی پێکەوەیی بەرهەمدار لەگەڵ هاوبەشانی هێزە زەمینییەکانی ئیماڕات."

لە دوای دوو ساڵی بەردەوام لە ئەرکی ڕاوێژکاری بۆ هێزە جەنگییەکان لە عێراق و ئەفغانستان، SFABـی سێیەم گۆڕدرا بۆ ئەم مۆدێلی هاوبەشیکردنە لەگەڵ هێزە زەمینییەکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هاوبەشیی سودبەخشی هاوبەشی لە نێوان ئەردەن، ئیماڕات و سعودیەدا بنیاتنا.

هەر کەموکوڕییەک کە لە میانی مەشقەکەدا تێبینی کرابێت، وەك چۆن میلەر ڕایگەیاند کە چەند کەموکوڕییەک بوونیان هەبوو، دوای ئەوەی سەربازانی کەرتی 11ـی چیایی گەڕانەوە بۆ ئیماڕات بەدواداچوونیان بۆ کرا.

"ئەگەر بڵێم شانازی بە هەموو بەشداربووەکانەوە دەکەم، هێشتا کەمە،" میلەر ڕایگەیاند. "تیمەکەمان بۆ گەڕانەوە لەگەڵیاندا بۆ ئیماڕات و گەیاندنی ئەو کۆمەڵە وانەیەی کە فێریبوون، زۆر بە جۆشن."

فەریقی یەکەم فرانک ئومێدەواربوو کە سەرکەوتنی ئەرکی ڕاهێنانی 2023 ـی ئیماڕات هانی وڵاتانی تریش بۆ ناردنی هێزەکانیان بۆ ناوەندەکانی ڕاهێنان لە ئەمریکا بدات. ✦

# نەخۆشخانەکانی سعودیە پاڵپشتی
# پزیشکی
# بۆ یەمەنییەکان دابین دەکەن

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە ستراتیژییەکان، وەزارەتی بەرگریی سعودیەوە دابینکراون

**چاودێری** تەندروستی و پزیشکی بۆ سەربازە دێرینەکان ویستێکی زۆری لەسەرە. ئەمە لە سیناریۆکانی دوای قەیراندا زۆر دروستترە. لە وەڵامی ئەم داواکاریانەدا و بە نوێنەرایەتیی هێزەکانی هاوپەیمانان، حکومەتی سعودیە لە ناوخۆی یەمەندا بۆ پاڵپشتیکردنی وەزارەتی تەندروستی و دانیشتوانی یەمەن لە ڕۆڵی خۆیدا لە چارەسەرکردنی بێ مەرجی قوربانیانی جەنگ و هەر هاوڵاتییەکی مەدەنی تر کە توانای دەستگەیشتنی بە خزمەتگوزارییەکانی هەبێت بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ڕەنگ یاخود نەژارد، نۆ نەخۆشخانەی بنیاتناوە.




شوێنی ئەم نەخۆشخانانە بە گوێرەی پرۆفایلی کارکردنی ئێستا و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان لە هەر شوێنێک هەڵبژێردران. شوێنی نەخۆشخانەکان بەپێی مەرجەکانی یاسا نێودەوڵەتی و مرۆییەکان هەڵبژێردران و ڕەچاوی ئەو نیشانکردنە پێویستانە کرا کە لە پرۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتننامەکانی جێنڤدا هاتوون بۆ ئەوەی دەستگەیشتن بۆ شوێنەکان ئاسان بکات. بەگوێرەی توانای قەرەوێڵە، دوو جۆری نەخۆشخانە دەستنیشانکران: نەخۆشخانەکانی جۆری A توانای 50 قەرەوێڵە و نەخۆشخانەکانی جۆری B توانای 30 قەرەوێڵەیان هەیە.

ئەم نۆ نەخۆشخانەیە بە سەرپەرشتیی ناوەندی پاڵپشتیی پزیشکیی سعودیە و فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان (JFC) لە لایەن 355 کارمەندی پزیشکی خاوەن پسپۆڕی جۆراوجۆر بەڕێوەدەبرێن، ئەمەش بواریان پێدەدات کە بتوانن لە سەرانسەری ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا هاوکاریی مرۆیی پێشکەش بە یەمەنییەکان بکەن.

پزیشکان لە پسپۆڕیی هەمەجۆردا، وەکو نەشتەرگەری، منداڵبوون، هەناوی، فریاگوزاریی منداڵان، بێهۆشکردن، و پزیشکیی خێزان و کۆمەڵ، چاودێری پێشکەش دەکەن. ئەوان لەلایەن پەرستارەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن کە سەرنج دەخەنە سەر دۆخە گشتییەکان، فریاگوزاری و چاودێریی چڕ. چاودێریی ددان لە نۆڕینگە یەکخراوەکانی نەخۆشانی دەرەوە (ئەوانەی نامێننەوە) دابین دەکرێت. ئەوان هەموویان لەلایەن دەستە و تەکنیکارانی یاریدەدەرەوە کە کاری تاقیگەیی ئەنجام دەدەن پاڵپشتی دەکرێن و لە بوارەکانی تیشک، چارەسەری سروشتی، بێهۆشکردن، تەکنەلۆژیای نەشتەرگەری و لەدایکبوونی منداڵ یارمەتیی پزیشکەکان دەدەن.

بۆ دڵنیابوونەوە لە چاودێریی کوالێتی بەرز بۆ نەخۆشە یەمەنییەکانمان، ناوەندی پاڵپشتیی پزیشکی و فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان (JFC) دڵنیایی دەدەن لەوەی بۆ ئەم پسپۆڕییانە دەستەی بڕوانامەدار و باوەڕپێکراو دادەمەزرێن.

ئەم بەرنامەیە لە باشترکردنی چاودێریی تەندروستیی یەمەندا سەرکەوتوو بووە. نەخۆشخانەکانی سعودیە لە یەمەن مانگانە بە تێکڕایی خزمەتی 36,000 نەخۆشی دەرەوەیان کردووە. هەر مانگێک 90 نەخۆشی تر ڕەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێن.

هێرشی حووسیەکان بۆ سەر کەرتە حکومییەکان بووە هۆی کورتهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی یەمەن، لەگەڵ کۆچکردنی بە لێشاو لە ناوچە جێ ململانێکاندا. سعودیە کە لەلایەن فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان و ناوەندی هاوکاری و فریاگوزاریی مرۆیی شا سەلمان نوێنەرایەتی کرا، جگە لە دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکان کە بێ بەرامبەر بەسەر نەخۆشخانەکان و ناوەندە پزیشکییەکاندا دابەشدەکرێن، نەخۆشخانە و ناوەندی ئەندامی جەستەی دەستکردی دابینکردووە.

هەروەها سعودیە بواری چارەسەر بۆ ناردنی حاڵەتی دیاریکراو بۆ وڵاتانی پێشکەوتووی پزیشکی یان ناوەندەکانی چارەسەری تایبەتمەند لە شانشینی سعودیە دابین دەکات. ئەمە حاڵەتەکانی دووانەی پێکەوە نووساو لەخۆدەگرێت کە پێویستی بە هەوڵە هاوبەشەکانی شاری پزیشکی شا عەبدوڵا و کارمەندانی پاسەوانی نیشتمانیی هەیە بۆ هەماهەنگی کردن، گواستنەوە و ئەنجامدانی نەشتەرگەری هەستیار.

ناوەندی پاڵپشتیی پزیشکی لەڕێگەی میوانداریکردنی تیمە پزیشکییە خۆبەخشەکانی ناوەندی یارمەتی و فریاگوزاری مرۆیی شا سەلمان لە سەرتاسەری یەمەن، بەشداری لە مشتێک چالاکیی پزیشکی خۆبەخشانەدا دەکات. بۆ نمونە ناوەندی پاڵپشتیی پزیشکی هاوشان لەگەڵ فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکان (JFC)، هەڵمەتی بۆ نەشتەرگەری جوانکاری و پزیشکی ڕێکخست، ئەمە جگە لە هەڵمەتی تەندروستیی دڵ و چاو و نەشتەرگەرییە پەیوەندیدارەکان.

پلاندانان بۆ میوانداریکردنی هەڵمەتە خۆبەخشییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گشتیی تەندروستیی ئەندامانی کۆمەڵگەی یەمەن و برەودان بە کلتورێکی پاقژیی باش شانبەشانی هاوبەشە هەمەچەشنە ناوخۆیی و بیانیەکان کە بەشداری لە چارەسەرکردن، ڕێگریکردن و پەروەردەکردن لە بواری تەندروستیدا دەکەن، سوود بە تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنن و دەبنە هۆی باشتربوونی کوالێتیی ژیان.

کاتێک ئێمە ئەم هەوڵانەی چاودێری تەندروستیمان دەستپێکرد، لە سەرەتادا یەمەنییەکان بە شێوەیەکی هۆشدارییەوە کاردانەوەیان نواند بەهۆی نەبوونی تێگەیشتن لە ئامانجەکانی ئەرکەکەمان و ئەوەی کە ئێمە پێشکەشی ئەوانی دەکەین. بەڵام کاتێک ئەو ڕوونبووەوە کە مەبەستەکانمان باشن و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئیمە پیشکەشیان دەکەین کوالێتییەکی بەرزی هەیە، یەمەنییەکان لە سەرانسەری وڵاتەکەدا ڕوویانکردە نەخۆشخانەکانمان.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەوڵە پزیشییکە شەو و ڕۆژییانە بەس نیین. یەمەن بۆ ئەوەی سیستمی تەندروستی خۆی بنیات بنێتەوە و دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەموو ئەندامانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یەمەن دەستەبەربکات، پێویستی بە بەخشندەیی و هاودەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە.

بە هەمان شێوە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فشار بخاتە سەر ئەو هێزانەی کە دەبنە هۆی کارەساتە مرۆییەکان و قەیرانە تەنروستییەکان: حووسیەکان. ئەم یاخیبووانە شکستیان هێنا لە ڕێزگرتن لە مافەکانی نەخۆش و دانیشتوانی یەمەنیان لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشکرد. بەرهەمدارترین ڕێگە بۆ یارمەتیدانی یەمەنییەکان بریتییە لە پاڵپشتیکردنی ئەو کەرتە تەندروستییانەی کە لەلایەن حکومەتی دەستووری لە یەمەن پەسەندکراون یاخود بەڕێوەدەبرێن. دڵنیابوونەوە لە تەندروست باشی و خۆشگوزەرانیی دانیشتوانی یەمەن بە تەنها دەکرێت لەڕێگەی ناوەندە باوەڕپێکراو و ڕاستێندراوەکانەوە بەدەستبهێنرێت. ✦

وهزارهتی بهرگریی شانشینی سعودیه به پێدانی زانیاری بهشداریی لهم وتاره کرد.

| کەرتی پڕۆژە | ژمارەی پڕۆژەکان | تێچوو (دۆلاری ئەمریکی) |
|---|---|---|
| ئاسایشی خۆراک | 132 | 1,433,294,806 |
| تەندروستی | 399 | 857,811,380 |
| هەماهەنگیی یارمەتیی فریاگوزاریی مرۆیی | 30 | 686,711,977 |
| ئاو، پاقژکردنەوە و پاکوخاوێنی | 37 | 222,375,314 |
| پاراستن | 40 | 199,523,058 |
| هەماهەنگیی کەمپ | 53 | 191,332,470 |
| ماددەی خۆراکی | 16 | 162,932,702 |
| چەندین کەرت | 24 | 134,010,800 |
| پەروەردە | 29 | 132,031,778 |
| چاکبوونەوەی سەرەتایی | 27 | 121,899,311 |
| لۆجیستیکی | 8 | 45,427,383 |
| پەیوەندییە فریاگوزارییەکان | 1 | 16,000,000 |
| یارمەتیی خێرخوازی | 1 | 6,737 |
| **کۆی گشتی** | **797** | **4,203,357,717** |

سەرچاوە: ناوەندی هاوکاری و فریاگوزاریی مرۆیی شا سەلمان



دەستەی نەخۆشخانەی سعودیە چارەسەری نەخۆشە یەمەنییەکان دەکەن.






هاوبەشي
هێزی دەریایی ئەردەن و ئەمریکا
شێوەسازی یونیپاس

# ئاسایش لە دەریای سوردا سود لە ڕاهێنانی فرەنەتەوەیی سەرکەوتوو دەبینێت

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

**نزیکی** هاوبەشیی هێزی دەریایی ئەمریکی و ئەردەنی کە هەردوولا لە ڕاهێنان و ئامادەکارییدا بەیەک دەگەیەنێت دەرەنجامی ئەزموونی هێزی دەریاریی ئەمریکایە لە فەزای دەریایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وە بوونی کەشتیگەلیی پێنجەمـی ناوچەیی ئەمریکا، و ئەو متمانەیەی لە ڕێگەی هاوبەشییە ناوچەییەکان بە هێزی دەیایی ئەردەن بەخشراوە بوونە هۆی پێدانی فەرماندەییکردنی هێزی ئەرکی یەکخراوی 151 لە مانگی کانوونی دووەمی 2021 هەتا مانگی نیسانی 2022.

ئەم هاوبەشییە لە ڕێگەی مەشقی سەربازیی هاوبەشی دەریایی بەردەوامەوە دروستکرا. مەشقی سەرەکی لە نێوان ئەمانەدا بریتییە لە مەشقی ساڵانەی بەرگریکاریی هەمیشەیی کە تێیدا هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن و هاوتا ئەمریکییەکانیان لە پلاندانان، سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن و بۆ یەکخستنی بنەما سەربازییەکان لە زاڵبوون بەسەر ئاڵنگاریی ئاسایشی دەریایی ئێستا و داهاتوو کاردەکەن. ئامانجەکە بریتییە لە پەرەپێدانی تواناکانی بەرگری و توانای هیزە دەریاییە پیشەییەکان کە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کە پێیان سپێردراوە.

بە هەمان شێوە هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن لە 26ـی مانگی شوبات هەتا 14ـی مانگی ئازاری 2023 هاوشان لەگەڵ کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمریکی و 43 وڵاتی تر و 15 نوێنەرایەتی ڕێکخراوە بازرگانی و ناسەربازییەکان بەشدارییان لە مەشقی دەریایی نێودەوڵەتیدا (IMX 23) کرد. هێزی دەریایی ئەردەن سەرکردایەتیکردنی چالاکییەکانی مەشقەکەی لە دەریای سوردا گرتە ئەستۆ، کە ناوی فەرماندەیی ڕۆژئاوای لێنرا.

ئامانجەکانی IMX 23 لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمە بێ سەرنشینەکان لە ئۆپەراسیۆنە تەکتیکییەکان گرنگی بە بەهێزکردنی ئاسایشی دەریایی دەدات، بە دیاریکراوی بۆ هاوکاریکردنی تیمەکانی پەلاماردان، سواربوون، گەڕان و دەستبەسەرداگرتن (VBSS). بە هەمان شێوە ئەوان بە جەختکردنە سەر چالاکییەکانی درۆنی ژێر ئاوی بە سەرپەرشتی ناوەندی ئوردنی بۆ سیستەمی بێ سەرنشین (J-ROC) کە بەم دواییە کرایەوە، گرنگی بە یەکخستنی چەمکە سەربازییە دەریاییە جیاوازەکان و سیستەمی پەیوەندییە دەریاییەکانی وڵاتانی بەشداربوو دەدەن. پاشان فەرماندەی هێزی ئەرکی 59ـی ئەمریکا عەقید مایکڵ براسەر و فەرماندەی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن عەقید هیشام ئەلجەڕاحی فەرماندەیی هێزی دەریایی ئامادەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی ناوەندەکە بوون. ناوەندەکە بە ئامێرەکانی چاودێریکردنی زیرەکی دەستکردی پێشکەوتوو بۆ سیستەمەکانی درۆنی دەریایی تایبەتمەندکراوە. بە هەمان شێوە شوێنهەڵگرتنی هاتوچۆی دەریایی ئەنجام دەدات، پێشبینی کەشوهەوا دەکات، و بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاسایشی ناوچە ئاوییەکانی ئەردەن داتا و زانیاری زۆر دروست کۆدەکاتەوە و بەکاردەهێنێت.



**لە میانی IMX 23دا درۆنێکی دەریایی خرایە کار.**

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن



مەلەوانانی ژێر دەریایی سەربازیی ئەردەنی و ئەمریکی لە میانی بەرگریکاری هەمیشەیی 23 لە عەقەبە، ئەردەن، ڕاهێنانی لە ناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی ئەنجام دەدەن.

فەرماندەیی ناوەندیی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا



پزیشکە سەربازەکان ڕاهێنانی ڕزگارکردنی ژیان لە مەشقی دەریایی نێودەوڵەتیی 23 ئەنجام دەدەن.

پسپۆڕ ئارۆن تراومان/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

وەکو بەشێک لە هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی توانای بەشداربووانی IMX 23، فەرماندەیی هێزی دەریایی شاهانە لە ناوچە ئاوییەکانی ئەردەندا ژمارەیەک لە مەشقی دەریایی هاوبەشی بە ئەنجام گەیاند. ئەم مەشقانە چەندین تەوەرەی لەخۆگرتبوون، لەوانە بەکارهێنانی درۆنی بێ سەرنشینی سەر ڕووی ئاو، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل، درۆنە ژێر ئاوییە لە دوورەوە کارپێکراوەکان (ROV) کە لەلایەن J-ROC لە فەرماندەیی هێزی دەریایی شاهانە بەڕێوەدەبران، ئەمە لەگەڵ شێوازەکانی گەڕان و ڕزگارکردن، ئۆپەراسیۆنی مەلەکردنی ژێر ئاو، و ئۆپەراسیۆنەکانی دژە چەتەی دەریایی و پاراستنی بەندەر کە لەلایەن تیمی VBSS بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان ئەنجامدران. بە هەمان شێوە چاودێریکردنی قوربانییەکانی شەڕی تەکتیکی، ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکانی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کەشتییە دەریایی و درۆنە هاوچەرخەکان و ڕاهێنانی تیمەکانی VBSS لەگەڵ دەستەی تایبەتمەند لەخۆگرتبوو.

چالاکییەکانی ڕۆژی کۆتایی IMX مانۆڕێکی تەکتیکی دەریایی لە ناو ناوچە ئاوییەکانی ئەردەندا لە خۆگرتبوو، کە تێیدا فەرماندەی ناوچەی سەربازیی باشور عەمید ئەلزەبون و فەرماندەی هێزی دەریایی شاهانە ئەلجەراح ئامادەبوون. سەربازەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان بەرپەرچی هێرشی نیمایشکراویان دایەوە و ئۆپەراسیۆنی بێ سەرنشینی پوچەڵکردنەوەی مین، هەوڵی دژە چەتەی دەریایی، پشکنینی VBSSـی کەشتی، کشاندنەوەی پزیشکی دەرياييیان ئەنجام دا، ئەمەش لە نێوان بەشداربووانی مەشقەکەدا ڕەنگدانەوەی ئاست بەرزی پیشەیی بوو.



هاوبەشیی دەریایی ئەردەن و ئەمریکا بە شێوازێک کە بەندە لەسەر هاوچەرخکردن و پێشکەوتنی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا، بەهێزکراو بە مەشقی ڕاهێنانی دەریایی هاوبەش و هاوبەشیی ناوچەیی و نێودەوڵتی، لە بەرەوپیشچوونە جێگیرەکەی بەردەوام دەبێت. هەرە گرنگترینی ئەمانە بریتییە لە ئامادەبوونی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن لە هێزە دەریاییە یەکخراوەکان، هاوپەیمانیی 34 وڵات کە بنکەکەی لە بەحرەینە، بەرەنگاری ئاڵنگارییە هاوبەشەکان دەبێتەوە. کاراییەکەی، نەک تەنها لە ڕووی ئامێرییەوە بەڵکو لە ڕووی هێزی مرۆییشەوە لە پەرەسەندنی ڕۆڵی ئەردەن لە سیاسەتی هاوبەشیی نێودەوڵەتیدا بەشداریکردووە، کە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەریاییە نوێبووەوەکانە لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، وە هاوبەشییەکی درێژخایەن و دۆستایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا بۆ دەستەبەرکردووە. ✦




# ئەرکێکی فرەنەتەوەیی

# لەپێناو ئاشتی

بەشداربووە فرەنەتەوەکان لە کۆتایی هەماهەنگی ناوچەیی 23 لە هێلێنا، مۆنتانا کۆدەبنەوە.

# سەربازانی کازاخستان، قرغستان، مەنگۆلیا، پاکستان، تاجاکستان و ئۆزبەکستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەر سنوور پێکەوە ڕاهێنان دەکەن

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن عەریفی پلە یەک تێررا گاتی/پاسەوانی نیشتمانی سوپای ئەمریکا

**وڵاتی** دۆنۆڤیا، کە وا بڕیارە گۆرگاسی دراوسێی ناسەقامگیربکات و بەڕێوەبردنی ناوچەیی دووپات بکاتەوە، دەست دەکات بە هەڵمەتێکی جەنگیی ناهاوسەنگ: ئەنجامدانی تیرۆرکردن، وەستاندنی بۆڕییەکانی گاز، پاڵپشتیکردنی دارایی هێزە بەکرێگیراوەکان و دروستکردنی قەیرانی پەنابەران.

بەڵام لە ناوەندی ناسەقامگیریی دروستکراوی دۆنۆڤیا، کە بە دەستدرێژیی چەکداری بە درێژایی ڕووبارێکدا دەگاتە لوتکە، حەوت وڵات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئاشتی لەسەر سنورە پەشێوەکە هێزەکانیان یەکدەخەن.

هەر یەک لە کازاخستان، قرغستان، مەنگۆلیا، پاکستان و تاجاکستان بۆ پێکهێنانی هێزی ئەرکی نیشتمانپەروەر لە ژێر فەرماندەیی یەکگرتووی ئەفسەرانی باڵای خۆیان، کەرتێک دابین دەکەن. ئۆزبەکستان هێزێکی ئەرکی سەربەخۆ بۆ پاراستنی ئاشتی بە درێژایی سنورەکە ڕەوانە دەکات. هێزی ئاسمانی، ئەگەر پێویست بێت، ئەوا لەلایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێت.

هەماهەنگیی ناوچەیی 23، کە مەشقێکی کۆمەڵیی نمایشییە، کە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا لە مانگی ئابی 2023ـدا بۆ هاوبەشە سەربازییەکانیی ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئاسیا ڕێکخرا، نواندنێکی ڕۆڵگێڕانی بە ئامانجێکی توندگیر پێشکەش کرد.

سیناریۆکانی سەقامگیرکردنی سنور کە قەیرانە سەربازی، سیاسی و مەدەنییەکانی لەخۆگرتبوو، کە هەماهەنگیی ئەفسەرانی دەستەی فرەنەتەوەیی بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازییەکانی زمان، کلتووری سەربازی و ڕواڵەتی نەتەوەیی کردبوو بە پێویستییەک.

نزیەکی 200 سەربازی کازاخی، قرغی، مەنگۆلی، پاکستانی، ئەمریکی و ئۆزبەکی پلاندانان، ئۆپەراسیۆنەکان و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگرییان لە ناوەندێکی ڕاهێنان لە هێلێنا، لە مۆنتانا هاوکات کردبوو، کە بە ناوەندێکی پەخشکردنی هاوبەش و کۆمپیوتەری پێکەوە بەستراو ئامێربەندکرابوون بۆ نوێنەرایەتیکردنی بارەگایەکی سەربازی.

لەبری ئەوەی کە سەربازەکان بەگوێرەی نەتەوایەتییان جیابکرێنەوە، ئەفسەران دوایان لە هەموو بەشداربووان کرد لە پێناو بەرژەوەندیی پێکهێنانی تیم، لە تەنیشت هاوتاکانیان کە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون دابنیشن.

"ئێمە لەگەڵ هەموو دراوسێکانمان لە ئاسیای ناوەڕاست و بە هەمان شێوە ئەمریکا کاردەکەین و بە ئەنجامدانی ئەمەیش ئێمە زۆر شت فێردەبین. هەتا دوایین سەرباز، هەریەکێک ئەرکێکی دیاریکراوی پێسپێردراوە" عەقیدی تاجیکی نورزۆدا نورایل، یەکێک لە پلە بەرزترین ئەفسەرانی وڵاتەکەی لە مەشقەکەدا، ڕایگەیاند.



ئەفسەرانی باڵای کازاخستان، قرغستان، مەنگۆلیا، پاکستان و تاجاکستان لە هەماهەنگیی ناوچەیی 23 ئامادەی کۆبوونەوەیەک دەبن.

لە 2001ـەوە نزیکەی هەموو ساڵێک هەماهەنگیی ناوچەیی ڕێکدەخرێت، لەگەڵ هەر دووبارەبووونەوەیەکدا زۆر پوختتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی ڕێچکەی چیرۆکی مەشقەکان نمایشیین، بەڵام قەیرانە ڕاستەقینەکانی جیهان بە گشتی لە ناوەڕۆکەکەدا ڕەنگدەداتەوە.

"ئەمە بە تێپەڕبوونی کات لە مەشقێکی چڕکراوە لە پاراستنی ئاشتییەوە بۆ مەشقێک کە سەرنج دەخاتە سەر کێشە ناوچەییەکان کە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئۆپەراسیۆنەکانی سەقامگیری، هاوکاریی مرۆیی و کەسانی ئاوارەبوو لە خۆدەگرێت، پەرەی سەند،" گای زیرۆ، جێگری بەڕێوەبەری مەشقەکانی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاند.

هەماهەنگیی ناوچەیی 23 زنجیرەیەکی لە وروژاندنی پەرەسەندووی بۆ باشترکردنی چۆنیەتیی کاردانەوەی سەربازە فرەنەتەوەییەکان وەکو تیمێک بەرامبەر بە سیناریۆ جیاوازەکان دابینکرد. دەستەیەکی تاوانبار سەرۆک شارەوانیی ناوچەیەکیان کوشت و ماددەی هۆشبەریان بە سنوورەکەدا بە قاچاخ گواستەوە. کەمپێکی خەڵکی ئاوارە، بوو بە گۆڕپانێکی شاراوەی دۆزینەوەی ئەندام بۆ تیرۆریستان. بارهەڵگرێکی دەست بەسەرداگیراوی دزراو چەکی کیمیایی مەترسیداری تێدایە. یاخیبووانی دوژمن بە دانانی پردی سەرئاوکەوتوو بەسەر رووبارێکدا، یاسای نێودەوڵەتییان پێشێل کرد.

ئەرکەکانی لەناوبردن و دەستگیرکردنی تاوانبارێکی داواکراو یان تیرۆریستێک بە ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت کە جیاواز لە هێزە ئەرکییە سەرەکییەکان لە ژێر فەرماندەیی خۆیاندا کاردەکەن.

وەک هاوشێوەی جیهانی ڕاستەقینە، ئەفسەرانی دەستە کە ڕۆژانە زانیاری بە فەرماندەکانیان دەدەن، پێویستبوو وەڵامی کەموکوڕییەکانی ئۆپەراسیۆن بدەنەوە. بۆ نمونە، فەرماندەی هێزی ئەرک سەبارەت بە نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ هێزی ئەرکی ئۆزبەکستان بۆ داخستنی کەلێنێک لە بەرگرییە سنورییەکان، پرسیاری لە ژێردەستەکانی کرد.

"مەشقەکە نەک تەنها بە بەکارهێنانی سەرمایەی خۆمان بەڵکو ئەوانەی وڵاتانی بەشداربووش، دەرفەت بۆ بەرگریکردن دژ بە دوژمنان دەڕەخسێنێت،" عەقیدی ئۆزبەکی تاهیر جەبارۆڤ ڕایگەیاند. "ئێمە توانای هەمووان لە ئاسیای ناوەڕاست بۆ کارکردن بەیەکەوە لەڕووبەڕووبوونەوەی شەڕانگێزی یەکدەخەین."

بە هەمان شێوە هەماهەنگیی ناوچەیی هەلێکی بۆ سوپاکانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکانیان دابینکرد، کە وەکو بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشی پاسەوانی نیشتمانیی ویلایەتیی ئەمریکا یەکخراون.

کازاخستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا، ئۆزبەکستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی میسیسیپی، قرغستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ئاریزۆنا و تاجاکستان لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیادا هاوبەشن. تورکمانستان، کە چاودێری بۆ مەشقەکە ڕەوانەکرد، بە هەمان شێوە هاوبەشی پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانایە.

ئەنتۆنی لێیتۆ لە دامەزراوەی ئۆپەراسیۆنەکانی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریی کۆلێژی سەربازیی جەنگیی ئەمریکا لە داڕشتنی سیناریۆکانی هەماهەنگیی ناوچەیی ڕۆڵێکی مەزنی گێرا.

لەبەرئەوەی پاراستنی مەدەنییەکان لە زیان لە ماوەی ململانێی چەکداریی ستراتیژی لەپێشینەی ئەمریکایە، لێیتۆ دڵنیاییدا لەوەی کە لە سیناریۆکانی مەشقەکەدا ئەمە بوونی دەبێت بۆ ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکان لە شوێنەکانی وەک ئاسیای ناوەڕاست، وەکو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە کەمپێکی پەنابەراندا.

"ئێمە لەوانەوە فێردەبین و ئەوانیش لە ئێمەوە فێردەبن،" لێیتۆ سەبارەت بە هاوبەشەکانی لە ئاسیای ناوەڕاست، پاکستان و مەنگۆلیا ئەمەی ڕاگەیاند.

**ئەفسەرانی پاکستان، قرغستان، تاجاکستان و کازاخستان لەمیانی مەشقی پاراستنی سنور لە هەماهەنگیی ناوچەیی 23 دەڕوواننە نەخشەیەک.**





فێربوون لە هاوبەشەکانەوە بە هەمان شێوە هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆ عەقید دانیار عیساکۆڤ، جێگری فەرماندەی هێزی ئەرکی فرەنەتەوەیی لە مەشقەکە. سەرەڕای ئەوەی کازاخستان مەشقی کۆمەڵیی نمایشیی خۆی ئەنجامدا، عەقید عیساکۆڤ بۆ ئاشنابوون بەوەی کە چۆن سوپاکانی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە دەکەن، بەپەرۆش بوو.

بەشێوەیەکی فراوان عەقید شاندە 16 کەسییەکەی لە ئەفسەرانی پلە نزم پێکهێنابوو بە ئومێدی ئەوەی لە ئەزموونکردنی کەسێی لە بوارەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و پلاندانانی سەربازی سوود وەربگرن.

"لێرە لە ئەمریکا، هەموو بەشداربووان لە فەرماندەی باڵاوە بۆ ئەفسەرانی پلە نزم ئەوە دەزانن کە ئەو چی دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی،" عەقید عیساکۆڤ ڕایگەیاند.

عەقیدی کازاخی کاناتبێک ئەسیمۆڤ زۆربەی مەشقەکەی وەکو بەشێک لە تیمی ئەفسەرانی باڵا لە ڕێبەریکردنی 200 بەشداربووەکە لە ڕێگەی سیناریۆکانی ڕاهێنانەوە، بەسەربرد. هەماهەنگیی ناوچەیی سەکۆیەکی نمونەیی بۆ بەشداریکردنی ڕووبەڕووی لەگەڵ ئەفسەرانی شەش وڵاتە بەشداربووەکانی تر دابینکرد، ناوبراو ڕایگەیاند. دۆستایەتییەکە زۆر زووتر دەستی پێکرد کاتێک تیمە فرەنەتەوەییەکان بۆ داڕشتنی پلان بۆ هاوکاریی ناوچەیی کۆبوونەوە.

"زۆر باش ڕێکخرابوو و ئامادەکاریی بۆ کرابوو،" عەقید ئەسیمۆڤ بەو شێوەیە باسی هەماهەنگیی ناوچەیی 23 ـی کرد. "ئێمە هیوادارین ئەم مەشقە لە باشترکردنی سەقامگیری لە وڵاتەکانی خۆماندا یارمەتیمان بدات."

عەمید حەماد ڕەزا، بەڕێوەبەری جەنگیی هاوبەش لە بارەگای دەستەی هاوبەشی پاکستان، سەرۆکی شاندی 15 ئەفسەری پاکستان بوو لە هەماهەنگیی ناوچەیی. ئەو وەک "بێ کەموکوڕ" ستایشی ئەنجامدانی مەشقەکەی کرد.

"ئەم مەشقە هاوبەشە دوو هەفتەییە بە دابینکردنی دەرفەتێکی ناوازە بۆ تێگەیشتن لە دوایین ئاڵنگارییە ئاسایشییەکان، ئێمەی لە هاوبەشەکانمان نزیک کردەوە،" عەمید ڕەزا ڕایگەیاند.

"ئەم مەشقە سروشتی تێگەیشتنی هاوبەشی پەرەسەندنی هەڕەشەکان، کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لەسەر دانیشتوانی مەدەنی، یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بەڕێوەبردنی ئاسایش و سەروەریی نەتەوەکان، وە گرنگی پلاندانی هاوبەش و پرۆسەی دەرکردنی بڕیاری سەربازی زیاتر بەرەوپێشبرد."

لایەنێکی مەشقەکە بریتی بوو لە پشکنین لەلایەن فەرماندەکانی یەکەکانی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکا کە هاوبەشیی سەربازانی ئاسیای ناوەڕاست دەکەن. عەمید جەیمس ڕینگ، سەرۆکی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا، بە گەرمی پێشوازی لە کەسایەتییە ئاشناکانی پاکستانی وڵاتی هاوبەشی خۆی کرد.

"ئێمە ناتوانین لە گرنگی ئەم جۆرە مەشقانە کەمبکەینەوە،" عەمید ڕینگ ئەمەی ڕاگەیاند. ✦

**ئەنجامدانی ڕاهێنان لە هەماهەنگیی ناوچەیی مامەڵەی لەگەڵ قەیرانە ئاسایشییە نمایشییەکان دەکرد، کە توانای سەربازانی لە پێکەوە کارکردن وەکو دەستەی بارەگای سەربازی تاقیکردەوە.**


بەرپاکردنی
ئاشتی
لە ڕێگەی
چەسپاندنی باشتری
یاسا
الله اكبر
شێوەسازی یونیپاس

# بەرنامەی چەسپاندنی یاسا لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوان سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت

دەستەی یونیپاس

**بەرنامەی** چەسپاندنی یاسا لە ناو کۆمەڵانی عێراق سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە دادگاییکردنی تاوانباران، لەناوبردنی دەنگۆکان، بەهێزکردنی گەنجان لە بەرامبەر مەترسیی توندڕەوەکان و تیرۆریزم و ڕاهێنانەوەی قوربانیانی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بەدەستهێناوە. پۆلیسی کۆمەڵایەتی، بۆ بەدواداچوون بۆ پرسەکان لە سەر ئاستی بنچینەیی، پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیاندا لە ناو ماڵەکانیان، لە دامەزراوە پەروەردەیی و تەندروستییەکان و لە دامەزراوەکانی تری دەوڵەتدا دروست دەکات. یونیپاس لەگەڵ لیوا دکتۆر سەعد مەعان، ڕاوێژکاری ئاسایشیی وەزارەتی ناوخۆی عێراق (MOI) بۆ تاوتوێکردنی ڕۆڵی پۆلیسی کۆمەڵایەتی کۆبووەوە.

**یونیپاس:** ئایا جیاوازی چییە لە نێوان پۆلیسی کۆمەڵایەتی و پۆلیسی ناوخۆیی؟

**لیوا سەعد:** پۆلیسی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕێکخراوێکی ئاسایش لە ناو وەزارەتی ناوخۆ، کە مەبەست لێی بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی ئاسایش و کۆمەڵگایە لە ڕێگەی دەستێوەردانی ئەندامانی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لەو پرسانەی کە هەڕەشە لە ئاشتیی مەدەنی لە وڵاتەکەدا دەکەن. دەکرێت ئەم دەستێوەردانانە بە چەند شێوەیەک بن، کە پێکدێن لە دابینکردنی ئامۆژگاری، داخوازی و پەروەردە، بە هەمان شێوە برەودان بە هەماهەنگی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ پێشگرتن لە تاوان و کاری هەڵە. کاری پۆلیسی ناوخۆیی بەندە لەسەر لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردن کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە دەردەچێت، ئەمە جگە لە چەندین ئەرکی تر. سەرەڕای ئەوەش، لێکچوونی نێوان ئەم دووانە لە خەمی هەر تاکێکدا بۆ سەروەریی یاسا و بەرزکردنەوەی ئاستی سەقامگیریی کۆمەڵگا خۆی دەبینێتەوە.




وەزارەتی ناوخۆی عێراق

**یونیپاس:** ئایا بەشی پۆلیسی کۆمەڵایەتی چەند ئەندام و هۆبەی هەیە؟

**لیوا سەعد:** دەستەی کارمەندان لە 1،000 ژن و پیاو تێدەپەڕێت و لە ئەفسەرانی هەموو ئاستێک و فەرمانبەرانی حکومی پێکدێن کە بە سەر سەرانسەری پارێزگا جیاوازەکانی وڵاتدا دابەشکراون. بەشی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لە 24 کەرت پێکدێت، لەوانە 16 کەرت لە بەغدا و پارێزگاکان، و شەش کەرتی پسپۆڕیی تەکنیکی، یەکەی کارگێڕی و یەکەی چاودێریکردن.

**یونیپاس:** چی شتێک وەکو هۆکاری سەرکەوتنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا هەژماردەکرێت؟

**لیوا سەعد:** هۆکاری سەرکەوتنی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بریتییە لە نزیکایەتی ئەفسەران لەگەڵ کۆمەڵگە و چالاکییەکانی. پۆلیسی کۆمەڵایەتی جیاوازترە لە پێکهاتەکانی تر، بەوپەڕی سانایی بریتییە لە: دابینکردنی ئامۆژگاری، ڕاوێژکاری، داکۆکیکاری و پەروەردە بەبێ هیچ دەستێکی زبری هاوشێوەی شێوازە نەریتییە پۆلیسییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت سەرکەوتن بە وەزارەتی ناوخۆ ببەخشرێت، کە لەلایەن خودی وەزیری ناوخۆ بەرجەستکراو و پشتیوانی گەورە و بەردەوامی ئەو بۆ پاسەوانیکردنی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی پشتیوانی تەکنیکی و لۆژیستی بەرجەستەکرا. ئەمانە هۆکاری گرنگن لە سەرکەوتنی چەسپاندنی یاسا لەناو کۆمەڵانی خەڵک، کە بە هەمان شێوە بەهۆی سروشتی مرۆیی کارەکەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە پشتیوانی دەکرێت.

> وەزارەتی ناوخۆ لەو باوەڕەدایە کە ئاسایش و سەقامگیری لە هیچ بەشێکی جیهان، نەک بە تەنها لە عێراق، ناتوانرێت بەبێ هەوڵە چڕەکانی دانیشتوانەکەی و پشتیوانییە مەزنەکەیان بۆ کاری دامەزراوەکانی ئاسایش بەدەستبهێنرێت.

**یونیپاس:** ئایا دەتوانیت بە شێوەیەکی وردتر باسی ئەرکی ئەم ئەفسەرانە بکەیت؟

**لیوا سەعد:** بە ڕاستی ناوتوانرێت ئەرکی پۆلیسی کۆمەڵایەتی بۆ چەند دێڕێک کورت بکرێتەوە، بەڵام دەتوانین بە گشتی باسی گرنگترین ئەو ئەرکانە





بکەین کە پێی سپێردراوە، بە دیاریکراوی، دڵسۆزییان بۆ بەهێزکردنی هاوبەشیی نێوان دامەزراوەی ئاسایش لە وەزارەتی ناوخۆ و کۆمەڵگا بە تاک، ڕێکخراوەکان و هەموو وردەکارییەکانیەوە لەسەر بنەمای خواستێکی هاوبەش بۆ باشترکردنی ئاسایش و سەقامگیری و بەرەنگاربوونەوەی تاوان بە هەموو شێوەکانییەوە. وەزارەتی ناوخۆ لەو باوەڕەدایە کە ئاسایش و سەقامگیری لە هیچ بەشێکی جیهان، نەک بە تەنها لە عێراق، ناتوانرێت بەبێ هەوڵە چڕەکانی دانیشتوانەکەی و پشتیوانییە مەزنەکەیان بۆ کاری دامەزراوەکانی ئاسایش بەدەستبهێنرێت.

## پۆلیسی کۆمەڵایەتی سەردانکردن بۆ قوتابخانەکان و زانکۆکان بە ئەنجام دەگەیەنێت و لەسەر بابەتەکانی سەلامەتی گشتی و مەترسی بوون بە قوربانی تاوانباران قسە دەکەن، و بە هەمان شێوە چەندین ئەرک و کاری تر بە ئەنجام دەگەیەنن.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەرکی پۆلیسی کۆمەڵایەتی فرەلایەنە. ئەمە بەهێزکردنی پەیوەندی خێزانی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانە لەخۆدەگرێت کە هەڕەشەن بۆ سەر پێکهاتەکەی، وەکو هێرشی ئەلیکترۆنی و خاوەسەندن، و بەرەنگاربوونەوەی داب و نەریتە ناتەندروستەکان لە ترسی بڵاوبوونەوەیان لە کۆمەڵگادا. ئەمە جگە لە پشتیوانیکردنی هەموو دامەزراوەکانی پۆلیس لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکان بەر لە ڕوودانیان، ئەمەش لە ڕێگەی داکۆکی، پەروەردە، ئامۆژگاریکردن و ڕاویژکاری، بەشداریپێکردنی هەموو هاوڵاتییان لە چالاکییەکان، ڕێوڕەسمەکان و پەیوەندی یەک بەدوای یەک و ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی هەموو ئاینیەکان.

هەروەها پۆلیسی کۆمەڵایەتی بەرپرسە لە ئەرکێکی تری گرنگ، کە بریتییە لە دڵنیابوونەوە لە ڕاهێنانەوەی هەموو ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگەی عێراق کە تووشی ئاڵوودەبوون، ئاوارەبوون یاخود چەوساندنەوە بوون، ئەمەش لە ڕێگەی ئاوێتەکردنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی قۆناغدار. پۆلیسی کۆمەڵایەتی سەردانکردن بۆ قوتابخانەکان و زانکۆکان ئەنجام دەدات و لەسەر بابەتەکانی سەلامەتیی گشتی و مەترسیی بوون بە قوربانیی تاوانباران قسە دەکەن، و بە هەمان شێوە چەندین ئەرک و کاری تر بە ئەنجام دەگەیەنن.

**یونیپاس:** بۆچی پۆلیسی کۆمەڵایەتی سەرنج دەخاتە سەر دەستگەیشتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی؟

**لیوا سەعد:** بۆ پێڕاگەیشتن بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاسانی بەدەستخستن، بەکارهێنان و پشتبەستن بە ئامێرە زیرەکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و گروپە تەمەنییەکان، پێویستە پۆلیسی کۆمەڵایەتی ژمارەیەک کەناڵی گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵکی گشتی لەسەر سەکۆکانی وەکو فەیسبووک، ئینستاگرام و یوتیوب دروست بکات. ناوەڕۆکەکە نوێکردنەوەی هەواڵەکان، خۆ گەیاندن، بڵاوکراوەی فرەلایەن و گفتوگۆکردن لە ڕێگەی بەرنامەی نامەناردنی مۆبایل و هەروەها بەرنامەی ڕاستەوخۆی ئینتەرنێتی کە بەشی پەروەردەیی دەربارەی دیاردەی نەرێنی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان و تاوانە دوبارەبووەکان لەخۆبگرێت بەبێ لەدەستدانی ڕۆڵی خۆی لە بوارەکەدا، کە سەرەکیترین خاڵی کارەکانە.

**یونیپاس:** ئایا چۆن پۆلیسی کۆمەڵایەتی دادگایی تاوانبارانی تاوانی ئەلیکترۆنی دەکات؟

**لیوا سەعد:** هەرە دیارترین تاوانی ئەلیکترۆنیی چادێریکراو لەلایەن پۆلیسی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە سەرانە وەرگرتنی ئەلیکترۆنی. لەم بارەیەوە هێڵی گەرمی ”497“ـی پۆلیسی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە پەیوەندی پێوەدەکرێت، و لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا مامەڵە لەگەڵ زیاتر لە هەزار پەیوەندی کراوە. پۆلیسی کۆمەڵایەتی بە دوو ڕێگە چارەسەرکردنی ئەم بابەتەی گرتووەتە ئەستۆ: یەکەم، ئێمە وەڵامی ئەو هاوڵاتییانە دەدەینەوە، کە تووشی ناچارکردن و سەرانەوەرگرتن بوونەتەوە. بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت خۆیان بەدوربگرن لە ڕێکارییە دادوەرییەکان، بە جۆرێک کە کەسی ناچارکەر لە لایان ئاشنابێت (ناونیشانەکەی یان شوێنی کارەکەی لەگەڵ هەر وردەکارییەک کە دەکرێت بەدەستبخرێت)، پۆلیسی کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی هێزی یاسایی دەچێت بۆ ناونیشانەکەی و قسەکردن لەگەڵیدا، ئامرازی ناچارکردنەکە لەناودەبات، و بەڵێننامەی نووسراو بەدەستدەهێنێت لەوەی کە ئەو کەسە جارێکی تر ئەم کارە دووبارە ناکاتەوە. دووەم، لەو حاڵەتانەی کە کەسی ناچارکەر هیچ ناونیشانیکی ئاشکرا یان شوێنی کاری نەبێت، ئەوا ئێمە بۆ یارمەتی زیاتر قوربانییەکان ڕەوانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین.

**یونیپاس:** ئایا ڕۆڵی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان چییە؟





**لیوا سەعد:** هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە هەڕەشەی مادده هۆشبەرەکان هیچ جیاوازییەکی نییە لە هەڕەشەی تیرۆریزم، هەردووکیان کار بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگە دەکەن. هەروەها مادده هۆشبەرەکان سەرچاوەی سەرەکیی پاڵپشتی دارایی تیرۆرن. لەبەر ئەم هۆیە، جەنگی دژ بە ماددەی هۆشبەر بووە بە کاری لەپێشینەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق. لەو ڕوانگەیەوە، مامەڵەکردنی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم پرسە گرنگ و مەترسیدارە ڕەهەندی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بەر لە هەموویان جێگیرکردنی کەرتی پۆلیسی کۆمەڵایەتییە لەو ناوچانەی کە گەنجان، هەرزەکاران و خوێندکاران تێیدا نیشتەجێن، چونکە ئەم پێکهاتانە زۆرترین مەترسی مادده هۆشبەرەکانیان لەسەرە. بە هەمان شێوە پۆلیسی کۆمەڵایەتی کار لەسەر بڵاوکردنەوەی کلتوری هۆشیاری دەکات، ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ڕاوێژکاری پێشکەش دەکات، و دەرەنجامی شوێنکەوتنی ڕێگەی مادده هۆشبەرەکان پیشانی ئەم پێکهاتانە دەدات لە کاتێکدا هەمووان لە شێوازەکانی گەیاندنی ماددەی هۆشبەر لەلایەن فرۆشیارانییەوە ئاگادار دەکاتەوە. ئا لێرەوە ڕۆڵی پۆلیسی کۆمەڵایەتی لایەنێکی تر لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی ئەمە پەیوەندیدارە بە بەکاربەرانی ماددەی هۆشبەر و ئاڵوودەبووان، واتە کارکردنی هەماهەنگ لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی، سایکۆلۆژی و کۆمەڵاتییەکان بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان بە ژیانی ڕۆژانە، قسەکردن لە شوێنگەکانی دەستبەسەرکردنیان، گەیاندنی یارمەتیی هەمەجۆر بۆ خیزانە خاوەن پێداویستییەکان و ڕێوشوێنی کرداری تر. بەهۆی دەستڕاگەیشتنی بەردەوامی ئێمە بە کۆمەڵگە، زانیای دروستمان لەبارەی حەشارگەی باندەکانی ماددەی هۆشبەر، ناوی فرۆشیارانی ماددەی هۆشبەر و ڕێگاکانی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان لە نێوان شارەکاندا بەدەست گەیشتووە. ئێمە ئەم زانیاریە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەگەیەنین. ئێمە لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی بە ئامانجکراو بۆ سەر شوێنگەکانی ماددەی هۆشبەر و دەستگیرکردنی سەدان تاوانبار سەرکەوتنی گەورەمان بەدەستهێناوە.

**یونیپاس:** ئایا پۆلیسی کۆمەڵایەتی چەند وتاری پەروەردەیی پێشکەش کردووە و ئامڕاز و جۆرە بەردەستەکانی ئەم وتارانە چیین؟

**لیوا سەعد:** ئێمە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی و پەروەردەییەکان، تیمی پسپۆڕمان هەیە، کە بۆ بەهێزکردنی گەنجان لە بەرامبەر دیاردەی نەرێنی و پاراستنیان لە گاڵتەپێکردن و نائومێدی کە ڕەنگە ببێتە هۆی خۆکوشتن یان تاوانکاری، کاریان لەگەڵدا دەکەین. ئێمە لەسەر هۆکارەکان و چارەسەری خۆکوشتن 124 سیمینارمان پێشکەش کردوون، کە زیاتر لە نیوەیان لە خوێندنگاکاندا پێشەکەش کراون. نزیکەی 1,900 وانە لەبارەی گاڵتەپێکردن و

**ئەفسەرانی پۆلیسی کۆمەڵایەتی بەشداری لە کاری خزمەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەوانە پرۆژەکانی پەروەردەی منداڵ و کاری گشتی.** وەزارەتی ناوخۆی عێراق

توندوتیژیی خوێندکاران، توندوتیژی دژی مامۆستایان یان تەرککردنی قوتابخانە بوون. وە 235 وتاری تری پەیوەندیدار بە توندوتیژیی خێزانی. ئەم جۆرە لە سەردانکردنانە لە ناو ماڵی قوربانییەکەدا دەبێت. وە 117 وتاری تر کە پێکهاتبوون لە فێرکردنی خەڵکی گشتی لەسەر ڕێزگرتن لە دامەزراوە تەندروستییەکان. لە هەندێک لە بازنەکانی کۆمەڵگادا ئێمە زنجیرەیەک حاڵەتی هێرشکردن بۆ سەر کارمەندی تەندروستی و هەڵکوتانە سەر نەخۆشخانەکان و کلینیکەکان لە لایەن کەسوکاری کەسی کۆچکردووەوە هەبووە.

**یونیپاس:** ئایا هیچ ئامارێکتان لەسەر ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانە لەبەردەستدایە کە ئێوە لە ڕێگەی هێڵی گەرمی 497 وەڵامتان داونەتەوە و ئایا بابەتە باوەکانی ئەو پەیوەندییانە چیین؟

**لیوا سەعد:** 21,906 پەیوەندی کراون و سەرەکیترین بابەتی هاوبەش بریتی بوو لە داواکاری بۆ پشتیوانی سایکۆلۆژی، وە بۆ یارمەتی مرۆیی (2,178 پەیوەندی). دواتر باوترین بابەتی هاوبەشی پەیوەندییەکان برتی بوو لە توندوتیژیی خێزانی (1,514 پەیوەندی).

**یونیپاس:** ئایا چۆن پۆلیسی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەدواداچوون بۆ توندڕەوەکان بکات و ڕێوشوێنی ئاسایشی پێویست بگرێتەبەر؟

**لیوا سەعد:** دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە کۆمەڵگای عێراقی گوتاری توندڕەویی تێپەڕاندووە، تەنها کەسانێکی زۆر کەم نەبن کە ئەفسەرەکانمان لە ڕێگەی بەشە تایبەتمەندەکانەوە بەدواداچوونیان بۆ دەکەن. وە لەگەڵ ئەوەشدا، پۆلیسی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەخشانکردنی کەشوهەوای خۆشەویستی، ئاسوودەیی و پێکەوەژیانیی ئاشتیانە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە دەکات. وەڵامی ئێمە بۆ ئەم پرسە بەشێوەی ناراستەوخۆیە لە ڕێگەی پوچەڵکردنەوەی درۆ و دەنگۆکان کە ئاشتیی کۆمەڵگای عێراقی دەشێوێنێت. بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ کۆمەڵگادا، ئێمە خۆمان چاودێریی چەند حاڵەتێک دەکەین، یاخود دەکرێت هاوڵاتیان کەرتەکانمان لە چالاکییە گوماناوییەکانی ناو کۆمەڵگا ئاگاداربکەنەوە. لە بەرامبەردا، ئێمە ئەم زانیاریانە دەگەیەنین بە دەسەڵاتی ئاسایشی پەیوەندیدار تا بتوانن ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن. ✦

# دەستەبەرکردنی دابینکاریی وزە

## پێویستە وڵاتان لە نێوان دابینکردنی وزەی زۆر و پاراستنی هەسارەکە هاوسەنگی ڕابگرن




**شێخ سالم عەبوڵڵا ئەلجابر ئەلسەباح** وەزیری کاروباری دەرەوە، کوەیت

دەوڵەتی کوەیت لە دڵی ناوچەیەکی گرنگ و دەوڵەمەند بە سەرچاوە هەڵکەوتووە کە پشکی گونجاوی خۆی لە ناسەقامگیریدا هەبووە. لەم ناوچە پشێوە و دەرەوەیدا، دەوڵەتی کوەیت ڕۆڵێکی درێژخایەنی لە پاراستنی ناوچەکە و سیاسەتی جیهانی و سەقامگیری وزەدا گێڕاوە.

ئێمە گەواهیدەری پەیوەندی نێوان بازاڕەکان و سروشتی بەکۆمەڵی ئاسایش بووین. شەپۆلەکان لە قرم بوونە هۆی دروستبوونی تۆفان لە کامبریج و ماساشوسیتس. هیچ ناوچەیەک لە دەرەنجامەکانی ململانێ پارێزراو نییە. وە بەداخەوە، نرخی وزە بە دەنگی دەهۆڵەکانی جەنگ بەرز دەبێتەوە.

بە دیاریکراوی لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ڕێگریکردن لە پەرەسەندن، و گفتوگۆ زۆر گرنگن. وە پاشان برەودان بە گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئێمە پێویست دەبێت، بەجۆرێک کە لە نەهێشتنی ئەو ئاڵنگارییانەدا خزمەت بکات کە پێکەوە ڕوبەڕوویان دەبینەوە.

دەوڵەتی کوەیت لە ڕۆڵی خۆی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە ڕێگەی ئاشتییەوە، بەردەوام دەبێت.

جگە لە ڕووداوە جیۆپۆلیتیکییەکان، ئێمە بە هەمان شێوە پێویستە دوو هۆکاری بنچینەیی کە دیدگای ئاسایشی وزە ئاڵۆز دەکەن، لەبەرچاوبگرین. یەکەم، ئەگەری پاشەکشەی ئابووریی جیهانی. شارەزایانی ئێمە و ئێوە هەڵسەنگاندنی هاوشێوەیان هەیە، هەر ئەمەش پاڵنەری کرداری پێکەوەیی بوو لە لایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتەوە بۆ ئەوەی خۆمان بۆ پاشەکشەی ئابووریی جیهانی ئامادە بکەین، هەروەها بۆ ئامادەکردنی وەبەرهێنەران و گەلانی بەکاربەر لەوەی بازاڕەکان لە ساڵی 2023ـدا چی لەخۆدەگرن. وە ئەم جۆرە بڕیارانە سیاسی نیین، بەڵکو بوونگەرایین.

وە دووەم، لاوازبوونی زنجیرەکانی دابینکاری وزە. پێویستە لەلایەن هەموومانەوە وەبەرهێنانی زیاتر لە هەردوو کارەکانی دەرهێنان و پاڵاوتندا بکرێت. پاڵاوگە کۆن و لە کارخراوەکانی نەوت تەنها تواناى ئێمە بۆ دانانی ئەو ڕێڕەوە ئابوورییانەی کە هەردوو وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر دەپارێزن، سنووردار دەکات.

لەسەر پرسی ئاسایشی وزە، هیچ کەسێک ناتوانێت کاریگەرییەکانی لەسەر کەشوهەوا پشتگوێ بخات. من وتەی سەرکردەیەک کە لە مێژە پشتگیری ئەم دۆزەی کردووە، خاوەن شکۆ پاشا چارڵزی دووەمی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دوبارە دەکەمەوە: 'گۆڕانی کەشوهەوا مەترسییەکی بوونگەرایی گەورەتر دروست دەکات بەجۆرێک دەبێت خۆمان بۆ شتێک ئامادەبکەین کە دەکرێت بە جەنگ ناوببرێت."






**ڕاست: پاڵاوگەی نەوتی ئەلئەحمەدیی کوەیتی گەورەترین و دابینکەری سەرەکیی سوتەمەنی وڵاتەکەیە.** AFP/گێتی ئیمەیجس

**شێخ سالم عەبدوڵڵا ئەلجابر ئەلسەباح، وەزیری کاروباری دەرەوەی کوەیت، لە کۆبوونەوەی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان لە میسر لە مانگی تشرینی دووەمی 2022، قسە دەکات.** AFP/گێتی ئیمەیجس

لە ڕاستیدا نابێت هیچ گومانێک لەم بارەیەوە هەبێت. گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشەیەکی سنوربەزێنی فرە نەوەییە. لە ڕێککەوتنی پاریس و کۆنفرانسەکانی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڵێننامەی زۆر گرنگ واژۆکران. ئەو ڕێککەوتننامانە ئامانجی کوەیت بۆ گەیشتن بە ڕێژەی بێلایەنکردنی کاربۆن لە کەرتەکانی نەوت گازی ئێمە تا ساڵی 2050 لەخۆدەگرێت، بە ئامانجی تەواوی بێلایەنی کاربۆن هەتا ساڵی 2060. وەک چۆن لەم دواییانەدا لە کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان لە قاهیرە بەڵێنمان دابوو، ئێمە ڕێز لە بەڵێنەکانمان دەگرین.

ئێمە لە زنجیرەی پەیوەندیی گۆڕانی کەشوهەوا، ئاسایش و خۆشگوزەرانی کۆدەبینەوە. وەک چۆن براکانمان لە شانشینی سعودیە چەندین ساڵ لەمەوبەر هۆشیارییان دابوو، ئێمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەردوو ئاسایشی وزە و خۆشگوزەرانیی ئابووری ناتوانین بە تەنها تیشک بخەینە سەر کەشوهەوا. هەردوو ئەم هۆکارە لەسەر تەرازووی هاوسەنگی هەستیار وەستاون.

پرسیارەکە بەشێوەیەکی نارێک بەم جۆرە ئاراستە کرا: ئایا ئێمە ئەمڕۆ لە تاریکیدا ڕەقدەبینەوە یاخود لە داهاتوودا لە ژێر تیشکی خۆردا دەسوتێین؟ کاتێک بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە ئاڵۆزە دەکرێت، پێویستە جەخت لەسەر ناسکیی بازاڕەکانی وزە و گواستنەوەی وزە، کاریگەرییەکانیان لەسەر ئابووریی جیهانی و هەڕەشە جیۆستراتیژییەکان و دەرەنجامەکانیان لەسەر وڵاتان و گەلانی کەمتر دەوڵەمەند بکرێتەوە.

وەک چۆن بازاڕەکانی وزە خۆیان بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو ئامادە دەکەن، وەک چۆن ململانێکان چڕدەبنەوە و پاشەکشەی ئابووریی جیهانی لە ئارادایە، وەک چۆن خێزانەکان بۆ گەڕان بەدوای گەرمی و ئاسوودەییدا کۆدەبنەوە، با ئێمەش یەکبگرین. چونکە تەنها لە ڕێگەی هاوڕێیەتیمانەوە گەشە دەکەین و لە ڕێگەی هاوبەشیمانەوە سەرفراز دەبین. ✦

# ڕاهێنەر مەترسییە هاوچەرخەکان دەکاتە ئامانج




دیمەنێک لە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن لە عەمان. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن



# عەمید عەزام ئەلڕەواحنە، فەرماندەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن، جەخت لەسەر بەیەکگەیشتنی جیهانی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی باش ئامادەکراو دەکاتەوە

دەستەی یونیپاس

**بۆ** ئەوەی بتوانێت بە هەڕەشە ناوچەییەکاندا بگات، ئەردەن گرنگی بە پەرەسەندنی ستراتیژییە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایش و بەرگری دەدات. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بە یەکێک لەو سوپایانە دادەنرێت کە خاوەنی توانای ئاڵۆز و شارەزایی کەڵەکەبوون. هەر لەم ئەزموونەوە، وەک ئەردەن دەیەوێت لە پێناو ناوچەیەکی سەقامگیر و سەلامەتتدا لەگەڵ براکان و هاوڕێکانیدا هاوبەشی بکات، کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن (RJNDC) بۆ بوون بە خانەیەکی مەزن کە سەرکردەکانی داهاتوو ئامادەبکات دامەزرێنرا. یونیپاس لەگەڵ عەمید عەزام ئەلڕەواحنە، فەرماندەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی، کە وەکو داب و نەریتی خۆی، بە گەرمی پێشوازی لە یونیپاس کرد و لەبارەی دەستکەوتەکانی کۆلێژەکە و ڕوانگەی خۆی بۆ پێشخستنی گفتقگۆی کرد.

**یونیپاس: ئایا ئەرکی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن چییە؟**

**عەمید عەزام:** سەرەتا، دەمەوێت دەربارەی بنچینەی کۆلێژەکە قسە بکەم. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن پێکهاتەیەکی دەوڵەتی ئەردەنن و وەکو هێزی دایناميکی لە کاتی دەرکەوتنی ئاڵنگارییەکانی ئاسایش دەردەکەون. لەبەر ئەم هۆکارە، کۆلێژەکە لە سەرەتاوە بە ڕوانگەیەکی ستراتیژیی سەرکردایەتی هاشمی دامەزراوە. ڕاهێنان و پێگەیاندنی سەرکردەکان کە لە تواناياندابێت سەرکردایەتی وڵات بکەن و بەڕێوەی ببەن و ئاڵنگارییەکانی چارەسەربکەن، ئەوا دامەزراندنی کۆلێژێک کە بتوانێت ئەمانە بەدیبهێنێت پێویستییەکی بەرچاوبوو. بۆیە ئێمە بە دامەزراندنی کۆلێژی جەنگیی شاهانە دەستمان پێکرد، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گرنگی بە پلاندانانی ستراتیژیی سەربازی دەدا. ئەمە هەتا ساڵی 2002 بەردەوامبوو، کاتێک کە ڕوانگەی ستراتیژیی سەرکردایەتی سیاسیی و سەربازیی هاشمی لە هێزە چەکدارەکاندا بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو کە بتوانێت هاوئاهەنگی و ئاوێتەیی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی دەوڵەت بەدەستبهێنێت، پێویستی بە گۆڕانکاری هەبوو. ئامانجی سەرەکیی بریتی بوو لە ڕاهێنانی سەرکردەیەک کە لە توانايدابێت لە سەر ئاستی سەربازی و مەدەنی دەوڵەت بەڕێوە ببات و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بە ڕێگایەک کە سەرچاوە مرۆییە شایستەکان و لێهاتوویی جوڵەپێکردنی دامەزراوەی سەربازی و دامەزراوەکانی تری دەڵەت بەرەو پێشەوە، هاوتەریب، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هەمەچەشنە

پەیدابووەکان، بەکاربهێنێت. لەوێشەوە هەنگاوێک بەرەو چەمکی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن نرا. بیرۆکەی بەرگریی هەمەلایەنە بۆ بەدەستهێنانی هاوبەشکردنی ئەزموون، پێویستی بە شارەزایی ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت بوو. لەگەڵ ئەمەدا، کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی لە ساڵی 2003 کرایەوە. RJNDC بە خولی هاوبەشی ڕاهێنانی بەرگری و جەنگی دەستپێکرد. کۆلێژەکە بەردەوامە لەم ڕێچکەیە و 22 یەکەی پیادەی فەرماندەی ئامادەکردووە. کاری کۆلێژەکە تەنها سنوردار نییە بە ئامادەکردنی سەرکردەکان بۆ ئەردەن، بەڵکو بە هەمان شێوە ئامادەکردنی سەرکردەکانی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش لەخۆدەگرێت.

**یونیپاس: زۆربەی ستراتیژییە ئاساییەکانی جەنگ گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە. ئایا چۆن مەنهەجەکە باس لە جەنگی ئاوێتە و نەوەی پێنجەم دەکات؟**

> **"ڕاهێنان و پێگەیاندنی سەرکردەکان کە لە توانایاندابێت سەرکردایەتی وڵات بکەن و بەڕێوەی ببەن و ئاڵنگارییەکانی چارەسەربکەن، ئەوا دامەزراندنی کۆلێژێک کە بتوانێت ئەمانە بەدەستبخات پێویستییەکی بەرچاوبوو."**

**عەمید عەزام:** کۆلێژی بەرگری هەمیشە ئاگاداری ڕەوتە باوەکانی سەردەمە. یەکەم ڕێگا کە ئێمە ئەم ئەرکەی تێدا ئەنجام دەدەین بریتییە لە ڕێگەی پەیوەندییە بەردەوامەکان لەگەڵ هاوڕێکانمان لە ئەوروپا و ئەمریکا. هەروەها ئێمە لە ژینگەی کارکردندا بە تایبەتی، و لە ڕێگەی سکۆلەرشیپ و توێژینەوەوە ئاگاداری پێشهاتە نوێیەکان دەبین. سەرەڕای ئەوەش، ئێمە بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەی مەنهەج لیژنەیەکمان هەیە تا بتوانین لەگەڵ تەواوی جیهاندا هەنگاوبنێین. لێرەوە، من دڵنیاتان دەکەمەوە لەوەی کە ڕێنماییەکانی ئۆپەراسیۆنەکان و ڕاهێنانی سەرکردایەتی بەگوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییە بەرزەکان چەمکەکانی جەنگی هاوچەرخ لەخۆدەگرن، ئاخۆ ئەمە جەنگی ئاوێتە یان ئەلیکترۆنی، یاخود جەنگی نەوەی چوارەم و پێنجەم بێت. بۆیە ئێمە زۆر بە پەرۆشین لەوەی کە لە هیچ یەکێک لە توێژینەوەکانمان لەم بەشەدا تەنانەت ئەگەر بۆ ساتیکیش بێت دوانەکەوین، لەبەرئەوەی ئێمە لەم بوارەدا لە ناوچەکە بە نمونە دادەنرێین.

**یونیپاس: ئایا فەلسەفەی ئێوە لەسەر بنیاتنانی تواناکانی گەنجان بۆ بوون بە هەڵگرانی ئاڵا لە داهاتوودا چییە؟**

**عەمید عەزام:** من وادانانێم کە فەلسەفەکەم فەلسەفەی خودی خۆمە؛ بەڵکو، ئەمە بە گشتی لە فەلسەفەی دەوڵەت و فەلسەفەی سەرکردایەتیی هاشمی سەرچاوەی گرتووە، کە بە شێوەیەکی بنچینەیی لەسەر بیرۆکەی برەودان بە تواناکانی مرۆڤ بۆ باشترکردنی دەوڵەت بەندە. لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا، فەلسەفەی سەرکردایەتیی هاشمی سەرنجی خستووەتە سەر ئامادەکردن و دروستکردنی سەرکردەی گەنج کە لە توانایاندابێت لە پێویستییەکانی سەردەمەکە و مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکان تێبگەن. ئەمەش لە ژێر ڕێنمایی فەرماندەی گشتیدا هاتە ئاراوە و لەلایەن خاوەن پایە شازادەی جێنشین حسێن ئیبن عەبدوڵڵا، گەنجێک کە خاوەنی ڕوانگە و وزەیەکی بەهێزە بۆ ئەنجامدانی ئەرک، سەرکردایەتی کراوە. من لەو باوەڕەدام کە وەبەرهێنان لە داهاتوو بریتییە لە وەبەرهێنان لە سەرکردەی گەنج لە هەردوو ڕەهەندی مەدەنی و سەربازیدا. ئەمە باوترین ڕێبازە لە شانشینی هاشمیی ئەردەن، وە RJNDC یەکێکە لە ئامرازەکانمان بۆ چەسپاندنی ئەم فەلسەفەیە. ئێمە پابەندین بە پەیرەوکردنی ئەم ڕێبازە و سەرنج خستنە سەر پێشکەوتنەکان لە توێژینەوە سەربازی و ستراتیژییەکان، ئاخۆ پەیوەنی بە جەنگە هاوچەرخەکان و شێوازەکانیان، ژینگەی سەرهەڵدانی مەترسییەکان و ڕەقەکاڵاوە هەبێت، یاخود بەو ئامرازانەی کە لە کابینەی حکومەتدا بەکاردەهێنرین. من بە توندی باوەڕم وایە کە ناتوانرێت دەوڵەتی هاوچەرخ لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕابردووەوە بەڕێوەببرێت.

**یونیپاس: خوێنکارەکانت کێن و چی پۆستێک لە هێزە چەکدارەکان وەردەگرن؟**

**عەمید عەزام:** لە ساڵانی ڕابردوودا، خوێندکارەکانمان لە پلە بەرزەکانی عەمید و سەروتردا بوون. سەبارەت بە کەرتی مەدەنی، مەرجی ڕوون بۆ ئاستی پاڵاوتن و ئاستی بڕوانامە هەیە، کە دەبێت پێش پەیوەندیکردنیان بە کۆلێژ و لە پلەی پۆلێنکردن و ئاستی کارەکانیان لە خزمەتی حکومیدا هەیانبێت. لە ڕووی سەربازییەوە، ئێمە پێشتر بە پلەی عەمید دەستمان پێدەکرد، بەڵام بە ڕەچاوکردنی فەلسەفەی وەبەرهێنان لە گەنجەکانمان، ئێستا خوێندکارمان بە پلەی عەقید و موقەدەم لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن هەیە بۆ دروستکردن و ڕاهێنانی سەرکردەی گەنج کە لە داهاتوودا بتوانێت پۆستی سەرکردایەتی لە ئاستی ئۆپەراسیۆن و ستراتیژیدا وەربگرێت، بۆیە ئێمە بە شێوەیەکی باشتر بۆ بنیاتنانی نەوەیەک کە توانای بڕیاردان و پلاندانانی ستراتیژی هەبێت، گونجاوین.

**یونیپاس: ئایا پلانەکانی ئێوە بۆ گەشەپێدانی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی چییە؟**

**عەمید عەزام:** ڕوانگەی من لەو سەرکردانە وەرگیراوە کە پێش من لێرەدا بوون و بناغەیەکی تۆکمەیان داناوە تا بتوانین لەسەری بنیات بنێین. ئا لەوێوە پێویستە ئێمە لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و لەگەڵ پەرەسەندنی تیۆرییە سەربازییەکان و بەرژەوەندییەکان دەوڵەت هەنگاوی بەردەوام بنێین. ئەم دامەزراوەیە لە پێشکەشکردنی سەرکرایەتیی بەتوانا بە هێزە چەکدارەکان و پێکهاتەکانی حکومەت، خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە. ڕوانگەی من بەندە لەسەر دوو ڕێبازی سەرەکی. یەکەم بریتییە لە پێویستیی دروستکردنی پردی هەماهەنگی و پەیوەندی لەگەڵ هەموو زانکۆ گەورە جیهانییەکانی هاوشێوەی RJNDC، ئەوانەی کە لە بەرگری، تیۆری ستراتیژی و بنەماکانی جەنگی

## "ڕێنماییەکانی ئۆپەراسیۆنەکان و ڕاهێنانی سەرکردایەتی بەگوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییە بەرزەکان چەمکەکانی جەنگی هاوچەرخ لەخۆدەگرن، ئاخۆ ئەمە جەنگی ئاوێتە یان ئەلیکترۆنی، یاخود جەنگی نەوەی چوارەم و پێنجەم بێت."

هاوچەرخ تایبەتمەندن، بۆ گواستنەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان و وانە، و بە ئەنجامدانی سیمینار و خوێندنی هاوبەش. بە جێبەجێکردنی ئەمە، ئێمە لە هەردوو ئاستەکەدا ئەنجامی زۆر گرنگ بەدەست دەهێنین. یەکەم، ئێمە بە فراوانکردنی کۆلێژەکانی بیرمەندیی خوێندکارانمان و پێگەیاندنی ئەو سەرکردانەی کە زیاتر ئاگاداری جیهانن، خزمەت بە ئەردەن دەکەین. دووەم، ئێمە فەلسەفە و ڕوانگەی ستراتیژیی ئەردەن بە جیهان دەگەیەنین بۆ ئەوەی بتوانین هاوبەشییە نێودەوڵتییەکان کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەمووان دەکەن برەوپێبدەین و بنیات بنێین. وە دەربارەی نیوەکەی تری ڕوانگەکەمان، ئەوا پێویستە ئێمە برەو بە لایەنی بابەتی و تەکنیکیی تەکنەلۆژیا بدەین. ئەمە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆلێژەکە، لقەکانی و خوێندکاران زۆر گرنگە. بە هەمان شێوە پێوستە زیاتر جەخت بخرێتە سەر ڕاهێنان و وۆرکشۆپی کرداری کە بنەماکان بچەسپێنێت و بوارمان پێبدات لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان هاوکاری دەوڵەت بکەین، بە تایبەتی کە ئێمە لە ژینگەیەکداین نقوم بووی قەیرانەکانە.

**یونیپاس: ئایا ئێوە خولتان هەیە کە باس لە تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکانی وەکو درۆنەکان و بەرگری ئەلیکترۆنی بکات؟**

**عەمید عەزام:** کاتێک ئێمە دەربارەی دامەزراوەیەکی ئەکادیمی کە سەرکردەی داهاتوو ئامادە دەکات قسەدەکەین، ئەوا پێویستە ئێمە



**عەمید عەزام، ڕاست، لە کۆلێژی بەرگری سەرۆکایەتی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەکات.** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

## "پێویستە هەموو سەرکردەکان ئاشنای ئاسایشی ئەلیکترۆنی و ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنی و پێداویستییەکانیان بن، لەبەرئەوەی ئەمانە بوون بە بەشێکی سەرەکی لە سیستەمی بەرگریی هەر وڵاتێک."

ئامرازگەلێکمان هەبێت کە بەشداری لە گەشەپێدانی لایەنی ئەکادیمیدا بکات. لێرەدا مەبەستم لە پەرەپێدانی توانای دامەزراوەکە و ژێرخانە بۆ دابینکردنی هەموو ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە یارمەتی خوێندکاران دەدەن توێژینەوە ئەنجام بدەن و دەستیان بە زانیارییە پێویستەکان بگات. وە بەڵێ، پێویستە هەموو سەرکردەکان ئاشنای ئاسایشی ئەلیکترۆنی و ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنی و پێداویستییەکانیان بن، لەبەرئەوەی ئەمانە بوون بە بەشێکی سەرەکی لە سیستەمی بەرگریی هەر وڵاتێک. کاتێک ئێمە دەربارەی ئامرازەکانی بەرگری قسە دەکەین، ئەوا ئاسایشی ئەلیکترۆنی بریتییە لە یەکێک لە پایە سەرەکییەکان، چونکە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی زانیاری و دەکرێت ژیانی هاوڵاتیان بخەنە مەترسییەوە، ئەمە ئەگەر تۆڕەکان هاکبکرین. هەروەها لە مەشقە کردارییەکاندا کە حاڵەتی راستەقینە نمایش دەکات، درۆن بەکاردەهێنین. ئەمەش تێگەیشتنێکی فراوان بە خوێندکاران دەبەخشێت، کە چۆن ڕوبەڕووی ئەم هەڕەشە هاوچەرخانە ببنەوە. من لەو باوەڕەدام کە پێویستە ئێمە بە توندگیری بیر لە چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو ئاستێکی تەکنیکی پێشکەوتوو بکەینەوە، کە بتوانێت قەیرانەکان تێپەڕێنێت و کارایی و توانای بڕیاردەرەکان بەرز بکاتەوە. من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە دەبێت هەر کاربەدەست یان ستراتیژوانێکی دەوڵەت لەگەڵ هەموو تەکنەلۆژیا




دەستە و ئەنجومەنی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەنھێزە چەکدارەکانی ئەردەن هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

هاوچەرخەکان و ئەو ڕێگایانەی کە گروپە تیرۆریستییەکان و دەوڵەتە پشتیوانکەرەکانی تیرۆر دەیانقۆزنەوە ئاشنایەتی هەبێت.

**یونیپاس: ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکا و ناوەندی تویژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. ئایا هیچ پەیوەندییەکی هاوشێوەتان لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییە سەربازییەکانی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی تری جیهان هەیە؟**

**عەمید عەزام:** شانشینی ئەردەن وڵاتێکی تەواو جیگیرە لە ناوچەکە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی دۆست و وڵاتانی جیهاندا هەیە. ئێمە شانازی بە ڕێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیمانەوە دەکەین و ئەم پەیوەندیانەش لە هەموو ئاستەکاندا بوونەتە دەرەنجامی هەماهەنگی، لەوانە لایەنی ئەکادیمی و سەربازی. ئەگەر ئێمە دەربارەی زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکا دەدوێین، ئەوا ئەمە دامەزراوەیەکی بنیاتنراوە کە ناوبانگێکی جیهانی هەیە و سەرکردە لە هەموو ئاستەکاندا پێدەگەیەنێت. ئەمە جگە لە توانای مەزن و ئەزموونی کەڵەکەبووی بەردەست، کە ئێمە ئارەزوو دەکەین لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیا نێودەوڵەتییەکانەوە بنیات بنێین و پەرەبستێنین. لە هەمان کاتدا، ئێمە تۆڕێکی پەیوەندیمان لەگەڵ پەیمانگا هاوشێوەکاندا لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ براکانمان لە ناوچەکە لە وڵاتانی کەنداو، میسر، سودان و عێراقدا هەیە، لەوانەش ئاڵوگۆڕی خوێندکاران. بەهەمان شێوە، ئێمە لە دامەزراندنی کۆلێژی هاوشێوە هاوکاری زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەمان کردووە و من پێموایە هاوسەنگییەکی باشی پەیوەندیمان لەگەڵ هاوڕێکانمان لە ڕۆژئاوادا هەیە، وەک چۆن پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی ئەکادیمیا سەربازییەکاندا هەیە. ئەم تۆڕی پەیوەندییە بەشێکی سەرەکییە لە ستراتیژی گەشەپێدانمان. لە هەمان کاتدا، بنیاتنانی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان ئەم دامەزراوانە لە بەرژەوەندی هەمووانە.

> **"ئێمە شانازی بە ڕێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیمانەوە دەکەین و ئەم پەیوەندیانەش لە هەموو ئاستەکاندا بوونەتە دەرەنجامی هەماهەنگی، لەوانە لایەنی ئەکادیمی و سەربازی."**

**یونیپاس: کام وڵات خوێندکار و پرۆفیسۆری لە کۆلێژەکەدا هەیە؟**

**عەمید عەزام:** ئێمە خوێندکاری خەڵکی وڵاتانی ئەمریکا، پاکستان، تایوان، ئەڵمانیا، سعودیە، بەحرەین، ئیمارات، میسر، کوەیت، سودان و لوبنانمان هەیە. وە لەبارەی پرۆفیسۆرەکانمانەوە، لە ڕاستیدا هیچ پرۆفیسۆرێکی بیانی لە دەستەی مامۆستایانی کۆلێژدا بوونی نییە، بەڵام ئێمە پرۆفیسۆر و توێژەرەکان بۆ پەیوەندیکردن پێمانەوە وەکو میوانی سەردانکەر بانگهێشت دەکەین، ئاخۆ خەڵکی ئەمریکا یان ئەوروپا، یاخود ناتۆ یان وڵاتانی عەرەبی بن. ئێمە بە بەردەوامی لەلایەن باڵیۆزی گەلانی دۆست و براوە کە لە ئەردەن جێگیرن سەردان دەکرێین. بە هەمان شێوە ئێمە لەگەڵ ئەو دامەزراوە زانکۆییانەدا کە سوودمەند دەبین لە شارەزاییەکانیان پەیوەندیمان هەیە، لەوانە زانکۆی هارڤارد و ناوەندی جنێڤ بۆ توێژینەوەی ستراتیژی، کە تێیدا ئێمە ساڵانە خولی هاوبەشی سەرکردایەتیی ستراتیژی پێشکەش دەکەین. بۆیە ڕاهێنان و پێشکەوتن بە شارەزایی ئەردەنی سنوردار نین؛ بەڵکو، ئێمە هەوڵی سوودمەندبوون لە شارەزایی هاوڕیان و براکانمان دەدەین. وە هەروەها، ئێمە چەند پرۆفیسۆر و ئەفسەرێکمان هەیە کە لە دامەزراوە ئەکادیمییە سەربازییەکانی وڵاتانی کەنداودا خزمەت دەکەن. زۆربەی ئەکادیمیا سەربازییەکان لە ناوچەکەدا بە شارەزایی ئەردەنی دامەزراون و هێشتا جێ پەنجەی ئێمە لە دەستکەوتەکانیاندا بوونی هەیە.

**یونیپاس: ئایا چۆن پەیوەندی لەگەڵ RJNDC سوود بە کۆلێژی بەرگریی وڵاتانی تر دەگەیەنێت؟**

**عەمید عەزام:** مێژوو و ڕوانگەی کۆلێژەکە، لەگەڵ بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی خاوەن شکۆ فەرماندەی گشتی، خاوەن شکۆ بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی RJNDC دەکات و لە نزیکەوە چاودێریی بەرەوپێشچوون و مەنهەجەکەی دەکات، بەرژەوەندی هاوکاریکردنی لە بەرەوپیشچوون بۆ هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت دابینکردووە و لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دایدەنێت، کە توانای پێدەبەخشێت ببێت بە هاوبەشێکی چالاک و ئەرێنی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پەیوەندیدار بە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە و جیهان. ئێمە بزوێنەرێکین لە ناوچەکە، بە تایبەتی کاتێک لە ڕوانگەی ستراتیژی و ئۆپەراسیۆنییەوە قسە دەکەین. هەمەچەشنی بۆ ڕاهێنانی سەرکردایەتی گرنگە، و هەرچەندە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیمان هەیە کە برەو بە هەموو پێکهاتەکانی کۆلێژەکانی بەرگری لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەدات، هێشتا خوێندکارەکانمان بۆ ئەوروپا، ئەمریکا و پاکستان و وڵاتانی تر دەنێرین. هەروەها ئێمە لە RJNDC پرۆفیسۆرمان هەیە کە خاوەنی بڕوانامەی چەندین ئەکادیمیا و کۆلێژی نێودەوڵەتین. ئەم هەمەچەشنییە سەرچاوەی باڵایی و بەهێزییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی کەڵەکەبوومان، متمانەی ئاست پلە بەرز، گەشەسەندنی بەردەوام و کەشوهەوای مامناوەند و سروشتی جوگرافیای ئەردەن لە پێشوازیکردن لە سەردانکەران یارمەتیدەرن، بە تایبەت کە کۆمەڵگەی ئەردەن کۆمەڵگەیەکی لێبوردەیە و پێشوازی لە میوانەکان دەکات. متمانەی هاوبەشی نێوان ئێمە و هاوڕێکانمان لەگەڵ ئەو سەرکردانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە کۆلێژەکەمان دەرچوون، سەلماندوویانە کە دەرچووانی دامەزراوەکانی ئەردەن و کۆلێژی بەرگری بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی سەرکردایەتی خۆیان زۆر لێهاتوون و شایشتەن. ئێمە ستانداردی جیاوازمان هەیە. ئێمە لەسەر سەرمایە و ئەزموونی مێژوویی خۆمان و لەسەر متمانەی بەرزمان لە مەشقپێکردنی سەرکردەکاندا بنیات دەنێین. ئەمە سەرمایە و ناوبانگی ئێمەیە، و بەم هۆیە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک سازش بکەین. ✦




# ژنان
## بەشدارییەکی بەهێزدەکەن
## لە هێزە چەکدارەکانی سعودیە

بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە ستراتیژییەکان، وەزارەتی بەرگریی سعودیە

**دوو** ساڵ دوای ئەوەی سعودیە لە هێزە چەکدارەکاندا بەشداری بە ژنان کرد، وەزارەتی بەرگریی سعودیە لە ڤیدیۆیەکی بانگەشەییدا بۆ ڕۆژی جیهانی ژنان تیشکی خستەسەر بەشێکی زۆر لەم پێشکەوتنانە.

ئاهەنگەکانی مانگی ئازاری 2023، بە ناونیشانی "ئێستایەکی پڕ هیوا/داهاتوویەکی گەش،" ئەوە نیشان دەدات کە چۆن وەزارەتەکە بە بەگوێرەی پلانی هاوچەرخکردنی نیشمانیی ڕوانگەی 2030 ـی سعودیە، برەو بە بەهێزکردنی ژنان دەدات.

لە نێوان ئەستێرەکانی ڤیدیۆکەدا مەها ئەلموحەیا، سەرۆکی بەشی چارەسەری پزیشکی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە وەزارەتی بەرگری بوونی هەبوو. دەرچووی زانکۆی هاڤارد لە ئەمریکا و هەڵگری بڕوانامەی بۆردی پزیشکی دەم و ددانی ئەمریکی، ئەلموحەیا، یەکەم پزیشکی نەشتەرگەریی سعودی کە ئەم جۆرە بڕوانامەیە بەدەستهێنابێت، لە پێکهێنانی بەرنامەی بۆردی سعودی لە بواری پزیشکی دەم و ددان و نەخۆشییەکاندا هاوکاری کردووە.

بە هەمان شێوە سێ ژنی تر لە وەزارەتی بەرگری چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە. سەرباز ئەحلام ئەلشەهری شانازیی خۆی لە پەیوەندیکردن بە پۆلیسی سەربازیی دەربڕی.

**سەرباز ئەحلام ئەلشەهری وەکو ئەفسەری پۆلیسی سەربازی خزمەت دەکات**

ئینتسار ئەلسوبەیعی، دەرچووی بەرنامەی ڕاهێنانی فەخوری وەزارەتەکە، ژیانی پیشەیی خۆی لە بەڕێوەبرایەتی گشتیی پەیوەندییە ستراتیژییەکان باسدەکات.

نوف ئەلمەتیری، لە شاری پزیشکیی شازادە سوڵتان لە ڕیاز، گفتوگۆ لەسەر تەواوکردنی توێژینەوەی ماستەر و بوون بە یەکەم ژنی پسپۆڕ لە پەرستاریی سەربازیی دەکات.

وەزارەتەکە بە کردنەوەی سەکۆیەک بۆ دامەزراندن ڕۆڵی ژنانی لە بواری سەربازیدا فراوانکردووە، بۆ ئەوەی ژنان و پیاوان بتوانن بەیەکەوە داواکاری بۆ

## له خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی وەزارەتی بەرگریدا، ژنانی سعودیە ئەم کەرتە زۆر پێویست و گرنگەیان بەهێزکردووە و بەشدارییان لە بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمی تەندروستی گشتی لە شانشینەکەدا کردووە.



ئاهەنگی ڕۆژی جیهانیی ژنان لە وەزارەتی بەرگری

وەرگرتن و کاری سەربازی پێشکەش بکەن. بەرنامەکە هێزە زەمینی، ئاسمانی و دەرياييەكان لەخۆدەگرێت، بەرگریی ئاسمانی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەگوێرەی ستانداری نێودەوڵەتین کە پێوسیتییەکانی هێزە چەکدارەکان دابین دەکەن و ئامانجەکانی وەزارەت بەدیدەهێنن.

لەو کاتەوە کە چەندین ساڵ لەمەوبەر کرایەوە، ناوەندی ڕاهێنانی کادیری ژنی هێزە چەکدارەکان 885 دەرچووی ژنی هەبووە کە لە ئێستادا لە سەرانسەری وەزارەتەکە پێگەی خۆیان بەدەستهێناوە. ناوەندەکە 13 خولی بەڕێوەبردووە کە خولی بەڕێوەبردنی بنەڕەتیی ئەفسەرانی نا ڕاسپێردراو، خولی پێشکەوتووی بەڕێوەبردنی ئەفسەرانی نا ڕاسپێردراو و خولی پاڵێوراویی پۆلیسی سەربازی لەخۆدەگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا برەودانەکانی وەزارەتی بەرگری بۆ بەهێزکردنی ژنان سنوردار نییە بە کەرتە سەربازییەکان. بۆ نمونە، فەخور گرنگی بە کارە کارگێڕییە نا سەربازییەکان دەدات، کە دەرفەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر بۆ پاڵێوراوان دەڕەخسێنێت. فەخور لە ڕاکێشانی ژناندا بە تەواوی سەرکەوتووبوو، ئەوان 66% ـی دەرچووانی سەرەتای بەرنامەکانی ڕاهێنانیان پێکهێنا.

لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی وەزارەتی بەرگریدا، ژنانی سعودیە ئەم کەرتە زۆر پێویست و گرنگەیان بەهێزکردووە و بەشدارییان لە بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمی تەندروستی گشتی لە شانشینەکەدا کردووە. ئەوان لە سەر ئاستی جیهانی پێگەی باڵایان لە کەرتی پزیشکیدا بەدەستهێناوە، بە بەخشینی ژمارەیەکی زۆر لە میدالیا بە کارمەندانی وەزارەتی بەرگری کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی زریانی یەکلاکەرەوە و گەڕاندنەوەی هیوای یەمەندا خزمەتگوزاریی پزیشکییان پێشکەشکردووە. ✦



دکتۆرە مەها ئەلوحەیا، سەرۆکی بەشی چارەسەری پزیشکی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە وەزارەتی بەرگری



ئینتسار ئەلسوبەیعی، دەرچووی بەرنامەی ڕاهێنانی فەخور، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندییە ستراتیژییەکان

# ڕێگریکردن لە تیرۆریستان



شێوەسازی یونیپاس

# مەشقی سەربازیی جەلموود 3

## هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆری بەحرەین و ئیمارات نمایش دەکات

دەستەی یونیپاس

**بەرەنگاربوونەوەی** تیرۆر پشت بە کاری هەواڵگریی دروست و ئاڵوگۆڕی زانیاریی هاوکات دەبەستێت لە نێوان دەزگاکانی ئاسایش و وڵاتانی دۆست. لەبەرئەوەی گروپە تیرۆرستییەکان لە ناو خەڵکی ناوخۆییدا خۆیان حەشاردەدەن و هاوڵاتییانی مەدەنی وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنن، پێویستە وڵاتان جەخت لەسەر هەوڵەکان بۆ وەڵامدانەوەی بەپەلە و هەماهەنگی ئاست بەرزی نێوان دەزگاکانی ئاسایش بکەنەوە بۆ پاراستنی ژیانی هاوڵاتییان، پاراستنی موڵک و ماڵی گشتی و ڕێگریکردن لە گروپە تیرۆرستییەکان لە جێبەجێ کردن پلانەکانیان. لەبەر ئەم هۆکارانە بوو جەلموود 3، مەشقی ئیماراتی بەحرەینی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە 2022 ئەنجامدرا.

بە ئامادەبوونی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان خاوەن شکۆ شا حەمەد بن عیسا خەلیفە و سەرۆکی ئیمارات و فەرماندەی باڵا و خاوەن پایە شێخ محەمەد بن زاید ئەلنەهیان کۆتا قۆناغی مەشقەکە ئەنجامدرا. لە گیانێکی هەماهەنگیی نزیکدا کە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا دروستکراوە، پاسەوانی شاهانەی بەحرەین و چەندین یەکە لە هێزی بەرگریی بەحرەین (BDF)، وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی شانبەشانی برایانی ئەندام لە هێزە چەکدارەکانی ئیمارات بەشدارییان لە مەشقەدا کرد.

ئامانجەکانی شانشینی بەحرەین و ئیمارات پەیوەندیی هاوکاتی لەسەر ئاستی ستراتیژی، ئاڵوگۆڕی دەستبەجێی ڕاپۆرتی هەواڵگریی پەیوەندیدار بە چالاکی تیرۆریستی کە هەڕەشە دروست دەکات بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە، وەڵامدانەوەی بەپەلەی هەڕەشە تیرۆریستییەکان و هەماهەنگیکردن لە ژینەیەکی ئۆپەراسیۆنیدا لە خۆگرتبوو.

بە هەمان شێوە شانشینی بەحرەین تیشکی خستبووە سەر کاتەکانی وەڵامدانەوەی بەپەلە و بنیاتنانی یەکگرتوویی ئۆپەراسیۆنی لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ، هێزی بەگری بەحرەین و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت، وە جێگیرکردنی هەموو دەزگا ئاسایشییە بەشداربووەکان و تیمەکانی فریاکەوتن لە ژێر یەک فەرماندەیی مەیدانی و یەک فەرماندە.

ئیمارات جەختی لە جێگیری و خێرایی گواستنەوەی یەکە تایبەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئامێرەکانیان لە ڕێگەی ئاسمانییەوە کردەوە و بەشداری لە ئەرکێکدا کرد کە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەدا بوو. چاودێرانی سەربازی سوپاسگوزاریی خۆیان بۆ خێرایی ئیماراتییەکان لە بەدیهێنانی بڵاوەپێکردنی هێزی تەکتیکی یەکخراو بۆ مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکان هاوشان لەگەڵ برا بەحرەینییەکان نیشاندا.




**سەربازەکان لە میانی مەشقە سەربازییەکەی نێوان بەحرەین و ئیمارات زانیارییەکیان پێدەگات.** وەزارەتی بەرگریی بەحرەین

لە نێوان ئامانجەکانیدا، جەلموود 3 لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنانەوە بۆ ژمارەیەک دەزگا و تاقیکردنەوەی تواناکانیان و هەروەها سیستەمەکانی پەیوەندی ستراتیژی و ئۆپەراسیۆنی برەوی بە هەماهەنگی سەربازی دا. هێزەکانی لە بواری لۆژیستیکی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕاهێنا و کارکردنی یەکە تایبەتمەندەکانی ستاندارد کرد بۆ دڵنیابوون لە توانای کردارییان بۆ پێکەوە کارکردن بە شێوەیەکی پیشەیی. هەروەها هەوڵیدا زۆرترین سوود لە توانا و شارەزایی بەردەستی هەردوولادا بەدەستبهێنێت و بناغە بۆ هەماهەنگیی ئاسایشی زیاتر دابنێت.

لە بەرژەوەندیی بەرەوپێشبردنی ئەم پەیوەندییەدا، خاوەن پایە لیوا شێخ ناسر بن حەمەد ئەلخەلیفە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و فەرماندەی پاسەوانی

شاهانە لە شانشینی بەحرەین، وە ئەندازیار لیوا عیسا سەیف بن عەبلان ئەلمەزروعی، جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات، (لەو کاتەوەی پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکی دەستە)، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان سەبارەت بە هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر واژۆ کرد.

بەشداربووانی مەشقەکە ئەرکەکانیان بە کارامەیی ئاست بەرزی شەڕ و بە ئەدای کرداریی مەیدانی ئەنجامدا، کە ڕەنگدانەوەی ئامادەیی و توانای کارکردن بوو لە چوارچێوەی سیناریۆ ڕاستەقینەدا، کە لە شێکاری بارودۆخی ناوچەیی، مەترسی و ئاڵنگارییەکانەوە پەرەی سەندبوو.

سەرکەوتنی مەشقەکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەکو ئەنجامی پلاندانان و ئامادەکاریی ورد لە هەموو ئاستەکاندا بەدیهات. لیژنەی باڵا کە مەشقەکەی داڕشتبوو و سەرپەرشتی ئامادەکارییەکانی دەکرد لە پێناو کارایی و شارەزایی ئاست بەرز زوو زوو کۆدەبوونەوە.

سیناریۆی ڕاهێنانی سەرەکیی مەشقەکە لەسەر گریمانەی سەر مەترسی بۆ وڵاتێکی سەقامگیر لەلایەن تیرۆریستە ڕاهێنراوە دزەکردووەکانەوە، کە هەوڵدەدەن زۆرترین ژمارەی قوربانی لە نێوان هاوڵاتیانی مەدەنی و دامەزراوە حکومییەکان دروستبکەن، هەروەها گۆڕینی هەواڵەکان لە ڕێگەی تیرە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی تیرۆر لە کۆمەڵگە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، داڕێژرابوو.

سیناریۆکە بە چاودێریکردنی سەردانی بریکارێک کە بەناوی وڵاتێکەوە کاردەکات کە لە ڕێگەی دامەزراندنی گروپە تیرۆرستییەکان پاڵپشتی چالاکییە زیانبەخشەکان دەکات لە ناوچەکەدا، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی بەحرەینەوە دەستی پێکرد. دەزگاکانی ئاسایشی بەحرەین کۆبوونەوەیەکی نهێنیان لە نێوان بریکارەکە و ئەندامێکی گروپی تیرۆریستیی ناوخۆیی داواکراو لەلایەن یاساوە ئاشکراکرد. بۆ بەرەودان بە تەڵەکەیان، دەزگاکانی ئاسایش بواریان بە بریکارە بیانییەکە دا ڕابکات و بۆ دەستگیرکردنی تیرۆریستە ناوخۆییەکە بەبێ وروژاندنی گومان لە گروپەکەدا، وەستانێکی ڕۆتینی هاتوچۆیان بەکارهێنا.

لێکۆڵینەوەیەک پلانێکی نهێنیی تیرۆریستی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئیماڕات لە بەحرەین دەرخست، وە دەزگاکانی ئاسایش بە خێرایی دەستیان بە جوڵە کرد. لەبەرئەوەی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستەکە دەستی پێکردبوو، ئیماڕات لە ڕێگەی فڕۆکەی گواستنەوەی C-17ـەوە هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی ترۆری بۆ بەحرەین

**جەلوود 3** بواری بە دەزگاکانی ئاسایش بەخشی لێهاتوویی تەکتیکی و ستراتیژی بەدەستبهێنن و پردی متمانە لە نێوان هاوکارەکانی وڵاتانی برای نزیک دروست بکەن. فەرماندەکان هیواخوازبوون کە کەلێن و هەڵەکان لە گۆڕەپانی مەشقدا دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا ڕوونەدەن.



**هێزە هاوبەشەکانی بەرەنگاربوونەوەی ترۆر لە میانی هەڵمەتێکی نمایشییدا لە جەلوود 3، هەڵدەکوتنە سەر "تەلارێک".**

وەزارەتی بەرگریی بەحرەین



**فەرماندە بەحرەینی و ئیماراتییەکان یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەسەر هەماهەنگی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر واژۆدەکەن.** وەزارەتی بەرگری بەحرەین



**فەرماندە بەحرەینی و ئیماراتییەکان پشکنین بۆ هێزە بەشداربووەکان لە جەلموود 3 دەکەن.** وەزارەتی بەرگری بەحرەین

ڕەوانەکرد. سەربازەکان بەخێرایی لەگەڵ هێلیکۆپتەرەکان و ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکان بەزویی گەیشتنە بنکەیەکی سەربازیی بەحرەین.

بۆ بڵاوکردنەوەی تیرۆر لە نێوان هاوڵاتیان و سەرلێشێواندنی دەزگاکانی ئاسایش، گروپە تیرۆرستییەکە پلانی بۆ هێرشکردنە سەر بنکەیەکیی دیپلۆماسی، قوتابخانەیەک و تەلارێکی نیشتەجێبوونی نزیک دارشتبوو. بەڵام گەیشتنی بەپەلەی تیمی وەڵامدەرەوەی یەکەمی وەزارەتی ناوخۆیی بەحرەین ئەوانی وەستان. پۆلیس بۆی دەرکەوت کە تیرۆریستەکان توانیبوویان هاوڵاتیان بە بارمتە بگرن کاتێک کە پلانەکانیان پوچەڵ کرابووەوە. یەکەی دژە تیرۆری وەزارەتی ناوخۆ هێنرایە ناو کارەکەوە. بە لەبەرچاوگرتنی توندگیریی بارودۆخەکە و زانیارییە بەردەستەکان سەبارەت بە نیازی گروپە تیرۆریستییەکە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەحرەین هێزە تایبەتەکانی پاسەوانی شاهانەی بۆ فەرماندەیی کردنی ئەو ئۆپەراسیۆنە مەیدانییەی ڕاسپارد. فەرماندەیی مەیدانی لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادیی دەستبەسەرکراوان داوای پاڵپشتی لە چەندین یەکەی BDF، وەزارەتی ناوخۆ و تیمێکی دانووستانی بارمتە کرد.

فەرماندەی ئەرکەکە بەهۆی ئامێر بەندکردن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی پەیوەندیکردن و چاودێریکردن لە ڕێگەی سیستەمی سەکۆیی بەڕێوەبردنەوە، لەگەڵ سەرکردەکانی تیمە بەشداربووەکان کۆبووەوە. لە نمایشێکی دروست و خێرادا، ئەو پاسەی کە بارمتە مەدەنییەکانی هەڵگرتبوو هێرش کرایە سەری، بەلەمێکی بچووکی پڕ لە ماددەی تەقەمەنی کە نیازی هێرشکردنە سەر ئامانجە گرنگەکان بوو لێیدرا و هێزەکانی دژە تیرۆری ئیمارات دەستیان بەسەر بینایەکی دیپلۆماسیدا گرت کە لەلایەن تیرۆریستانەوە داگیرکرابوو، لە پڕدا دەستگیریان کردن.

نمایشی مەشقەکە تیمارکردنی بریندارەکانی لە لایەن دەستەی پزیشکان و پەرستارانی بەحرەینی لە نەخۆشخانەی مەیدانی لەخۆگرتبوو، ئەمە جگە لە تیمێکی نشتەرگەری کە لە ئیماراتەوە هاتبوون. کارمەندانی تەندروستی دۆخی بریندارە سەختەکانیان جێگیر کرد، خوێنبەربوونەکانیان وەستاند و گواستنەوەی خوێنیان ئەنجامدا بەرلەوەی بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە تایبەتمەندەکان بکەن. پزیشکە مەیدانییەکان لە پێناو بەردەوامبوونی چارەسەرکردنی بێ پچڕان، خشەی تەندروستیی نەخۆشەکانیان بۆ هاوکارەکانیان کە لە نەخۆشخانەکان چاوەڕوانبوون، ڕەوانە دەکرد.

بەرنامە داڕێژەرانی مەشقەکە جەختیان لە ڕۆڵی مافەکانی مرۆڤ کردەوە لە ڕێگەی دابینکردنی فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ تیرۆریستە بریندارەکان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا. فەرمانگەی داواکاری گشتی بەڵگەکانی کۆکردەوە و لێکۆڵینەوەی مەیدانیی ئەنجامدا. زیاتر لە 26 چاودێری نێودەوڵەتی خاوەن شارەزایی جۆراوجۆر لە نێوانیاندا چالاکوانانی سەربازی، ئاسایش و مافەکانی مرۆڤ لە بەحرەین، ئیمارات، ئەمریکا، بەریتانیا و ئوسترالیاوە ئەدای کرداریی هێزەکانی ئاسایشیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆرستە دەستبەرکراوەکان هەڵسەنگاند تا ئەوەی کە بزانن هاوتای ڕێککەتننامە نیودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤن.

جەلموود 3 بواری بە دەزگاکانی ئاسایش بەخشی لێهاتوویی تەکتیکی و ستراتیژی بەدەستبهێنن و پردی متمانە لە نێوان هاوکارەکانی وڵاتانی برای نزیک دروست بکەن. فەرماندەکان هیواخوازبوون کە کەلێن و هەڵەکان لە گۆڕەپانی مەشقدا دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا ڕوونەدەن. ✦



# سعودیە ڕاهێنانەوە بە سەربازانی منداڵی یەمەن دەکات

بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە ستراتیژییەکان، وەزارەتی بەرگریی سعودیە

**بە** پابەندبوون بە بنەماکانی ئیسلام و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافەکانی منداڵ، هاوپەیمانێتیی پاڵپشتیی دەستووری لە یەمەن (CSLY) سەرقاڵی ڕاهێنانەوەی ئەو منداڵە یەمەنیانەیە کە لەلایەن یاخیبووە حوسییەکانەوە کرابوون بە سەرباز.

کاتێک سەربازانی منداڵ بە تەواوی لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە لە سعودیە ڕاهێنانەوەیان پێ دەکرێت، هاوپەیمانێتیی پاڵپشتیی دەستووری لە یەمەن (CSLY) لە ڕێگەی یەکەی پاراستنی منداڵەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەیەکگەیاندنەوەیان لەگەڵ خێزانەکانیان لە یەمەن، هەماهەنگی دەکات. منداڵەکان لە بەرنامەیەکی ڕاهێنانەوەدا لە ناوەندە ئامادەکراوەکان بۆ ئەم مەبەستە چاودێریی جەستەیی و دەروونییان پێشکەش دەکرێت.

خشتەکە (ڕاست) 147 سەربازی منداڵ کە لەلایەن حوسییەکانەوە بەسەرباز کرابوون و بەڵام لە سعودیەدا لە ماوەی پێنج ساڵدا ڕاهێنراونەتەوە و گەڕێنرانەوە بۆ یەمەن، نیشان دەدات.

لە ساڵی 2020، CSLY یەکەیەکی تایبەتی بۆ پاراستنی منداڵان پێکهێنا و یاداشتنامەیەکی تێگەیشتنی لەگەڵ نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ 'منداڵان و ململانێکی چەکداری' واژۆکرد.

لە مانگی ئابی ساڵی 2022، یەکەی پاراستنی منداڵی CSLY بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی مانگی سوری سعودی، لە شاری ڕیاز دیدارێکی سێ ڕۆژەی لەسەر پاراستنی منداڵان لە ماوەی ململانێکاندا ڕێکخست.

مافەکانی منداڵان لە ئاینی ئیسلامدا و بەگوێرەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاساکانی مافەکانی مرۆڤ، بنەما گشتییەکانی بڕیارنامەی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێوشوێنەکانی ڕێگریکردن لە بریندارابوونی منداڵان لە میانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، پاراستنی مافەکانی منداڵ لە میانی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە، هەوڵدان بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوەی منداڵانی ژێر کاریگەریی ململانێ چەکدارییەکان، مافەکانی منداڵان کاتێک دەستبەسەرکراون، ستراتیژی گەڕاندنەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان بۆ منداڵان لە میانی ململانێ چەکدارییەکان، هۆشیاری لە بارەی گرنگی مافەکانی منداڵ و پێویستی گەشەکردنیان لە ژینگەیەکی پاڵپشتیکراو لە نێوان ئەو بابەتانەدابوون کە لە دیدارەکەدا تاوتوێکران.

| کۆمەڵ | ژمارەی منداڵان | ڕێکەوتی گەڕاندنەوە بۆ نیشتمان |
|---|---|---|
| 1 | 52 | 06/06/2016 |
| 2 | 27 | 01/23/2018 |
| 3 | 1 | 05/19/2018 |
| 4 | 7 | 08/11/2018 |
| 5 | 15 | 11/27/2018 |
| 6 | 9 | 01/19/2019 |
| 7 | 2 | 05/17/2019 |
| 8 | 7 | 04/09/2019 |
| 9 | 12 | 02/11/2019 |
| 10 | 13 | 08/12/2019 |
| 11 | 1 | 01/11/2021 |
| 12 | 1 | 05/24/2021 |

**ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی گەڕاندنەوە بۆ نیشتمان**

- هاوپەیمانێتیی پاڵپشتیی دەستووری لە یەمەن (CSLY)
- حکومەتی دەستووریی یەمەن
- دەسەڵاتی مانگی سوری سعودی
- نوێنەری ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ
- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی خاچی سور
- یەکەی پاراستنی منداڵی CSLY

سەرەڕای ئەوەش، هەوڵە یەک لایەنەکەی سعودیە بۆ پاراستنی منداڵان لە کاریگەریی جەنگە بەردەوامەکەی یەمەن بەبێ هەماهەنگیی حووسیەکان بەس نابێت.

هەتا ئەم دواییانە، حووسییەکان ڕێزیان لەو ڕێککەوتننامەیە نەگرت کە لە مانگی نیسانی 2022 لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەستاندنی بە سەربازکردنی منداڵان.

بە بەکارهێنانی قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکانی تر بۆ ڕاهێنان، کە وانەکانی برەودان بە توندوتیژی و بیروباوەڕی چەکداریی حوسییان تێدا دەوترێنەوە، حوسییەکان بەردەوامبوون لە بە سەربازکردن و ڕەوانەکردنی سەربازانی منداڵ بۆ بەرەکانی پێشەوە وەکو بەشێک لە هێزی کۆکراوە لە کاتی ئاگربەستی بە نێوەنگیریی نەتەوە یەکگرتووەکان. ✦

سەرچاوەکان: ئەل ئەیام، ئەل جەزیرە



منداڵێکی یەمەنی لە کاتی کۆبوونەوەی چەکدارە تازە وەرگیراوەکانی حووسییەکان لە سەنعای پایتەخت لە 2017، چەکێکی کڵاشینکۆفی بەدەستەوە گرتووە. گێتی ئیمەیجس/AFP



# بەرەنگاربوونەوەی ناسەقامگیری لە یەمەن

## ڕەفتارە خراپەکانی ئێران نیشاندەری بەربەستن لە بەردەم ئاشتی لە ناوچەکە

**موعەمەر ئەلعریانی**، وەزارەتی زانیاری، کلتوور و گەشتیاریی کۆماری یەمەن

لە 5ـی مانگی تەممووزی 2023، فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ڕێگرییان لە هەوڵێکی ئێرانییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوت هەڵگرە دەستنیشانکراوەکانی دورگەکانی بەهاماس و مارشاڵ لە نزیک گەرووی هورمز کردووە. ڕۆژێک دواتر، کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هێزی پاسەوانی پیادەی دەریایی شۆڕشگێڕانی ئیسلامی (IRGC-N) لە ناوچە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە نزیک کەندای عەرەبی دەستیان بەسەر کەشتییەکی بازرگانیدا گرتووە و لە وەڵامدا هێزی دەریایی ئەمریکا کەشتیەکانی جێگیرکردووە.

ئەم ڕوداوانە لە لایەن IRGC-N لە ناوچە ئاوییە نێودەوڵەتییەکاندا یەکەم ڕوداوگەل نیین. لە ساڵی 2021 ـەوە، وەکو بەردەوامییدان بە ڕێبازێک کە خۆی و بەکرێگیراوانی لە دوای شۆڕشی ساڵی 1979 ـوە کە کۆماری ئیسلامی دروستکرد گرتوویانەتە بەر، ئێران 20 کەشتیی بازرگانی کردووەتە ئامانج.

قلیشانەوەکە چەند مانگێک لە دوای بەیاننامەی 1ـی ئازار، کە لایەنی سعودی و ئێرانی دوای حەوت ساڵ لە دابڕان ڕێککەوتن لەسەر گەڕاندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسسیەکان لە ماوەی دوو مانگدا، ڕوویدا. ڕێککەوتننامەکە بەشێک بوو لە هەوڵە بێ وچانەکانی سەرکردایەتیی شانشینی سعودیە بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانەکان، زیندووکردنەوەی پەیوەندیی دۆستانە، چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە، سنوردارکردنی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی و بنیاتنانی پەیوەندیی تەندروست لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدان، ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی نیشتمانی و هەوڵدان بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

ئەو ساتە بۆ پێداچوونەوە بە ڕەفتارە خراپەکانی، ڕیزگرتن لە بنەماکانی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، خۆبەدورگرتن لە پشتیوانیکردنی میلیشیاکان و بەکارهێنانیان بۆ چەسپاندنی سیاسەتی تێکدەرانە، دەرفەتیکی خستە بەردەم ڕژێمی ئێران.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، مامەڵەی ئێران هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. بەردەوام بوو لە پشتیوانیکردنی ئەو میلیشیایانەی کە ئاڵۆزی و تیرۆریزم بڵاودەکەنەوە و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە نێوەدەوڵەتییەکان دروست دەکەن. ڕەفتارەکانی تاران نەک بە تەنها بۆ ناوچەکە، بەڵکو بە هەمان شێوە بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش مەترسیەکی بەردەوام دروست دەکات، لەبەرئەوەی هەوڵدەدات لە ڕێگەی هێزەوە هاوسەنگیی سیاسی، کلتووری و ئایدیۆلۆژی ناوچەکە بگۆڕێت.


ئێران بڕیاریداوە ڕێبازە شۆڕشگێڕانەکەی هەناردەی دەرەوە بکات. وە ئەم کارەش بە فراوانکردنی کاریگەرییە جوگرافی و کلتورییەکەی لە پێگەی پشتیوانیکردنی میلیشیاکانی وەکو حوسییەکان لە یەمەن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ناوخۆ و دەرەوەدا ئەنجام دەدات.

کۆمارە ئیسلامییەکە کە بە شێوەیەکی بەخشندانە خەرجیی میلیشیا دڵسۆزەکانی و پاڵپشتی دارایی چالاکییە خراپەکانیان دەکات، وە پارە، چەک و ڕاهێنانی جەنگیشیان بۆ دابین دەکات. تاران، میلیشیاکان لە نێوانیاندا حوسییەکان لە هاوڵاتیانی ئاسایی ئێران، کە باوەڕیان بە ئایدۆلۆژیاکەی نییە لە خۆی بە نزیکتر دەزانێت.

مەترسییەکە ئا لێرەدایە: لە کاتێکدا ئێران کار بۆ لاوازکردنی سەقامگیری و سەربەخۆیی وڵاتانی ناوچەکە دەکات، لە بەرامبەردا میلیشیاکانی بەهێزدەکات،

**هێشتا کەناڵی ستراتیژیی کەشتیوانیی باب ئەلمەندەب لە بەردەم شەڕانگێزی حوسییەکاندایە.**

AFP/گێتی ئیمەیجس



حوسییەکان لە مانگی ئەیلولی 2022 نمایشێکی سەربازی ئەنجام دەدەن، نواندنێکی شەڕانگیزی کە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ پاراستنی ئاگربەست و بنیاتنانی ئاشتی لە یەمەن پێشێل کرد. AFP/گێتی ئیمەیجس



ئەندامانی پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بەشداری لە مەشقەکانی پەلاماردان، سەرکەوتن، گەڕان و دەست بەسەرداگرتن دەکەن لەسەر کەشتییەکان لە کەنداوی عەرەبی. لە پشتیانەوە کەشتی Lewis B. Pullerـی ئەمریکی دەبینرێت، کە لێیەوە دابەزین. پسپۆڕ برایان کڵەی/ هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

تەنانەت ئەگەر ئەوە بە مانای وێرانکاری و خاپورکردنی زیاتربێت وەک لەوەی کە لێیکەوتووەتەوە. ئەمە لە یەمەندا بە تەواوی ئاشکرایە، کە ململانێیەکی خوێناوی یەکێک لە خراپترین قەیرانە مرۆییەکانی جیهانی وێرانتر کردووە.

لە یەمەن، هێشتا خەڵکی باجی سیاسەتی ڕژێمی ئێران دەدەن. خواستەکانی فراوانخوازی و دەستێوەردانی ئاشکرا لە کاروباری ناوخۆی یەمەن بە کودەتای میلیشیا حوسییەکان لە دژی دەوڵەت لە ساڵی 2014، بە پشتیوانیکردن، پاڵپشتی دارایی و پلاندانانی ئێران گەیشتە لوتکە.

لە پێشێلکردنی بڕیارنامەی 2216ـی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران لە ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە قاچاخچێتی بەردەوامی چەک و ماددەی هۆشبەر بۆ حوسییەکان بەردەوامە، کە ئەمەش دەستپێشخەری و هەوڵەکانی وڵاتانی دراوسێ بە سەرۆکایەتی سعودیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دامرکاندنەوە و گەڕاندنەوەی ئاگربەستی سەرپەرشتیکراو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەکدەخات، و وەکو بەربەستێک لەبەردەم هەوڵەکانی کۆتاییهێنان بە جەنگ و هێنانەدی ئاشتییەکی گشتگیر، دادپەروەر و بەردەوام وەستاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران ژمارەی قوربانیان و ئەو ئازارە ئابووری و مرۆییانەی یەمەنییەکان لە شەڕەکەدا کە لە دەرەنجامی کودەتاکەوە سەریهەڵدا، پشتگوێ دەخات.

ئەزموونی یەمەن لە کاریگەری ئێرانییەکان لە دوای سەرهەڵدانی حوسییەکان وەکو میلیشیایەکی چەکدار لە ساڵی 2003 بەڵگەیەکی بەهێزی ئەو وێرانکارییەیە کە بەهۆی چوار دەیەی سیاسەتی فراوانخوازی و ویستە هەژموونگەراییەکەی ئێران لە ناوچەکە دروست بووە.

هەر کەسێک سەردانی شاری سەنعای پایتەختی یەمەنی کردبێت بەرلەوەی بکەوێتە دەستی حوسییەکان، و بەراوردی بکات بە شارەکە لەمڕۆدا، ئەوا لە واتای "هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران" تێدەگات. ئەمڕۆ، پایتەخت لە شانازیکردن بە سەرکردەکانی ئێران تابلۆی بانگەشە نمایش دەکات.

جگە لەوەش، لە کاتێکدا کە ئامادەکاری بۆ داخستنی پەیمانگای زمانی یەمەنی ئەمریکی کە تایبەتمەندە لە وتنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی دەکرا، فشاریان خستە سەر زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ ئەوەی لە خوێندنی زمانی فارسیدا تایبەتمەندبن. هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە ئێران، حوسییەکان یادکردنەوەی ڕوداوە نیشتمانپەروەرییەکانیان هەڵوەشاندەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، نابێت بەبێ سزادان ڕێگە بە تێپەڕبوونی ڕەفتارە خراپەکانی ڕژێمی ئێران بدات. جگە لەوەش، پاسەوانی کەناراوەکانی یەمەن بۆ باشترکردنی توانای پاراستنی ناوچە ئاوییەکانی یەمەن و بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنە دەریاییە فرەتەوەییەکان بۆ پاراستنی ناوچە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نزیک یەمەن پێویستی بە پشتیوانی هەیە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە هەنگاو بنێت. پێویستە لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە تاران و میلیشیاکانی دەیخەنە ڕوو، لە پێشەنگی هەموویاندا حوسییەکان، و ئەو ناسەقامگیرییە بە سیستەمکراوەی برەوی پێدەدات، کە لە بەرامبەردا وڵاتان و گەلانی ناوچەکە باجێکی قورسیان بۆ دەدەن، ئەم کارە جێبەجێ بکرێت. ✦

# خزمەتکردنی وڵات

## عەمید عەزام ئەلڕەواحنە بەو ئەزموونەی وەکو سەرۆکی هەواڵگری سەربازی پەیدایکردووە، کۆلێژی بەرگری نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن بەڕێوەدەبات

دەستەی یونیپاس

لە ماڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ سەربازیی و قوربانیدانی نیشمانپەروەرانە لەدایکبووە، کەسایەتی سەربازیی عەمید عەزام ئەرشەد ئەلڕەواحنە لە باوکیەوە سەرچاوەی گرتووە، سەربازێک کە لە جەنگی بەرگریکردن لە سەروەریی وڵاتەکەی شەهیدبووە. عەمید ئەلڕەواحنە، فەرماندەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن لە شانشینی هاشمیی ئەردەن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی سەر بە کلتووری سەربازی وەرگرتووە، کە تێیدا خوێندکاران لەسەر بنەما بەرز و نیشتمانپەروەرییەکانی هێزە چەکدارەکان فێردەکرێن. بەو زانیارییە زۆرەی کە لە مێژوو، سیاسەت و ئەدەبدا هەیەتی، ئەو ئامادەبوونی تایبەتی لە چالاکییە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و جۆشێکی تایبەت بە هەر کۆبوونەوەیەک دەبەخشێت کە بەشداری تێدا دەکات.

ئەو چەندین پۆستی هەستیاری لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەندا وەرگرتووە، کە لێیانەوە ئەزموونێکی بەرچاوی وەرگرتووە و ئەم سەرکەوتنانەی بۆ پۆستەکانی دواتر گواستووەتەوە. ئەلڕەواحنە ئەمە بەیەکێک لە کلیلەکانی سەرکەوتنی پیشەی سەربازیی خۆی دادەنێت.

"من زۆر بەختەوەربووم لەوەی کە لە چەندین پۆستی سەربازی لە ڕوانگەی ئۆپەراسیۆنی، تەکتیکی و ستراتیژی خزمەتم کردووە بۆ ئەوەی شانبەشانی شارەزاییە سەربازییەکان هەنگاو بنێم. لەو کاتەدا، من بە خوێندن و بەشداریکردن لە ژمارەیەکی زۆر لە وۆرکشۆپ، سیمینار و کۆنفرانسەکان لەسەر ئاستی جیهانی ناوچەییدا، پاڵێوراوی ئەکادیمیم بەدەستهێنا. من دەمویست ئەزموونی مەیدانی و ئەکادیمی خۆم لە بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانە بەکاربهێنم. هونەری سەرکردایەتی بریتییە لە جێبەجێ کردنی ئەزموونە سەرکەوتووەکان بۆ برەودان بە تواناکان." ناوبراو ڕایگەیاند.




پاشان لە کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانەی ئەردەن خۆی تۆمارکرد، کە لەوێدا لێهاتوویی سەرکردایەتیی ئەو لە ڕێگەی پێوەرەکانی کۆمەڵگەی ئەردەنی و کلتوری هێزە چەکدارەکانی ئەردەن شێوەی خۆی گرت. دوای دەرچوون، ئەو هەرگیز لە بەدەستخستنی زانیاریی زانستی سەربازی نەوەستا. ئەو هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە توێژینەوەکانی بەرگریی ستراتیژی لە مالیزیا، ئەمە جگە لە توێژینەوە پێشکەوتووەکان لە کۆلێژی دەستەی سەربازیی ئەمریکا و هانی سەرکردەکان دەدات بۆ هەرگیز دەست لە فێربوون هەڵنەگرن.

"دەبێت سەرکردە بە خوێندنەوەی ئەدەبی تایبەتمەند و بەشداریکردن لە کۆنفرانس و سیمیناری سەربازی ئاسایشی بۆ دوای کلتور و زانستی سەربازیدا بگەڕێت،" ئەلڕەواحنە ڕایگەیاند. "ئاڵوگۆڕی ئەزموون و سەرکەوتنەکان لەم سەکۆیانەدا بۆ هەموو بەشداربووان سودبەخشە. هەروەها خوێندنی زانستی سەربازی لە ئەکادیمیا و زانکۆ جیاوازەکان وادەکات سەرکردە بەشێوەیەکی فرەڕەهەندی بیربکاتەوە. پێویستە سەرکردە ستراتیژی بەرگری وڵاتە دۆست و نەیارەکان بخوێنێتەوە."

ئەو زۆربەی ژیانی پیشەیی خۆی لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی سەربازی بەسەربردووە، کە لە دوای دەرچوون لە زانکۆ وەکو مولازمی پلە دوو لە ساڵی 1989 دەستبەکار بوو. ئەو بە پلەیەکی بەرزی پیشەیی بۆ بوون بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی پێشکەوت، لە قۆناغێکی سەختدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، کە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ کارامەیی ئەو بۆ سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

"من بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریم لە ماوەیەکی زۆر هەستیار و یەکلاکەرەوەی پڕ لە گرژی، ئاڵنگاری و هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەمە جگە

له دۆخی لەناکاوی قەیرانەکانی COVID-19، کە تێیدا هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بەرپرسیاریەتییەکی مەزنیان لەئەستۆگرت، گرتەدەست. ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بە دێژایی سنورەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی شانشیندا لە جوڵەدابوون، کە ڕۆڵی هەواڵگریی لە هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنی ئەم گروپانە بەرلەوەی دزەبکەنە ناو سنورەکانی وڵاتەوە ئێجگار گرنگە."

"ئێمە لە ڕێگریکردن لە مەترسی دزەکردنی باندە تیرۆرستیەکان بۆ سنورەکانمان لە ڕێگەی کاری بێوچانی هەواڵگری و ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری لەگەڵ دەزگاکانی تری دەوڵەت و وڵاتانی هاوڕێدا سەرکەوتوو بووین. بە هەمان شێوە ئێمە بە پەرۆش بووین بۆ پێشتخستنی تواناکانمان و جیگیرکردنی تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکان لە پشکنینی سنور و چاودێریکردنی چالاکییەکانی تیرۆرستان، جا لەسەر پەڕەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بن یاخود لە ڕێگەی هێڵەکانی گواستنەوە.

ئەلڕەواحنە فەرماندەیی ئەقڵگەرایی خۆی لە فەلسەفەی سەرکردایەتی هاشمییەکانەوە وەرگرتووە، کە بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکاندا بەشێوەیەکی مرۆڤانە و بەجۆرێک کە بەها سەربازییەکان پێشێل نەکات، خۆڕاگری و چارەنووسسازیی ئاوێتەی بەزەیی دەکات.

"پێویستە سەرکردە لە سەربازەکانی نزیکبێت و گوێیان لێبگرێت. بەرلەوەی سزا ئاڕاستەی سەربازانی کەمتەرخەم بکات، پێویستە سەرکردە لەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی کەمتەرخەمییەکە تێبگات" ناوبراو ڕایگەیاند. "دەکرێت هەندێک لە هەڵەی بچوک لە ڕێگەی ڕاستکردنەوە و پەسەندکردنی بەڵێنی سەرباز بۆ دووبارە نەکردنەوەی چارەسەربکرێن. لێبووردەیی ڕێزگرتن و دڵسۆزی سەرباز بەرامبەر فەرماندەکەی زیاد دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت بۆ ئەو پرسانەی کە دژ بە ڕێسا نیشتمانی و سەربازییەکانن هیچ لێبووردنێک هەبێت."

عەمیدەکە باوەڕی وایە کە سەرکردە بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی، فەرماندەکانی و سوپاکەی لە ژیاندایە. ئەمە ئەو بنەمایەی هێزە چەکدارەکانی ئەردەنە کە ئەو لەسەری پەروەردەکراوە، وە ئەو نمونەیەیە کە هەموو سەرکردەکانی سوپای عەرەب بە درێژایی مێژوو پەیڕەویان کردووە.

"باوەڕی سوپا بە تواناکانی فەرماندەکەی، شایستەی دەکات بۆ ئەو پۆستەی کە هەیەتی، و مانای گونجاوی دەگەیەنێت لەوەی لە پۆستەکەیەوە بۆ خزمەتکردنی نیشتمانی ڕابسپێردرێت. واتە پۆستەکە بۆ فەرمادەیەک وێستگەیەکی کاتییە و پێویستە ئەو کاریگەریی ئەرێنی لەدوای خۆی جێبهێڵێت. ئەمە متمانەیەکە دەوڵەت بە فەرماندەکەی بەخشیووە، و پێویستە ئەو ئەم متمانەیە بپارێزێت و بەوپەڕی توانایەوە کە لە ئەزموونە مەیدانی و ئەکادیمییەکانییەوە شێوەی گرتووە، خزمەتی وڵاتەکەی بکات."

ئەلڕەواحنە گرنگی پاراستنی هاوپەیمانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە تیرۆرستییەکان دووپات دەکاتەوە. جەنگی هاوچەرخی ناهاوسەنگ لە هەموو ئاستەکاندا پێویستی بە هاوپەیمانیەتیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ئاڵوگۆڕی هەواڵگریی هەیە. چەمکی سێ بەری جەنگی ئاسایی کۆتایی پێهاتووە. لە بواری ئەلیکترۆنی، بواری دەرەکی و درۆنەکانەوە بەرەی نوێ سەریانهەڵداوە.

"ئەزموونی ئێمە وەکو هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە جەنگی دژ بە تیرۆر ئەزموونێکی گرنگە، کە زۆرێک لە وڵاتان سوودمەندبوون لێی. بە هەمان شێوە، بەشداریکردنی ئێمە لە ئەفغانستان بەهادار و گرنگ بوو، وە بەشداری لە باشترکردنی سەقامگیری ئەو وڵاتەدا کرد،" ئەو ڕایگەیاند.

"فەلسەفەکەمان لەسەر ئەو بیرۆکەیە بەندە کە ئێمە بەشێکین لە جیهان و ڕۆڵێکی گرنگمان لە برەودان بە سەقامگیری هەیە، ئاخۆ ناوچەیی بێت یاخود نێودەوڵەتی. ئەمە بە تایبەتی لەوەدا ڕاستە کە باندە تیرۆرستییەکان درۆنە نرخ هەرزانەکان بۆ لێدانی ئامانجە گرنگەکان بەکاردەهێنن. هەڕەشەی ئەلیکترۆنی چیتر بە تەنها تۆڕەکانی پەیوەندی لە کارناخات، بەڵکو لەوانەیە ببنە هۆی کارەساتی مرۆیی، ئەمە ئەگەر هێرشبەران بتوانن دەروازەکانی بەنداوێک بکەنەوە یاخود پێکهاتەکان لە پاڵاوگەکانی نەوت و دەزگا پرۆکیمیاییەکان بگۆڕن. بۆیە، دەبێت ئێمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە ئامادەبین."

**"دەبێت سەرکردە بە خوێندنەوەی ئەدەبی تایبەتمەند و بەشداریکردن لە کۆنفرانس و سیمیناری سەربازی ئاسایشی بە دوای کلتور و زانستی سەربازیدا بگەڕێت. ئاڵوگۆڕی ئەزموون و سەرکەوتنەکان لەم سەکۆیانەدا بۆ هەموو بەشداربووان سودبەخشە. هەروەها خویندنی زانستی سەربازی لە ئەکادیمیا و زانکۆ جیاوازەکان وادەکات سەرکردە بەشیوەیەکی فرە ڕەهەندی بیربکاتەوە. پێویستە سەکردە ستراتیژی بەرگری وڵاتە دۆست و نەیارەکان بخوێنێتەوە."**

**~ عەمید ئەلڕەواحنە**

ئەلڕەواحنە لەو باوەڕەدایە کە هەر فەرماندەیەکی سەربازی فەلسەفەی سەرکردایەتی خۆی لەسەر بنەما و بەها وەرگیراوەکان لە مێژوو و کلتووری ئەو دامەزراوەیەوە پەرەپێدەدات کە تێیدا خزمەت دەکات، ئەمە لە کاتێکدا پاریزگاری لە گونجاندن لەگەڵ گەشەسەندن و گۆڕانکارییەکانی جیهاندا دەکات. ئەو کاتێک گواسترایەوە بۆ بوون بە فەرماندەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانیی شاهانە، هەمان ئەو فەلسەفەیەی جێبەجێ کرد.

بەشی هەواڵگری بە ڕادەیەکی زۆر لە لایەنە ئەکادیمییەکەی کۆلێژی بەرگریی نیشتمانی لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەی کە من لە لایەنی هەواڵگرییەوە گەشەم پێداوە، کە خزمەت بە بنەمای بەرگری دەکات، سودمەند دەبێت. دەکرێت لایەنی هەواڵگری و ئەکادیمی ئەم کۆلێژە یەکبخرێن. ئێمە وەک کارمەندانی سەربازی مەشقپێکراوین بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەر شوێنێک کە کاری تێیدادەکەین، مەشقپێکراوین،" ناوبراو ڕایگەیاند.

"لە کۆتاییدا، دامەزراوەی سەربازی وەک گرینگترین دامەزراوە کە توانای پێگەیاندنی سەرکردەی خاوەن ئەزموون و بوێر لە بڕیاردان و پاڵپشتی هەوڵەکانی دەوڵەت لە هەنگاونان بەرەو ئەو گەشەکردنەی کە ئێمە بە باوەڕی ڕەهامان پێی هەیە، بە کەمکردنەوەی کاریگەریی ململانێ و قەیرانە ناوچەییەکان لەسەر وڵاتەکەمان دەمێنێتەوە."



لیوا شێخ حەمەد بن عەبدوڵڵا ئەلخەلیفە، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەحرەین، لە ڕێوڕەسمی گەیاندنی فڕۆکەی جەنگی F-16 Block 70، لە کارۆلینای باشور، لە مانگی ئازاری 2023، قسە دەکات. تەکنەلۆژیا عەریف. خافێر کروز/هێزی ئاسمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

# بەحرەین هێزی ئاسمانی هاوچەرخ دەکات

دەستەی یونیپاس

بەحرەین بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاسایشی کەنداوی عەرەبی، خۆی بە فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتووی دروستکراوی ئەمریکا ئامێربەند دەکات.

لە مانگی ئازاری 2023، ئەفسەرانی بەحرەینی ئاهەنگی گەیشتنی یەکەم فڕۆکە لە 16 فڕۆکەی جەنگیی F-16 Block 70 دەگێڕن. ڕێوڕەسمەکە لە کارگەی بەرهەمهێنەری کۆمپانیای لۆکهید مارتن لە ویلایەتی کارۆلینای باشور لە ئەمریکا بەڕێوەچوو.

بەحرەین لە ساڵی 2024، یەکەم دەستەی نوێترین فڕۆکەکانی F-16ـی بەدەستدەگات و ئەوانی تر لە ساڵی 2025 وەردەگرێت. بەحرەینییەکان بۆ یەکەمجار فڕۆکەوانیی فڕۆکە جەنگییەکەیان لە مانگی کانونی دووەمی 2023 لە بنکەی هێزی ئاسمانی ئێدواردس لە کالیفۆڕنیا ئەنجامدا.

Block 70/72 تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئەلیکترۆنیی پێشکەوتووی فڕۆکەوانی، ڕادارێکی چالاکی پشکنەری ئەلیکترۆنی، تانکی سووتەمەنی یەدەگیی نزیک بە لاشەی سەرەکی، کابینەی فڕۆکەوانی هاوچەرخ بە تایبەتمەندیی سەلامەتیی نوێ، درێژکردنەوەی تەمەنی خزمەتگوزاری پێکهاتەیی 12,000 کاتژمێر، چەکی پێشکەوتوو و باشترکردنی کارایی بزوێنەر لەخۆدەگرێت. لە نێوان تواناکانیدا توانای شوێنهەڵگرتن و تێکشکاندنی درۆنەکانی هەیە.

"ئەم توانا پێشکەوتووە بەشداریکردنی بەحرەین لە هاوپەیانێتی نێودەوڵەتیدا زیاد دەکات، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریدا دەگێڕێت، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەحرەین لیوا شێخ حەمەد بن عەبدوڵڵا ئەلخەلیفە ڕایگەیاند. "هێزی ئاسمانیی شاهانە شانازی دەکات بەوەی کە یەکەم هێزی ئاسمانیە ببێت بە خاوەنی فڕۆکەی جەنگیی Block 70."

بەحرەین دەبێتە یەکەم وڵاتە لە ناوچەکە، کە ئەو فڕۆکە جەنگییە ئاڵۆزانە بەدەستدەهێنێت. ئەردەن لەم دواییانە دواکاری بۆ کرینی 12 دانە لەو F-16ـانەی پێشکەش کرد.

"سەرنجی ئێمە لەسەر هاوبەشییە لە ناوچەکە ... هیچ ڕێگەیەکی باشتر بۆ دەستبەرکردنی هاوبەشی وەک لە ناساندنی فڕۆکەی جەنگی F-16 ـی Block 70 بوونی نییە. ئەمە تەنها توانایەکی مەبەستدار نییە بۆ بەحرەین؛ بەڵکو ئێستا ئەمە وەبەرهینانێکە لە هاوبەشییەکی درێژخایەن. ئیمە بەهۆی ئەم کڕینەوە لە تواناماندا دەبێت بۆ چەندین دەیەی داهاتوو هاوکاری و هەمانگییان لەگەڵدا بکەین،" فەریق ئەلێکسس گرینکویچ، فەرماندەی ناوەندی هێزی ئاسمانیی نۆیەم و هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند.

بە لەخۆگرتنی کەشتیگەلی پێنجەمی هێزی دەریایی ئەمریکا و هێزە دەریاییە یەکخراوکانی 38 وڵات، بەحرەین هاوبەشییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە.

سەرچاوەکان: ئەلوەتەن، فەرماندەیی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا



## قرغستان لەگەڵ دراوسێکانیدا لەسەر ویستگەی کارەبای هایدرۆئەلیکتریکی گەیشتە ڕێککەوتن

دەستەی یونیپاس

**بۆ** دەستەبەرکردنی دابینکاری وزە بۆ دانیشتوانەکەی، قرغستان بە یارمەتی کازاخستان و ئۆزبەکستان پلانی بۆ دروستکردنی وێستگەی کارەبای هایدرۆئەلیکتریکی کامبار ئەتا 1ـی لەسەر ڕوباری نارین داناوە.

**دیمەنێکی ڕوباری نارین، کە قرغستان دەیەوێت ویستگەیەکی وزەی هایدرۆئەلیکتریکی لەسەر دروست بکات.**
نووسینگەی سەرۆک کۆماری قرغستان

لە مانگی کانونی دووەمی 2023، وەزیرانی وزەی قرغستان، کازاخستان و ئۆزبەکستان ڕێککەوتنێکیان بۆ پێکهێنانی دامەزراوەیەکی هاوبەشی بازرگانی بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی وێستگەی هایرۆئەلیکتیکی کامبار ئەتا 1 لە قرغستان واژۆکرد.

بەهۆی نەبوونی وەبەرهێنانەوە پرۆژەکە بۆ چەندین دەیە وەستێنرابوو. ئەمە دەبێتە گەورەترین ویستگەی کارەبا لەسەر ڕوباری نارین، بە توانای 2,000 مێگاوات. ڕەنگە دروستکردنی ئەمە 10 ساڵ بخایەنێت.

حکومەتی قرغستان پێداگری لەوە دەکات کە وێستگەکە ئاسایشی وزە بۆ وڵاتەکە بەرەوپێش دەبات، بەڵام جگە لەوەش سود بە کازاخستان و ئۆزبەکستان دەگەیەنێت، کە دەتوانن لە وێستگەکەوە کارەبا هاوردە بکەن. جگە لەوەش، وێستگەکە دەتوانێت بەڕێوەبردنی ئاو لە ناوچەکەدا باشتر بکات. لەبەر ئەوەی وێستگەکە لە سەرەوەی ڕوبارەکە لە قرغستان دروست دەکرێت، وڵاتانی خوارەوەی ڕوبارەکە، وەکو ئۆزبەکستان، دەتوانن لە ئازادکردنی هاوئاهەنگی ئاوی بەنداوی کامبار ئەتا بۆ ئاودێری سوودمەند ببن.

بەگوێرەی قرغستان، دروستکردنی ئەم پێکهاتەی وزە هایرۆئەلیکتریکییە نزیکەی 2 ملیار دۆلاری ئەمریکی تێدەچێت، وە پێویست دەکات بە شەش قۆناغ تەواوبکرێت.

"نەخشەی هەنگاوەکان چۆنیەتی کارکردنمان نیشان دەدات ... ئەگەر لێکۆڵینەوەی توانای جێبەجێکردن لە 2024 تەواوبکرێت، ئەوا دەست بە بیناکردنی ویستگەکە دەکەین ... پێکهاتەیەکی هاوبەشی بازرگانی کە لەلایەن قرغستان، کازاخستان و ئۆزبەکستان خاوەندارێتی دەکرێت لە قرغستان تۆمار دەکرێت؛ هەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندا دەبێت،" جیگری وەزیری وزەی قرغستان مارلین ژاکورۆڤ ڕایگەیاند.

کامبار ئەتا 1، تەنها یەکێکە لەو چەندین دەستپێشخەریەی وێستگەی کارەبای هایدرۆلیکریکی پێشبینیکراوی قرغستان بۆ ڕوباری نارین. سەرچاوەکان: ئازاتیک، KTRK

## به شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی داعش، حوسیەکان ژنان دەچەوسێننەوە

دەستەی یونیپاس

**وەکو** پێشێلکارییەکی بێباکانەی مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی گەلی یەمەن، میلیشیای حوسیی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە، لە مانگی کانوونی دووەمی 2022، فەرمانی قەدەغەکردنی گەشتکردنی ژنانی بەبێ بوونی خزمێکی پیاو لەگەڵیاندا بە ئەندامانی ڕاگەیاند.

دەستدرێژی حوسیەکان بۆ سەر مافەکانی ژنان تەنها بە گەشتکردن سنوردار نەبوو. میلیشیاکە لە مانگی کانونی یەکەمی 2022، هەنگاوی زیاتری نا و فەرمانیان بە بەڕێوەبەرانی چێشتخانەکانی شاری سەنعا کرد کە داوای مۆڵەتی هاوسەرگیری لەو خێزانانەی بکەن کە ئارەزوو دەکەن لە چێشتخانەکانیاندا نان بخۆن.

جیاکردنەوەی ڕەگەز لە کەمپەکانی کۆلێژدا چەسپینرا، و کاتەکانی خویندن لە زانکۆکاندا دابەشکران بۆ سەر دوو دەوام: دەوامی بەیانیان بۆ ژنان و دەوامی شەوان بۆ پیاوان. لە مانگی ئابی 2022، چەندین ئارایشتگای جوانکاری، مەڵەوانگەی مەلەکردن و هۆڵی لەشجوانی ژنان لە سەنعا داخران. لە مانگی تشرینی یەکەمی 2022، حوسیەکان وێنەگرتنی ژنان جگە لە دەموچاویان بۆ کاروباری پێویست لە دوکانە وێنەگرییەکاندا قەدەغەکرد.

بە شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی گروپەکانی داعش و تاڵیبان، حوسیەکان هەوڵدەدەن ئەو بوارەی کە ژنان بتوانن بە ئازادی جوڵەبکەن بەرتەسک بکەنەوە، وە ڕۆڵی ژنان بەگوێرەی باوەڕی لەپێشینەی حوسی بخەنە ڕوو.

لە مانگی ئەیلولی 2014، کاتێک میلیشیا حوسییەکانی سەر بە ئێران دەستیان بەسەر پایتەختی سەنعای یەمەندا گرت و داوای حکومەتی نوێیان کرد، شەڕی ناوخۆی یەمەن دەستیپێکرد. پاشان یاخیبووان لە مانگی کانونی دووەم 2015، دەستیان بەسەر کۆشکی سەرۆکایەتیی یەمەندا گرت، عەبد ڕەبو مەنسوڕ هادی سەرۆکی ئەوکات و حکومەتەکەیان ناچارکرد دەست لەکار بکێشێتەوە.

بە هەڵوەشاندنەوەی دەست لەکار کێشانەوەکەی، هادی بۆ سەرکردایەتیکردنی بەرەنگاربوونەوەیەکی پشتیوانیکراو لە لایەن هاوپەیمانیەتییەکی سەرۆکایەتیکراو لەلایەن سعودیە بۆ گەڕاندنەوەی ڕەوایی یاسایی بۆ یەمەن، لە مانگی ئەیلولی 2015ـدا گەڕایەوە بۆ عەدەن.

جەنگەکە لە ساڵی 2014 ـەوە گیان لەدەستدانی زیاتر لە 150,000 کەسی لێکەوتووەتەوە، لە نێوانیاندا زیاتر لە 14,500 مەدەنی، کە 3,774 لەوانە منداڵن.

سەرچاوەکان: شوێنهەڵگری ململانێی جیهانی (Global Conflict Tracker)، ئەلحورە، ئەمنێستی ئینتەرناشیۆناڵ

# باڵویزی ئەمریکا بۆ تاجاکستان جەخت لەسەر پەیوەندییە ئاسایشییەکان دەکاتەوە

دەستەی یونیپاس

باڵویزی نوێی ئەمریکا بۆ تاجاکستان مانوێل میکاڵەر لە مانگی نیسانی 2023 بە جەختکردنەوە لەسەر هەماهەنگیی ئاسایشیی ناوچەیی لەنێوان هەردوو وڵات، لە دوشانبێ خۆی ناساند.

میکاڵەر لە 10 مانگی ئازاری 2023، کاغەزی ناساندنی خۆی پێشکەش بە سەرۆکی تاجاکستان ئیمۆماڵی ڕەحمان کرد، و پاشان مانگێک دواتر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە هاوبەشیی تاجاکستان و ئەمریکا کرد.

"لە بەشی ئاسایش، کاری لەپێشینەی هەردوو وڵات بریتییە لە جەنگی دژ بە توندڕەوەکان و تیرۆریزم، وە بە هەمان شێوە بەهێزکردنی سنوری تاجاکستان و ئەفغانستانن،" ناوبراو ڕایگەیاند.

یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکان بۆ تاجیکستان بریتییە لە وەستاندنی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر و چەکی هاوەردەکراو لە ئەفغانستانەوە. بۆ نمونە، لە مانگی نیسانی 2023، تاوانباران کاتێک هەوڵی قاچاخچێتیی ماددەی هۆشبەر، چەک و تەقەمەنییان دەدا لەگەڵ سەربازانی تاجاکستان تووشی تەقەکردن بوون لەیەکتری. شەڕە تەقەکە بە هەڵهاتنی قاچاخچییەکان بۆ ناو ناوچەی باداخشانی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان کۆتایی هات.

دەسەڵاتدارانی تاجاکستان بۆ وەستاندنی تاوانباران، تیرۆرستان و گروپە توندڕەوەکان لە دزەکردنە ناو تاجاکستان و دراوسێکانی ئاسیای ناوەڕاستی، برەویان بە دروستکردنی "پشتێنەی ئاسایش"ـی ناوچەیی بە دەوری ئەفغانستاندا داوە. سنوری تاجاکستان ئەفغانستان بۆ زیاتر لە 1,300 کیلۆمەتر درێژدەبێتەوە، کە بەشێکی زۆری چیای سەخت و دابڕاوە.

بە دووپاتکردنەوەی گرنگیی بەهێزکردنی سنوری تاجاکستان، میکاڵەر ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئەمریکا زیاتر لە 25 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ بنیاتنان و نۆژەنکردنەوەی 27 دامەزراوەی سنوری لە تاجاکستان خەرجکردووە. کارەکە 13 بنکەی سنور، نۆ خاڵی پشکنینی سنور، دوو بینای کەرتی پاسەوانی سنور و



باڵویزی ئەمریکا لە تاجاکستان مانوێل میاکڵەر بۆ چاودێریکردنی پاککردنەوە لە مین سەردانی بنکەی سنوریی کۆنی ئەنگیشق نزیک لە ئەفغانستان دەکات.
باڵویزخانەی ئەمریکا لە دوشەنبێ

سێ ناوەندی مەشقکردن لەخۆدەگرێت.

باڵوێز متمانەی خۆی دەربڕی لەوەی کە هەماهەنگیی تاجاکستان و ئەمریکا سود بە گەلی تاجاکستان دەگەیەنێت.

سەرچاوەکان: ئاڤێستا، باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاجاکستان، ئۆزۆدی

# ئەمریکا پابەندبوونی خۆی بە ئاسایشی ئەردەن نوێدەکاتەوە

دەستەی یونیپاس

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەماهەنگی و هاوبەشیی دوولایەنەی ئاسایش، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لیۆد ئۆستن وەکو بەشێک لە گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵلای دووەم بن ئەلحوسەین، لە مانگی ئازاری 2023، سەردانی شانشینی هاشمیی ئەردەنی کرد.

لە نێوان نیگەرانی و ئاڵنگارییە هاوبەشەکان کە لە لایەن هەردوو سەرکردەوە گفتوگۆیان لەسەر کرا، بابەتەکانی پارمەتیدانی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق، گەیشتن بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ ململانێی سوریا و بەرەنگاربوونەوەی چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوون.

ئۆستن سوپاسگوزاری خۆی بۆ هەوڵەکانی ئەردەن لە ئاسانکاریکردنی هەماهەنگیی ئاوێتەکراوی دەریایی، ئاسمانی و مووشەکی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەربڕی. ئەمریکا لەگەڵ ئەردەندا کار بۆ قووڵکردنەوەی هەماهەنگییەکەی لە گواستنەوەی چەک، ئاسایشی ئەلیکترۆنی، بەرەنگاربوونەوەی ترۆر و



لە مانگی ئازاری 2023 ، پاشای ئەردەن عەبدوڵڵای دووەم لە عەممان لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمریکا لیۆد ئۆستن کۆدەبێتەوە. دادگای شاهانەی هاشمیی ئەردەن

ئاسایشی سنور و دەریایی دەکات.

لە پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوونی ئەمریکا بۆ سەقامگیری و خۆشگوزەرانی ئەردەنییەکان، ئۆستن تیشکی خستە سەر 10.15 ملیار دولاری ئەمریکی لە هاوکاری بریار لەسەر دراو بۆ پاڵپشتی ژێرخانی ئاوی و کەرتی گشتی ئەردەن، کە لە مانگی ئەیلولی 2022 لە ژێر ڕێکەوتنی ئەمریکی ئەردەنی لە تێگەیشتن لە هاوبەشیی ستراتیژی لە لایەن هەردوولاوە واژۆ کرا.

بۆ پاراستنی پەیوەندییە سەربازی بەرامبەر سەربازییەکان، بەبەردەوامی هەردوو وڵات مەشقی هاوبەشی دوو لایەنەی سەربازی ئەنجام دەدەن. ئەردەن هەر دوو ساڵ جارێک میوانداریی مەزنترینتان دەکات، شێری تامەزرۆ.

سەرچاوەکان: ز جۆردەن تایمز، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا



# هێزە چەکدارەکانی لوبنان بەردەوامی بە ئەرکەکەیان دەدەن

دەستەی یونیپاس

بۆ سووککردنی سەختیی دارایی ئەزموونکراو لە لایەن هێزە چەکدارەکانی لوبنانەوە، ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی نیسانی 2023 بەرنامەیەکی پاڵپشتیی کاتییان بۆ یارمەتیدانی بەردەوامبوونی دامەزراوە سەربازییەکانی وڵاتەکە خستە بواری جێبەجێ کردنەوە.

بە بەهای 72 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، پاڵپشتییە داراییەکە دەبەخشرێتە ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی لوبنان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی لوبنان.

باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت بەیاننامەیەکی سەبارەت بە پێویستبوونی پارەکە بڵاوکردەوە: "ئەم بەرنامەیە لە ئاسانکردنی بەشێک لەو سەختییە داراییەی کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوخۆی لوبنان ڕووبەڕووی بوونەتەوە کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەیان گەل و دانیشتووانی سەر خاکەکەیان دەدەن یارمەتیدەر دەبێت، وە لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی گشتی بەشداردەبێت لە ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکە."

لاوازبوونی ئابووریی لوبنان، بەهۆی کۆڤید-19، تەقینەوەکەی مانگی ئابی 2020 لە بەندەری بەیروت و داگیرکاریی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، دامەزراوە سەربازی و ئاسایشییەکانی وڵاتەکەیان خستووەتە ژێر فشارەوە.

فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی لوبنان فەریقی یەکەم جۆسێپ عەون ستایشی هاوبەشیی ئاسایشی فرەنەتەوەیی کرد، لە نێوانیاندا ئامادەبوونی هێزی ناوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان لە باشوری وڵاتەکە.

"ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیەوێت دامەزراوە سەربازییەکان بپارێزێت سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕێگە بە شکستی لوبنان لە لایەنی ئاسایشەوە نادات،" فەریقی یەکەم عەون ڕایگەیاند.

سەرەڕای ئەرکی پاراستنی سنوری لوبنان لە دژی دزەکردنی تیرۆرست و تاوانباران، سوپای لوبنان یەکگرتوویی نەژادی، ئاینی و ئایدیۆلۆژی لە وڵاتێکی فرەچەشندا دەپارێزێت.

وەکو دەرەنجام، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەکو هاوبەشێکی متمانەپێکراو بۆ یارمەتیدان لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی دەڕوانێتە هێزە چەکدارەکانی لوبنان.

**سەربازانی لوبنان لە ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا لە بەیروت لە مانگی ئایاری 2022 پاسەوانیی شەقامەکان دەکەن.** AFP/گێتی ئیمەیجس

سەرچاوەکان: بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، thenationalnews.com ،USAID




**ئەو زانا ئیماراتیانەی کە یەکەم گوێزەرەوەی گەڕۆکی سەر مانگی وڵاتەکەیان پەرەپێدا لە دوای بەگەڕخستنی ڕەشید دەردەکەون.** ڕۆیتەرز

# ئیمارات لە گەڕان بە بۆشایی ئاسماندا ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت

دەستەی یونیپاس

**بنیاتنراو** لە لایەن ناوەندی بۆشایی ئاسمانی محەمەد بن ڕاشد (MBRSC) و نانراو بە ڕەشید، یەکەم کەشتیی ئاسمانیی سەرمانگ گەیشتە خولگەی ئیماڕاتی دەوری مانگ.

لە مانگی کانوونی دووەمی 2022، گەڕۆکە بچووک و کێش سووکەکە لە لایەن مووشەکی فاڵکۆن 9ـی سپەیس ئێکس لە وێستگەی کەیپ کاناڤێراڵی هێزی ئاسمانی لە فلۆریدا لە ئەمریکا، ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرا.

ئەرکی گەڕۆکەکە بریتی بوو لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی لەسەر مانگ و گواستنەوەی زانیاری و وێنە بۆ MBRSC.

جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ئیماڕات خاوەن پایە شێخ محەمەد بن ڕاشد ئەلمەکتوم وەکو بەشێک لە بەرنامەی ئامانج فراوانی بۆشایی ئاسمانی ئیماڕات کە لێکۆڵیەنەوە لە مەریخ و ڤینۆس بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت، باسی لە ڕەشید کرد. سەرەڕای ئەوەی پشکنەر بە تێکشکاوی لەسەر ڕووی مانگ نیشتەوە، بەڵام ئەو زانیاریانەی کە بۆ ئەرکەکانی داهاتوو بەدەستیهێنا بەهای زۆر بەنرخیان هەیە.


"ئیماڕات پشکنەری ڕەشیدی بە ئامانجی نیشتنەوە لەسەر مانگ بۆ بوون بە چوارەم وڵات لە جیهان و یەکەم وڵاتی عەرەبی بۆ نیشتنەوە لەسەر ڕووی مانگ ڕەوانەکرد،" سەرۆک وەزیران لە ڕۆژی هەڵدانەکە دووپاتی کردەوە.

بۆ ئیلهام بەخشین بە ئیماڕاتییەکان، مەشقکردن بە نەوەیەکی ئەندازیار و زانایان و برەودان بە پشکنینی بۆشایی ئاسمان و توێژینەوە لە ناوچەکە، دەزگای بۆشایی ئاسمانی ئیماڕات MBRSC لە ساڵی 2006 بە چڕکردنەوەی سەرنج بۆ سەر پڕۆژەکانی مانگی دەستکرد، ئەرکی مەریخ، ئەرکی چوونە سەر مانگ و پێشخستنی کەشتیوانانی ئاسمانی، لە دوبەی دامەزرێنرا.

د. سارا ئەلموایني، سەرۆکی تیمی ئەو زانایانەی لەسەر ئەرکەکە کاریان کرد، ڕایگەیاند: "ئەو ئاڵنگاریانەی کە لە ماوەی دروستکردنی پشکنەرەکەدا ڕووبەڕووی بووینەوە ئەوەیە کە هیچ ئەرکێکی ئەم دوواییانە بۆ سەر ڕووی مانگ بوونی نییە کە بتوانین پشت بە زانیارییە زانستیەکانی ببەستین و پڕۆژەکانی ئیماڕات بۆ پشکنینی مانگ لەسەری بنیات بنێین، وە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئاڵنگاریەدا ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە و تاقیکردنەوەمان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ڕووی مانگ و دڵنیابوونەوە لە کاریگەریی تەکنەلۆژیاکانی سەر پشکنەرەکە ئەنجامدا.

لە 2019، ناوەندی MBRSC کەشتیوانی ئاسمانی هەزاع ئەلمەنسوری بۆ وێستگەی نێودەوڵەتی ئاسمانی ڕەوانەکرد. وە لە مانگی تەموزی 2020، ئەرکی مەریخی ئیماڕات بۆ خولانەوە بە دەوری هەسارەکەدا، پشکنەری 'هیوا'ـی بەگەڕخست.

سەرچاوەکان: ئەلخەلیج، CNN، نیو یۆرک تایمز





# قەتەڕ لە میانی جامی جیهانیدا ڕێگری لە هێرشی ئەلیکترۆنی دەکات

دەستەی یونیپاس

**دەزگای** ئاسایشی ئەلیکترۆنی نیشتمانی قەتەڕ (NCSA) بۆ بەشداریکردنیان لە سەلامەت ڕاگرتنی مەودای ئەکیکترۆنی قەتەڕ لە میانی جامی جیهانیی فیفای قەتەڕ لە 2022، دەستخۆشی لە 38 کەرتی وەزارەتی بەرگری کرد.

"سەرکردایەتییە داناکەمان زووتر قەبارەی ئەو ئاڵنگارییانەی بۆ دەرکەوت کە دەکرێت جامی جیهانیی قەتەڕی 2022، گەورەترین و هەرە گرنگترین خول لە جیهاندا [بە شێوەی ئەگەری] ڕوبەڕووی ببێتەوە ... یەکێک لە ئاڵنگارییە هەرە ماندووکەرەکان بریتی بوو لە سەلامەتکردنی مەودای ئەلیکترۆنی بۆ پێشبڕکێکە و بۆ ئەم لایەنە دەزگای ئاسایشیی ئەلیکترۆنی دامەزرێنرا،" سەرۆکی NCSA عەبدولڕەحمان بن عەلی ئەلفەراحید ئەلمالیکی ڕایگەیاند.

NCSA بە جێبەجێکردن و وردبوونەوەی پرسە پەیوەندیدارەکان بە مەترسیە نیشتمانییە ئەلیکترۆنییەکان و هەڕەشەکان، باشترکردنی ئامادەیی و خۆڕاگری لە بەرامبەر تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و پاراستنی ژێرخانە گرنگەکان ڕاسپێردراوە.

NCSA وەکو بەشێک لە ئامادەکارییەکانی بۆ قەتەڕ لە میوانداریکردنی جامی جیهانی فیفا لە کۆتایی 2022، چەندین خولی ڕاهێنانی بۆ فەرمانبەرانی حکومەت و کەرتی تایبەت کردەوە. خولەکان تیشکیان خستە سەر مەترسی و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی ئەلیکترۆنی، لێکۆڵینەوە لە زیانبەخشترین هێرشە ئەلیکترۆنییەکان، چۆنیەتی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنیان و تا چەند دامەزراوە نیشتمانییەکان پابەندن بە ڕێوشوێنەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

ڕاهێنانەکان تەنها پەیوەست نەبوو بە بەشداریکردنی فەرمانبەرەکانی NCSA. کۆڕبەندێکی مانگی ئەیلولی 2022، بەشداریکردنی 685 فێرخوازی لە خوێندنگە و دامەزراوەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەخۆگرتبوو. خولی مانگی تشرینی دووەمی 2022 بۆ برەودان بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی، خوێندکارانی زانکۆی بانگهێشتکردبوو.

سەرچاوەکان: ئەلرایە، Al-Sharq.com

# سەرۆکی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا سەردانی تورکمانستان دەکات

دەستەی یونیپاس

بە دەربڕینی ڕێز بۆ "بێلایەنیی ئەرێنی" تورکمانستان، فەریقی یەکەم مایکڵ ئی. کوڕیلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، بە ئامانجی بەهێزکردنی هەماهەنگیی ئاسایشی، لە مانگی نیسانی 2023، سەردانی وڵاتەکەی کرد.

فەریقی یەکەم کوڕیلا لە ئەشقئابادی پایتەخت لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی تورکمانستان و نوێنەرانی باڵای وەزارەتی دەرەوە کۆبووەوە. ئەوان پێکهاتبوون لە جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە ڤێپا حاجیێڤ، وەزیری بەرگری فەریق بێگێنچ گۆندوگدیێڤ و سەرۆکی دەستەی ئەرکان عەقید ئاکمورات ئەنیمێتۆڤ.

لە کاتێکدا کوڕیلا لەگەڵ ئەم بەرپرسانەدا کۆدەبووەوە، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکمانستان ڕاسیت مێرێدۆڤ بۆ ڕاوێژکاریی دولایەنەی ساڵانە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەنتۆنی بلینکن گەیشتە واشنتۆنی پایتەخت.

سەرکردەکانی ئۆزبەکستان ستایشی هاوبەشیی بنیاتنراوی ئەم دواییانەی ڕاهێنان و پەروەردەی نێوان هێزە چەکدارەکانی تورکمانستان و پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا، وەکو بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەتیی پاسەوانیی نیشتمانیی ئەمریکا کرد.

وەکو ئاماژەیەکی نیازپاکی، کوڕیلا بە دانانی چەپکە گوڵینەیەک لە مۆنۆمێنتێکدا بۆ نیشاندانی وەفا بۆ ئەو سەبازە تورکمانستانانەی کە لە شەڕکردن لە جەنگی جیهانی دووەمدا گیانیان لەدەستدا، هاوبەشیی ئەنیمێتۆڤی کرد.

کوڕیلا بەو باوەڕەی کە تورکمانستان و ئەمریکا ڕوانگەی هاوبەشیان لەبارەی یەکپارچەیی خاک و سەقامگیری دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست هەیە، کۆتایی بە سەردانەکەی هێنا.

"سەردانکردنی لەم شێوەیە بوار بە بەردەوامبوونی جۆرە پەیوەندییەک دەدات، کە ناتوانرێت بە تەلەفۆن یاخود لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڤیدیۆییەوە بنتانبنرێت،" ناوبراو، فەریقی یەکەم ڕایگەیاند.

لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە واشنتۆن، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکمانستان تاوتوێی لە کۆمەڵێک بابەتی ئاسایشی کرد، کە چۆنیەتی کەمکردنەوەی ناسەقامگیری لە ئەفغانستانی دراوسێ لەخۆگرتبوو.

سەرچاوەکان: نیوز سێنتراڵ ئاسیا، فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، DW، کاسپیسکلی ڤێستنیک



# عێراق لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پشتیوانی بەدەست دەهێنێت

دەستەی یونیپاس

ناوەندی کۆنگرەی بن تەلاڵی پاشای ئەردەن کە دەکەوێتە سەر کەناراوەکانی دەریای مردوو، لە مانگی کانوونی دووەمی 2022 بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی عێراق و چڕکردنەوەی سەقامگیریی ناوچەیی، میوانداریی لە 'کۆنفرانسی بەغدادی بۆ هەماهەنگی و هاوبەشی' کرد.

ئەفسەرانی ئاستی باڵا لە ئەردەن، بەحرەین، ئیمارات، میسر، سعودیە، قەتەر، تورکیا، ئێران، یەکێتی ئەوروپا و عێراق پێنج پرسیان تاوتوێکرد: بارودۆخی ناو عێراق، لوبنان و سوریا؛ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر؛ ئاسایشی خۆراک؛ وزە؛ و ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران.

لە دەستپێکی وتارەکەیدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق محەمەد شیاع ئەلسودانی تیشکی خستە سەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. "ئەمڕۆ ئێمە بەوپەڕی هیواوە بۆ بەردەوامبوون لە برەودان بە دۆستایەتیی نێوان وڵاتەکانمان لە سەر هەموو ئاستەکان بە ڕێگایەک کە بەشداری بکات لە دانانی بناغەی سەقامگیری، خۆشگوزەرانی و پێشخستنی ناوچەکە لە ئەمان کۆدەبینەوە،" ئەلسودانی ڕایگەیاند.

خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵلای دووەم بن ئەلحوسەینی ئەردەن جەختی لەسەر گرنگیی سەقامگیری عێراق بۆ ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە و وەکو "پایەیەکی سەرەکیی ئاسایشی ناوچەکە" ناساندی. وەکو پاڵپشتییەک بۆ وتارەکەی پاشا، وەزیری کاروباری دەرەوە و بیانیەکانی ئەردەن، ئەیمەن ئەلسەفادی وەکو بەردەوامیدان بە دوایین هەوڵەکان لەلایەن وڵاتەکەی بۆ پاڵپشتیکردنی عێراق لە کۆبوونەوەکەی دەڕوانی.

"کۆبوونەوەکوی ئەمڕۆمان وەک دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی پتەوی کۆماری عەرەبی میسر و شانشینی هاشمی ئەردەن لە بەرامبەر عێراقی برا و برەودان بە ئاسایش، سەقامگیری و سەروەری وڵاتەکە دێت. "وەک دەزانن، عێراق لە ڕابردوودا سەرکەوتنێکی گەورەی مێژووی بەسەر چەتەکانی داعش بەدەستهێناوە و بە شێوەیەکی جێگیر و بەرجەستە دەستی بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاوەدانکردنەوە کردووە."

سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن جەختی لەسەر گرنگی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی عێراق و برەودان بە سەقامگیری وڵاتەکە کردووە، و ڕایگەیاند: "بە لەبەرچاوگرتنی دەیەکانی ڕابردوو، عێراق بەبێ گومان یەکێکە لە قوربانییە سەرەکییەکانی ناسەقامگیریی ناوچەکە." لەسەر هەمان ڕێچکە، وەزیری دەرەوەی سعودیە شازادە فەیسەڵ بن فەرحان ڕایگەیاند، "شانشینی سعودیە ڕەتکردنەوەی تەواوی خۆی بۆ هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر خاکی عێراق دووپات دەکاتەوە."



وەزیری دەرەوەی عێراق فوئاد حوسەین، وەزیری دەرەوەی ئەردەن ئەیمەن ئەلسەفادی و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کاسرین کۆڵۆنا لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە میانی دووەم کۆنفڕانسی بەغدا بۆ هەماهەنگی و هاوبەشی، قسە دەکەن. ڕۆیتەرز

عێراق لەم دواییانەدا لە دوای ساڵێک لە چەقبەستوویی گەیشت بە حکومەتێکی کۆدەنگ. لە ماوەیەکی کەم لە دوای دەستبەکاربوونی، ئەلسودانی بۆ گەیاندنی ئەو بەڵێنانەی کە بە عێراقییەکان دابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ماددە هۆشبەر و تیرۆریزم دەستی بە ئەنجامدانی ئەرکێکی سەخت کرد. بەڵێنەکانی تر ڕەخساندنی هەلی کار، باشترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییە سەرەکییەکان و چارەسەرکردنی نارەزاییە نەژادییەکان کە هەڕەشەی دابەشکردنی کۆمەڵگا دەکەن، لەخۆدەگرێت.

بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی سەرۆک وەزیران، لە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی لەناوبردنی ماددەی هۆشبەر لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی عێراق نزیکەی شەش تەن ماددەی هۆشبەریان لە قەزای نەهروان لە بەغدا سووتاند: کەڵەکراوی حەشیش و حەبی کاپتاگۆن و کۆکاین.

لە مانگی تشرینی دووەمی 2022، وڵاتەکە یەکەم گومانلێکراوەکانی لە دزینی پارەی گشتی ناسراو بە "دزیی سەدە" دەستگیرکرد. لەبارەی بە تاڵانبردنی سندوقی دارایی گشتی عێراق، سەرۆک وەزیران سوێندی خوارد کە "هەرکەسێک کە تێوەگلانی بسەلمێنرێت، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، ئاخۆ سیاسییەکان بن یاخود بەرپرسانی دەوڵەت."

سەرچاوەکان: ئەلحورە، سکای نیوز، ز گاردیان، یوتیوب



# ئۆزبەکستان و کازاخستان لەسەر دیاریکردنی سنور ڕێکدەکەون

دەستەی یونیپاس

هەردوو سەرۆک شەڤکەت میرزیۆییێڤی ئۆزبەکستان و قاسم جومرات تۆکاییێڤی کازاخستان لە تاشکێنت دیدارێکیان بەست کە بە ڕێککەوتنی هەردوو وڵات بە دیاریکردنی 2,330 کیلۆمەتری سنور گەیشتە لوتکە.

"ڕێککەوتننامەکە بە تەواوی دانپێدادانی یاسایی نێودەوڵەتی سنوری کازاخستان لە سنورەکانی باشور وەرگرت،" سەرۆک تۆکاییێڤ ڕایگەیاند.

دراوسێکان لە ساڵی 2003 دەستیان بە دانوستانەکان لەسەر دیاریکردنی سنور دەستپێکرد. دیاریکردنی ئاشتیانەی سنوری ئۆزبەکستان و کازاخستان هەنگاوێکی گرنگە، بەوەی کە دیاریکردنی سنوری چارەسەر نەکراو لە ئاسیای ناوەڕاست، پاشماوەی ڕۆژەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، ببووە هۆکاری گرژی.

جگە لە ڕێککەوتننامەی سنور، ئۆزبەکستان و کازاخستان لەسەر ڕێکەوتنی پەیوەندییە هاوپەیمانییەکان هەماهەنگیان کرد. سەرۆک میرزیۆییێڤ جەختی کردەوە لەوەی کە ڕێککەوتنی پەیوەندییە هاوپەیمانییەکان نوێنەرایەتی ئاستی بەرزی هەماهەنگی نێوان دەوڵەتان دەکات. سەرۆک تۆکاییێڤ هاوڕا بوو.

"وا بیردەکەمەوە کە ناوبردنی ڕێککەوتننامەکە بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی زۆر گرنگ، زیادەڕۆیی نییە،" ناوبراو ڕایگەیاند. "ئەم بەڵگەنامە دانپێدانراوە بواری نوێمان بۆ دەکاتەوە و ڕەنگدانەوەی ویستی هەردوو وڵاتە بۆ هاوبەشیی قوڵتر."

هەروەها دیدارەکە دەرەنجامی 15 ڕێککەوتننامەی تری لەخۆگرت، کە پێکهاتووە لەوانەی بابەتی پاراستنی ژینگە، گەشتی تێپەڕاندنی سنور، پەرەپێدانی بازرگانیی ئەلیکترۆنی، قوڵکردنەوەی هەماهەنگی نێوان ژمارەیەک ناوچەی هەردوو وڵات و دروستکردنی ناوەندی نێودەوڵەتیی ئاسیای ناوەڕاست بۆ هەماهەنگیی پیشەسازی.

هەردوو لایەن لەسەر گەشەپێدانی زیاتری ژێرخانی گواستنەوە بۆ بەیەکبەستنەوەی هەردوو وڵات ڕێککەوتن. ئەوان لەم کاتەدا هاوبەشی بەهێزی ئابوورین: بازرگانی و وەبەرهێنانی ساڵانە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بە 8 ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنرێت. سەرچاوەکان: Gazeta.uz ،Tengrinews.kz



سەرۆکان شەڤکەت میرزیۆییێڤی ئۆزبەکستان و قاسم جۆمارت تۆکاییێڤی کازاخستان ئامادەی کۆنفرانسێک دەبن.



# کوەیت دەروازەیەک بۆ بۆشایی ئاسمان دەکاتەوە

دەستەی یونیپاس

**لەژێر** دروشمی "دەروازەی کوەیت بە ڕووی بۆشایی ئاسمان،" زانکۆی کوەیت ئاهەنگی بەگەڕخستنی کوەیت سات 1، یەکەم سەتەلایتی وڵاتەکەی گێڕا. لە مانگی کانوونی دووەمی 2023، کوەیت سات 1 بەسەر فاڵکۆن 9ـی سپەیس ئێکس لە وێستگەی هێزی بۆشایی ئاسمانی کەیپ کاناڤێراڵ لە فلۆریدا لە ئەمریکا، ڕەوانەی خولگەی زەوی کرا.

> **مووشەکی فاڵکۆن 9ی سپەیس ئێکس لە وێستگەی هێزی بۆشایی ئاسمانی کەیپ کاناڤێراڵ بارێکی هەڵگرووە کە کوەیت سات 1 لەخۆدەگرێت.** ڕۆیتەرز

سەتەلایتە وزەپێدراوەکە بە وزەی تیشکی خۆر گەیشتە خولگەکەی خۆی، لە مووشەکەکە جیابووەوە و باڵەکانی کردەوە. چەند کاتژمێرێک دواتر، کوەیت سات 1 یەکەم پەیامی خۆی گواستەوە بۆ زانکۆی کوەیت.

سەتەلایتەکە بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە و وێنەی وردەکاریی بەرز بۆ شیکردنەوە بۆ زانکۆکە دابین دەکات. ئەوان یارمەتی زانایانی دەریایی لە توێژینەوەی گۆڕانکارییەکان لە کەنداوی عەرەبی دەدەن، لەوانە زیادبوونی قەوزەکان، بێڕەنگبوونی ئاو و کاریگەریی دەردانی نەوت لەسەر ژیانی ئاوی.

بەڕێوبەری پرۆژەی کوەیت سات 1، د. یاسر عەبدول ڕەحیم ڕایگەیاند کە بەگەڕخستنەکە خەونێک بوو لە دوای چەندین ساڵ لە ئامادەکاریی ماندووکەر بەدیهات. "بەڵێ، ئێمە چوار ساڵ لەمەوبەر دەستمان پێکرد، بەڵام چەمکەکە 10 لەمەوبەر بۆ گەیشتن بەم ساتەوەختە خرابووە بەر باس،" ناوبراو ڕایگەیاند.

سەرپەرشتیکراوە لە لایەن دامەزراوەی کوەیت بۆ توێژینەوەی زانستی، پرۆژە 1 ملیۆن دۆلارییەکە نزیکەی 67 کەسی لە پسپۆڕیی جیاواز کە زۆربەیان ژنن دامەزراند.

پێشکەوتنی زانستی بۆشایی ئاسمان و دەستخستنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدا لە جیهانی عەرەبیدا لە ساڵی 1985 بە دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی پەیوەندیی سەتەلایتی لە ڕیاز، سعودیە، دەستپێکرد.

ناسراوە بە عەرەبسات، ئامانجەکەی بریتی بوو لە گەیاندنی خزمەتگوزاری پەیوەندیی گشتی و تایبەتی بنچینە سەتەلایتی بۆ 21 وڵاتی عەرەبی ئەندام لە ڕێگەی بەردەوامبوون لە بەگەڕخستنی سەتەلایتە وەستاکان لە ڕووی جوگرافییەوە.

لە لایەکی ترەوە، ئیماڕات خاوەنی نزیکەی 13 سەتەلایتی پەیوەندییە لە خولگەی زەویدا و وەکو بەشێک لە وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای بۆشایی ئاسمان دوو کەشتی ئاسمانی ناردووەتە دەرەوەی زەوی.

سەرچاوەکان: ئەلڕایە، تەلەفیزیۆنی ئەلقەباس، BBC ،CNN، تایمس ئێرۆسپەیس



## میسرِ نۆرەی خۆی لە سەرکردایەتیکردنی هێزی ئەرکی یەکخراوی 153 وەردەگرێت

دەستەی یونیپاس

بە دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی میسرِ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە دەریاییەکان و پاراستنی رێڕەوە کەشتیوانییە نێودەوڵەتییەکان، هیزی دەریایی میسرِ فەرماندەیی کاتیی هێزی ئەرکی یەکخراوی 153 (CTF 153) لە مانگی کانوونی دووەمی 2022 هەتا مانگی حوزەیرانی 2023 وەرگرت.

عەقیدی هێزی دەریایی ئەمریکا رۆبێرت فرانسیس، کە یارمەتیدەر بوو لە دامەزراندنی CTF 153، لە مانگی نیسانی 2022، لە ریورەسمێکدا لە بەحرەین، کە تێیدا ئەو ستایشی هێزی دەریایی میسرِ کرد، فەرماندەیی هێزەکەی رادەستی عەمیدی هێزی دەریایی میسری محەمەد عەبولستار کرد.

"من بێ پایان شانازی بە هەوڵەکانمان دەکەم کە لە سەرەتای دروستکردنی ئەم هێزی ئەرکە نوێیە لە تەنها هەشت مانگی پێشوو داوامانە ... ئەمە شانازیەکی گەورەیە کە فەرماندەییەکە رادەستی هاوبەشێکی دەریایی زۆر بەهێزی ناوچەیی وەکو میسرِ بکەم. دەزانم هێزە ئەرکییەکە وەکو یەک تیمی داینامیکی بەردەوام دەبێت لە بە ئەنجام گەیاندن، وە بۆ دەستکەوتەکانیان هەمیشە لە دوورەوە ئاهەنگ دەگێرم،" عەقید فرانسیس رایگەیاند.

وەکو یەکێک لە چوار هێزە دەریاییە یەکخراوەکانمان (CMF)، CTF 153 بۆ پەرەپێدانی ئاسایشی دەریایی نێودەوڵەتی و پاراستنی رێرەوە ئاوییە جیهانییەکان لە دەریای سور، باب ئەلمەندەب و کەنداوی عەدەن دامەزرێنرا.

"میسرِ لەسەر بنەمای رۆڵی بەرچاوی و هەماهەنگیی نزیکی لەگەڵ هێزە دەریاییەکانی وڵاتانی ئەندام بۆ دووپاتکردنەوەی بەرپرسیارییەتیە هاوبەشەکانمان لە پەرەپێدانی ئاسایش لە هەموو بوارەکان و رێڕەوە دەریاییەکان و دابینکردنی راڕەوت سەلامەت بۆ کەشتیەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەموو شێوەکانی تاوانی رێکخراوی ئامانجگیری بازرگانی جیهانی و بەرژەوەندی وڵاتە هاوبەشەکان، فەرماندەیی هێزەکەی وەرگرت،" وتەبێژی هێزە چەکدارەکانی میسرِ عەقید غەریب عەبدول عەزیز غەریب رایگەیاند.

لەگەڵ ئەوەی دەکەونە بنکەی هێزی دەریایی پشتیوانی ئەمریکی بەحرەینی، CMF نوێنەرایەتی هاوبەشییەکی فرەنەتەوەیی دەکات، کە ئامانجەکەی بریتییە لە تێکشکاندنی تیرۆریزم، هاندانی هەماهەنگیی ناوچەیی، رێگریکردن لە چەتەی دەریایی و برەودان بە ئاسایش لەسەر نزیکەی 3.2 ملیۆن میل دووجا لە ناوچە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

بە جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە سەرانسەری جیهان، لە مانگی نیسانی 2021، میسرِ پەیوەندی بە CMFـەوە کرد و بوو 34ـمین وڵاتی ئەندام.

سەرچاوەکان: وەزارەتی بەرگریی میسر، فەرماندەیی ناوەندی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا، سکای نیوز

عەمیدی هێزی دەریایی میسری محەمەد عەبولستار، راست، لە میانی رێورەسمێک لە بەحرەین، فەرماندەیی هێزی ئەرکی یەکخراوی 153ی تازە دامەزێنراو وەردەگرێت. فەرماندەیی ناوەندیی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا

## ئەمریکا ویستی قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کازاخستاندا هەیە

دەستەی یونیپاس

**بە** بنیاتانی چەند ساڵەی هەماهەنگیی سەربازی، ئەمریکا و کازاخستان دەتوانن هەماهەنگییەکانیان لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسی فراوانتر بکەن.

دێریک چۆلێت، راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ راگەیاندنی کازاخستان باسی لە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کرد.

"کازاخستان بۆ ماوەیەکی درێژە لە پرسەکانی رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی، چەکداماڵین، پاراستنی ئاشتی و گەڕاندنەوەی کازاخییەکان لە سوریا هاوبەشمان بووە،" چۆلێت رایگەیاند.

ناوبراو ئەوەشی رایگەیاند: "ئێمە دەبینین هەماهەنگییەکەمان لە دەرەوەی هەماهەنگی سەربازیدا گەشەدەکات. ئەمە بریتییە لە هەماهەنگیی دیپلۆماسی، ئابووری و سیاسی."

چۆلێت خواستی ئەمریکای لە پەرەپێدانی بەرنامەی C5+1 دەربڕی، کە پێنج دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاست و ئەمریکا لەخۆدەگرێت و وەکو سەکۆیەکی ئاسایشی و دیپلۆماسی لە نێوانیاندا خزمەت دەکات.

وەکو هەنگاوی داهاتوو بە ئاراستەی قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان کازاخستان و ئەمریکا، یاریدەدەری وەزیر بۆ کاروباری ئاسیای ناوەڕاست و باشوری ئاسیا دۆناڵد لو لە واشنتۆنی پایتەخت بۆ گفتوگۆی ساڵانەی هاوبەشیی ستراتیژیی پەرەپێدراوی ئەمریکا و کازاخستان، پێشوازی لە شاندێکی دیپلۆماسیی کازاخی بە سەرکردایەتی جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوەی کازاخستان کایرات عومەرۆڤ کرد.

لو پاڵپشتیی بەردەوامی ئەمریکای بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کازاخستان و چاکسازییە ناوخۆییەکانی سەرۆک قاسم جۆمارت تۆکاییێڤ دەربڕی. هەردوولا جەختیان لەسەر پابەندبوونی خۆیان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی ساڵانەی دوولایەنە و بەردەوامیدان بە سەردانە دیپلۆماسییەکان لەسەر ئاستی باڵا لە 2023، کردەوە.

سەرچاوەکان: Kaztag.kz، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

# هێزە چەکدارەکانی سعودیە توانای هەماهەنگیکردن تاقی دەکەنەوە

دەستەی یونیپاس

بۆ تاقیکردنەوەی هەماهەنگیی هاوبەش لەگەڵ پێکهاتە پەوەندیدارەکانی تری سعودیە، لە مانگی کانوونی دووەمی 2023، هێزی دەریایی شاهانەی سعودیە لە بنکەی دەریایی پاشا عەبولعەزیز لە جوبەیل، مەشقێکی پێنج ڕۆژی دەریایی تەسەدیی 5 ئەنجامدا.

کارمەندانی کەشتیگەلی دەریایی ڕۆژئاوای سعودیە، پاسەوانی سنوری پاریزگاکانی ڕۆئاوا و کۆمپانیای نەوتی سعودی ئارامکۆ لەسەر کەنداوی عەرەبی بەشداریان لە مەشقە هاوبەشەکەدا کرد.

مەشقەکە پێکهاتبوو لە وانە، سیناریۆی گریمانەیی، ڕاهێنان لەسەر پاککردنەوەی مینی دەریایی، بەرگریکردن لە دامەزراوە گرنگەکان و گێڵگە نەوتیەکان، وە بەڕێوەبردنی بەلەمی بێ سەرنشینی سەر ڕووی ئاو و درۆنەکان.

"ئامانجی مەشقەکە بریتی بوو لە زیادکردنی ئامادەیی بەشداربووان، بەهێزکردنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی، باشترکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری، پەرەپێدان بە سەرکردایەتی و پەیوەندیی هاوبەش، برەودان بە ئاسایش و سەلامەتی دامەزراوە گرنگەکان و گیڵگە نەوتییەکان، وە پاراستنی ئازادی جوڵەکردن لە کەنداوی عەرەبی،" سەرپەرشتیاری مەشقەکە عەمیدی هێزی دەریایی، خالید ئەلشەمەری ڕایگەیاند.

لە جیهانی بەرگریی ئاسمانیدا، سعودیە بە هەمان شێوە لە مانگی کانونی یەکەمی 2022، لە بنکەی ئاسمانی شازادە سوڵتان لە ئەلخەرج میوانداری مەشقی سەربازیی نێودەوڵەتیی دوو هەفتەیی تەویقی 3 کرد. مەشقە سێ قۆناغییەکە سیناریۆ و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی جیاوازی لەخۆگرتبوو، کە ئاڵنگارییەکانی ئێستا و ئەگەرییەکانی بەردەم هێزە ئاسمانییەکانی نمایش دەکرد.

ئامانجی 'تەویقی 3' بریتی بوو لە پەرەسەندنی هەماهەنگی، ئاڵوگۆڕی شارەزایی، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاهێنان لە ڕووی پلاندان و جێبەجێکردنی ئەکە تەکتیکییەکانی هەڵفڕین و ئاقیکردنەوەی ئامادەیی ئۆپەراسیۆنی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە تەکتیکییەکانی خستنە خوارە.

هێزە ئاسمانییەکان لە 9 وڵاتەوە بەشدارییان لە مەشقەکەدا کرد: سعودیە، بەحرەین، یۆنان، ئیتاڵیا، ئەردەن، مەغریب، ئیماڕات، بەڕیتانیا و ئەمریکا.

"سەرەتا پێم خۆشە بەناوی فەرماندەی هێزی ئاسمانییەوە بەخێرهاتنی براکانمان لە وڵاتانی عەرەبی و دۆستەوە بکەم، کە بەشدارن لە مانۆڕی 'تەویق'،" لیوای دەستەی ئەرکان تەلال بن سولەیمان ئەغامدی، جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی شاهانەی سعودیە ڕایگەیاند. "بنکەی ئاسمانی شازادە سوڵتان لە کەرتی ناوەندی، هەموو تواناکانی بۆ میوانداریکردنی بەشداربووان و یارمەتیدانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی مەشقەکە، بەکارهێناوە."

سەرچاوەکان: دەزگای ڕۆژنامەوانیی سعودیە، یوتیوب، arabnews.com

**فڕۆکەی جەنگیی هەڵۆی F-15C لە بنکەی ئاسمانی شازادە سوڵتان لە ئەلخەرج، سعودیە، سوتەمەنی وەردەگرێت.** ڕۆیتەرز





# هاوبەشپێکردنی زانیاری

گۆڤاری یونیپاس بەخۆڕایی بۆ ئەو لایەنانە دابین دەکرێت کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

## ببەخشە بە یونیپاس

هەر بیرۆکەی چیرۆکێك، نامە بۆ سەرنووسەر، وتاری هزری، وێنە و ناوەڕۆکێکی تر بنێرە بۆ دەستەی سەرنووسەرانی یونیپاس لە CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

## ئامۆژگاریی پێشکەشکردن

- وا پەسەندترە بابەتی پێشکەشکراو بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت. یونیپاس خۆی وەرگێڕان دابیندەکات.
- نابێت وتار لە 1,500 وشە زیاتربێت.
- تکایە با هەر پێشکەش کردنیك ژیاننامەیەکی کورت و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لەخۆبگرێت.
- پێویستە قەبارەی فایلی وێنە بە لایەنی کەمەوە 1 مێگابایت بێت.

## مافەکان

نووسەرەکان خاوەنی هەموو مافەکانی کەرەستە ڕەسەنەکانی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان هەیە بە وتارەکاندا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شێواز و پانتاییان تێدا بەرجەستە ببێت. پێشکەشکردنی وتار زامنی بڵاوکردنەوەی ناکات. بە بەشداریکردن لە یونیپاس، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕازیت بەو مەرجانە.

بۆ بەشداریکردنی **بێبەرامبەر** ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بۆ CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

یاخود نامەمان بۆ بنێرە بۆ:
Unipath
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

تکایە با ئەمە ناوی خۆت، پیشەکەت، ناونیشان و پلەکەت، ناونیشانی پۆستە و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت لەخۆبگرێت.

HTTPS://UNIPATH-MAGAZINE.COM/KU